دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٣٠
شەممە، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٤
٤ی فێوریەی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران دەچێتە ئەنجومەنی ئاسایش

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەرییەکان کە لە ڤییەنەوە گەیشتوون، لەکۆبوونەوەی رۆژی ١٥ی ڕێبەندانی شووڕای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیدا، ٢٧ وڵات لە سەرجەمی ٣٥ وڵاتی ئەندامی ئەو شووڕایە دەنگی رەزامەندییان دا بە بڕیارنامەی شووڕا لەبارەی ناردنی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. ٥ وڵات دژی بڕیارنامەکەو ٥ وڵاتیش وەك بێلایەن دەنگیان دا. بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم دەنگدانە، نوێنەری بەرزی ئێران لە بنکەی ئاژانس دا گوتی یەکەم ئاکامی ئەم بڕیارنامەیە ئەوە دەبێ کە ئێران پیتاندنی ئورانیۆم بەتەواوی دەست پێدەکاتەوە.

# ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست جارێکی دیکە پێ لەسەر پشتیوانیی خۆی لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەگرێتەوە

## بەشداریی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەکۆبووەوەی ساڵانەی ئەنترناسیۆنال سوسیالیست دا

لەژێر دروشی "ئاشتی، دێموکراسیو هاودەردی بۆ هەموو خەڵکی جیهان لەدەرەوەی سنوورە کولتوورییەکان" کۆبوونەوەی ساڵانەی شووڕای ئەنتێرناسیونال سوسیالیست لە رۆژەکانی ٣٠ بۆ ٣١ی ژانویەی ٢٠٠٦ لە ئاتێن پایتەختی یونان بەڕێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا کە نوێنەری دەیان حیزبو ڕێکخراوی سەر بە ئەنتێرناسیونال سوسیالیست بەشدارییان کردبوو، وێڕای هەڵبژاردنی جۆرج.ئا.پاپاندرێۆ سەرۆکی حیزبی سوسیالیستی یونان (پاسۆك) بۆ سەرۆکایەتیی ئەنتێرناسیونال ـ سەرۆکی پێشووی سوسیالیست ئەنتێرناسیۆنال، بەڕێز ئانتۆنیۆ گوتێرێس بەهۆی دیاریکرانی بەسەرۆکی کۆمیسیاریاری بەرزی پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNCHR) دەستی لەکار کێشایەوە، رەهەندە جیاجیاکانی ئەرکو ئەولەویەتەکانی پێوەندیدار بە گوتاری "ئاشتی، دێموکراسیو هاودەردی بۆ هەموو خەڵکی جیهان لە دەرەوەی سنوورە کولتوورییەکان" لەلایەن چەندین کەسایەتیی بەشداربوو لە کۆبوونەوەدا خرانە بەرباس.

بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانس بریتی بوو لە باسو گفتگۆ لەسەر رۆژەڤی ناوچەکانی ئەمریکای لاتین، ئەفریقاو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەپێوەندی لەگەڵ پرسی ئاشتیو دێموکراسیدا. لە بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کاك خوسرەو عەبدوڵایی بەرپرسی کاروباری نێونەتەوەیی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە وتارێك دا رۆژەڤی کوردستانی ئێران، سیاسەتی ماجەراجوویانەی سەرۆك کۆماری رێژیمی ئیسلامیی خستە بەرباسو داوای لە ئەنتێرناسیونال سوسیالیستو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کرد لە بەرامبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێرانو بەتایبەت لە کوردستان دا هەڵوێستی جیددی بگرن.

شایانی ئاماژە پێکردنە، کە راپۆرتی سکرتێری گشتیی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست هەڵوێستەکانی ئەحمەدی نژاد لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلو هەروەها سیاسەتی توندەڕوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی مافی مرۆڤ لە ئێران، نەمازە لە کوردستان بەتوندی مەحکووم کرد. لەو راپۆرتەدا پشتیوانیی ئەنتێرناسیونال سوسیالیست بۆ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێناوی "بەهاکانی مرۆڤایەتی"دا دووپات کرایەوە. کوردستان میدیا

کۆیە ـ بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا



بۆ بەرز راگرتنی یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانو پێداگرتنەوەو نیشاندانەوەی وەفاداری بە ئامانجەکانی ئەو دەوڵەتە کوردییە، رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ (٢٢ی ژانویەی ٢٠٠٦ی زایینی) ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ناوچەی کۆیە پێك هات. ئەم ڕێوڕەسمە کە لەو دا ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب، نوێنەرانی ژمارەیەك لە حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستانیو ئێرانی، نوێنەرانی ژمارەیەك لە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم لە شاری کۆیە، ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانیان بەشدار بوون، بە نیشاندانی کورتە فیلمێك سەبارەت بە کۆماری کوردستانو سروودی نەتەوایی ئەی ڕەقیب، دەستی پێکرد. بەدوای ئەوەدا سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز مستەفا هیجری پەیامی ڕێبەرایەتیی حیزبی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ئەم بابەتانە پێشکەش کران: ــ سروودی یادی کۆمار، کۆڕی هونەریی حیزب. ـ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رووناك خاتوونی. ــ سروودی ٢ی ڕێبەندان، کاك فەرهاد ساڵحی. ـ پارچە پەخشانێك ــ مامۆستا بێبەش. ــ پەیامی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عێرفان رەهنموون. ـ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئاوارە جەلالی. ـ سروودی حیزبی دێموکرات، عوسمان راژانی. ڕێوڕەسمەکە بە چەند گۆرانی لە لایەن بێهرووز لوتفیو فەتاح سەبزەوارییەوە کۆتایی پێهات. کوردستان میدیا

### چوار حیزبو ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانیو ئێرانی لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا :

## بەرپرسی قەیرانی پڕ مەترسیی ناوکی، کۆماری ئیسلامییە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی یەکیەتیی فداییەکانی گەلی ئێران، ڕێکخراوی فیداییەکانی گەلی ئێران(زۆرایەتی) و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکی هاوبەش دا کە رۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ بڵاو بۆوە، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە بەرپرسی قەیرانی پر مەترسیی ناوکی، زانی. چونکە لە ژێر ناوی داوای نەتەوەیی بۆ کەڵکوەرگرتن لە وزەی ناوکی، ١٨ ساڵە بە نهێنی خەریکی جێبەجێکردنی مەبەستەکانی خۆیەتی کە هیچ پێوەندییەکیان بە پێداویستییە نەتەوەییەکانی وڵاتەکەمان نیە. ئەم چوار ڕێکخراوە، راشکاوانەو شێلگیرانە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ پیتاندنی ئورانیوم لە کۆماری ئیسلامی دا راگەیاندووەو داواکاری چاوەدێریی بە تەواویی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بە سەر کاروباری ناوکیی ئێران دان. بەیاننامە هاوبەشەکە پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی سزای سیاسیو دیپلوماتیك بە دژی کۆماری ئیسلامی کردووەو داواکار بووە گوشارە نێونەتەوەییەکان دژی ئەم حکوومەتە لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە بچن. چوار ڕێکخراوی ناوبراو داوایان لە دەوڵەتانو خەڵکی جیهانی کردوە پرسی بەڕێوەبردنی مافی مرۆڤ بکەن بە بناغەی سیاسەت و هەڵوێستی خۆیان هەمبەر بە کۆماری ئیسلامیو لە هیچ هەلومەرجێك دا خۆ لە بەرپرسایەتییان دا لەم پێوەندییەدا نەدزنەوە.

## بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەی نهێنی ئاژانسی وزەی ناوکی لەبارەی ئێران

**رادیۆ ئەڵمان DW**، بەشی فارسی: بەگوێرەی زانیارییەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، ئێران خۆی بۆ پیتاندنی ئورانیۆم ئامادە دەکا. لە راپۆرتێکی نهێنی ئاژانسی ناوبراودا کە دراوە بە راگەیەنەکانو هەواڵدەرە نێونەتەوەییەکان، گوتراوە، هەر ئێستا ئێران زۆر بە چڕوپڕی خەریکی تێکۆشان بە مەبەستی ئامادەکردنی کەلوپەلی پیتاندنی ئورانیۆمە.

هێشتا پسپۆرانی ئێران کاری پیتاندنی ئورانیۆمیان دەست پێنەکردوە، بەڵام بەو جۆرە کە بەڵگەنامەی نهێنیی سەر بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی دەری دەخا، ڕێبەریی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەموو ئامادەکارییەکی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە کردوە. لەم بەڵگەنامە نهێنییەدا هەروەها هاتوە کە ئێران فەرمانی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیی دەرکردوە. ئەم راپۆرتە دراوە بەو ٣٥ وڵاتە کە ئەندامی شووڕای حاکمانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیین. **کومیتەی بەرزی بڕیاردانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، راوێژو بڕیاردانی خۆی لەسەر بناغەی ئەم بەڵگەنامە گرنگانە دەست پێکردو شووڕای حاکمان، پەروەندەی ناوکیی ئێرانی رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد.**

## جینایەتی ڕێژیمی پاکستان لە بەلووچستان دا مەحکوومە

بەهۆی هەبوونی وەها نیزامگەلێکی گەندەڵ لە پاکستان دا، هیچکات رووی تەناهی، خۆشگوزەرانیو یەکسانییان نەدیوەو لەباتی ئەوە بەشیان گوللەو ماددە ژەهراوییەکان بەهۆی تاقیکردنەوەی بۆمبە شیمیاییەکانەوە لە خاکی بەلوچستان دا بووەو هەر ساتێك بێبەزەییانە کوشتوبڕو سەرکوت کراونو هەروەها شوێنی نیشتەجێ بوونی خەڵکی هەژاری بۆمبارانو کوشتنی ژنانو منداڵانی گرتۆتەبەر، بەڵام زۆری پێ ناچێ کە بە راپەڕینی ئەم خەڵکە وەڕەزو سەرکوتکراوە، نیزامی پووشینەو دژی خەڵکیی چەوسێنەران دەخرێتە زبڵدانی مێژووەوە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ سەرکوت، بۆمبارانو کوشتوبڕی خەڵکی بێدیفاعو چەوساوەی بەلووچستانی پاکستان، لە لایەن ڕێژیمی نیزامیی ژنراڵ موشەڕەفەوە بە توندی مەحکووم دەکاو داوا لە کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانو بیروڕای گشتی دەکا کە خوازیاری راگرتنی کوشتوبڕو بۆمبارانی خەڵکی بێدەرەتانی بەلووچستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی نیزامیی پاکستانو کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی نیزامی بەلووچستان بن.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ
٢٠٠٦/١/١٧

هەرکات کە حکوومەتە دژی خەڵکییەکان بە شێوەیەکی بەرچاوتەنگانەو شۆڤینیستی بڕواننە وەڵامدانەوە بە کێشەکانی خەڵكو بە فەرمی ناسینی مافەکانی نەتەوەگەلی نیشتەجێی وڵاتەکانیان، وەڵامی داخوازییە رەواکانیان بە سەرکوت، هێرشی نیزامیو بۆمبارانی ژنانو منداڵان بدەنەوە، بە ناچاری ئاگری رقو دوژمنی لە دڵی خەڵکی چەوساوەو مەینەت چێشتوودا هەڵدەگرسێنن.

هەرچەند کە ڕێژیمی هەڵنەبژێردراو، کودیتاییو نیزامیی ژنراڵ موشەڕەف دەستی داوەتە بۆمباران کردنی خەڵکی هەژارو بێدیفاعی بەلووچستان کە

پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب، لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان دا ٢
بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکانی عێراق لە ناوەندی چلەکانی سەدەی بیستەمدا چۆن باسی مەهابادیان دەکرد؟ ٤
ئاڕۆدانەوەیەك لە پێوەندییەکانی سووریە و ئێران ٥
بەبۆنەی شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە ٨
٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا ٩
پەیام بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ١٠
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

# پەیامی بەڕێز كاك مستەفا هیجری، سكرتێری گشتیی حیزب

# لە ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستاندا



**خەڵكی بەشەرەفی كوردستان!**

**كادر، پێشمەرگە، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران!**

**میوانانی بەڕێزی بەشدار لە ڕێوڕەسمی یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی "دەوڵەتی جومهووریی كوردستان"!**

**سڵاوی ڕزگاریو ئازادی!**

هەروەك هەموو لایەك ئاگادارن، شەست ساڵ لەوەپێش لە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆدا، ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، دەوڵەتی جومهووریی كوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا. بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمو ڕێبەرایەتیی حیزب، پێشكەش بە هەموو گەلی كورد لە هەر جێیەك كە هەن، دەكەم. سڵاوو پیرۆزبایی تایبەتیش بۆ شاری مەهاباد، شاری كۆمارو شاری قازی!

بەدوای دەستپێكردنی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە ساڵی ١٣٢٠دا، لەشكری سوور لە باكوورو لەشكری بریتانیاو ئەمریكاش لە باشوورەوە دەستیان بەسەر وڵاتی ئێراندا گرتو ڕێژیمی ڕەزاشا، بەبێ كەمترین بەربەرەكانی، تێك ڕووخا. بە لە ناوچوونی دەسەڵاتی زۆرداری ڕەزا شا، هێندێك ئازادی لە ئێران پەیدا بووو ڕێكخراوە سیاسییەكان پەرەیان گرت. لەم هەلومەرجەدا كە باشووری كوردستانی ئێران لە لایەن ئەمریكاییو بریتانیاییەكانو، بەشی باكووریش تا شاری ورمێ لە ژێر دەسەڵاتی لەشكری سووردا بوو، ناوچەی مەهاباد ناوچەیەكی ئازاد بوو كە هیچكام لەو دەسەڵاتانە تێیدا نیشتەجێ نەبوون.

درێژەی ئەم وەزعەو جێگیربوونی ئازادییە دێموكراتییەكان لە ئێران، هەروەها تێكشكانی ئاڵمانی نازیو فاشیزم زەمینەی بۆ دامەزراندنی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، وەك حیزبێكی پێشڕەوو وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە نوێیە، ڕێك خست. حیزبی دێموكرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا دامەزراو، لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا "دەوڵەتی جومهووریی كوردستان"ی لە شاری مەهاباد، پێك هێنا.

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی كۆماری كوردستان ئەوە بوو كە بەڕێوەبەرییەكی ڕێكخراوو یەكگرتووی وەك حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانی هەبوو. لە مێژووی نەتەوەی كورددا یەكەمجار بوو كە حیزبێكی پێشڕەوو دێموكرات، دەسەڵاتی سیاسیی ناوچەیەكی لە شێوەی جومهووری بە مانای دەسەڵاتی خەڵك بەدەستەوە دەگرت. كۆماری كوردستان وەك حكوومەتێكی مۆدێڕن لە ناوچەیەكی دواكەوتوودا لەسەر بناغەی دێموكراسی، مافی نەتەوەییو دادپەروەری دامەزرا.

حكوومەتێكی مۆدێڕن بەو مانایەی كە ئەگەر لە جووڵانەوەكانی پێشووتردا، دەسەڵاتەكان بەدەست سەرۆك عەشیرەتێك، پیاوێكی ئایینیو یان ملكدارێكەوە بووە، لەو حكوومەتەدا حیزبێكی پێشكەوتوو، كە لە سەرووییەوە سەرۆك كۆماری بیرمەندو هەڵكەوتووی گەل، پێشەوای نەمر قازی محەممەد ڕاوەستابوو، بەڕێوەی دەبرد. یەكێك لە جیاوازییەكانی ئەو دوو شێوە دەسەڵاتدارییە ئەوەیە كە جووڵانەوەكانی ڕابردوو زۆر جاری وا بووە بە شێوەیەكی خێرا پەرەیان سەندوەو ناوچەیەكی بەرینیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام بەلەناوچوونی سەرۆكەكانیان، هەموو شتێك تەواو بووەو دەسەڵاتەكانیان لەبەریەك ترازاون، بەڵام بە ڕووخانی جومهووریی كوردستانو لەسێدارەدانی سەرۆك كۆمارەكەیو باقیی قارەمانەكانی ئەو كۆمارە، نەك هەر جووڵانەوەكە ڕانەوەستاو تێك نەچوو، بەڵكوو جومهووریو بایەخە بەرزو ئینسانییەكانی، بوون بە ڕەمزی بەرخۆدانو دەلیلی ڕێگا پڕهەورازو نشێوەكانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی دووبارەی ئەو دەسكەوتە بەهادارانەی كە كۆمار بە خەڵكی كوردستانی دابوون.

یەكێكی دیكە لە نیشانەكانی مۆدێڕن بوونی كۆمار، ئەنتێرناسیۆنالیست بوونی كۆمار بوو. بە پێچەوانەی زۆربەی دەسەڵاتەكانی ڕابردووی جووڵانەوەكانی كورد، ئەو حكوومەتە نەك هەر كەمینە نەتەوەییو ئایینییەكانی نەدەچەوساندەوەو ئەزییەتو ئازاری نەدەدان، بەڵكوو ئەوان لە ماوەی تەمەنی كۆماردا لە هەموو ئەو مافانە بەهرەمەند بوون كە كوردەكان بوویانن. كۆمار پشتیوانیی زۆر بەهێزی جوولەكەكان، ئەرمەنییەكانو ئەو توركانە بوو كە لە ژێر دەسەڵاتی كۆماردا دەژیان. بێجگە لەوە، پێوەندییەكی باشیشی لەگەڵ توركەكانی دراوسێ بەتایبەت لەگەڵ حكوومەتی میللیی ئازەربایجان دامەزراند.

بوونی ئازادی بە هەموو شێوەكانی لە ماوەی تەمەنی كورتی كۆماردا، لە خاڵە سەرەكییەكانی مۆدێرنبوونی جمهوورییە. ئارچی ڕۆزڤێڵتی ئەمریكایی كە لە سەردەمی كۆماردا بۆ سەردان چووبوو بۆ مەهاباد دەڵێ: "ئینسان لە شتێك سەری سووڕ دەمێنێ، ئەویش ئەو فەزا ئازادەیە كە لە مەهاباد هەیە".

پێكهێنانی یەكیەتیی ژنانو یەكیەتیی لاوان لە پێكهاتەیەكی عەشیرەتیی حەشیمەتی كوردستان لە سەردەمی كۆماردا كە پتر لە ٩٥٪ی دانیشتوانی نەخوێندەوار بوونو، زۆر بەرنامەی دیكە نیشانەی بیری نوێو هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی خەڵك بۆ گەیشتن بە داواڕۆژێكی گەشترو پڕ لە بەختەوەری بوو. هەر بۆیەشە كە دەبینین كوردەكانی بەشەكانی دیكەش بە هەزار ئاواتەوە ڕوو دەكەنە مەهابادو بە دڵەوە خزمەت بە كۆمار دەكەن. نموونەی باشی ئەو هاوكارییە بارزانییەكانن، ئەوان ڕێكوپێكترین هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوون كە تا دواڕۆژەكان لە جەبهەی سەقز، كە یەكێك لە جەبهە گرنگەكانی هێزی پێشمەرگە لە دژی لەشكری ڕێژیمی شا بوو، مانەوەو قارەمانەتیی زۆریان نواند. دیارە كۆماریش نەك ئەوانی بە میوان دانەدەنا، بەڵكوو بە خاوەنماڵی دەزانین.

**خۆشكو برایانی خۆشەویست!**

ئەگەر دوای شێست ساڵ، یادی كۆمار لە لایەن خەڵكی كورد لە كوردستانی ئێرانو باقیی بەشەكانەوە، بەرز ڕادەگیرێ، ئەو پرنسیپە پێشكەوتووو سەردەمیانە بوون كە كۆماریان لە سەر دامەزرا كە گرنگترینیان مافی نەتەوایەتیی گەلی كورد بوو لە شكڵی خودموختاریدا. لەو شێوە دەسەڵاتدارییەدا، گەلی كوردو باقیی نەتەوەكانی ئێرانی، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیان دەبێو لە بەڕێوەبردنی ئێرانیش بەگشتی بە گوێرەی حەشیمەتی خۆیانو بەپێی یاسا بەشدار دەبن، ئەو داخوازییە دەیان ساڵ دوای دامەزرانی كۆماریش، ویستی هەرە سەرەكیی جووڵانەوەكانی كوردی لە بەشە جیاجیاكان پێك دێناو تەنانەت حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانیش تا كۆنگرەی سێزدەهەمی خۆی كە لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠٠٤دا بەڕێوەچوو، دروشمە سەرەكییەكەی "دێموكراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ كوردستان" بووو، لەو كۆنگرەیەدا بەدوای لێكدانەوەی ئاڵوگۆڕەكانی جیهانو ناوچە، فیدراڵیزمی كردە دروشمی خۆی.

بەكورتی هەموو ئەو بەهایانەی وەك دێموكراتیزاسیۆن، ئازادی، مافی مرۆڤـو دادپەروەری كە لەم سەردەمەدا سیمای جیهانیان گۆڕیوەو وەك پرۆسەیەك بە خێرایی بەرەو ئەوە دەچێ كە دنیایەكی نوێ بخوڵقێنێ، شێست ساڵ لەوەپێش لە جومهووریی كوردستاندا بەدی دەكرێن.

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێشێ كە كۆمار سەرەڕای ئەوە كە خاوەنی ئەو هەموو بایەخە ئینسانیو پێشكەوتوانە بوو، بۆچی ڕووخا؟ وەڵام بۆ ئەم پرسیارە زۆرن، بەڵام ڕەنگە گرنگترینیان لێكدانەوەی ئاستی نێودەوڵەتی، ناوچەییو نێوخۆیی لە سەردەمی كۆماردا بێ كە لێرەدا بە كورتی ئیشارەیان پێدەكەین:

بەدوای تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی، ئێمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕووبەڕووی سیستمێك بووینەوە كە دەیهەویست لە چوارچێوەی دوو گوتاری زاڵ، واتە سۆسیالیزمو سەرمایەداریدا، قەوارەیەك پێك بێنێ كە گەمەی سیاسیو هەموو هەڵسوكەوتەكانی جیهان لە چوارچێوەی ئەو دوو گوتارەدا پێناسە بكرێ. یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەم دوو گوتارە ئەوە بوو كە هەموو هەوڵێك كە بۆ یارمەتیدان بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكان دەدرا بۆ ئەوە بوو كە جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان ئەو دوو گوتارەدا پێك بێ. ئەكتەرەكانی كاریگەر لە سەر ئەم هاوسەنگییە، ئامادە نەبوون كە بە هیچ شێوەیەك خەرج بۆ بەهاگەلێك وەكو ئازادیو دێموكراسی بدەن، واتە كەڵك وەرگرتن لە ئازادیو دێموكراسی بەهۆی هەركام لەم لایەنانەوە تەنیا بۆ بەرتەسككردنەوەی پانتایی چالاكیو بەرژەوەندییەكانی لایەنی دیكە بوو. لێرەدا ئازادیو دێموكراسی تەنیا لە ئاستی دروشمدا هاندەری بزووتنەوەكان بوونو لە ئاستی پراكتیكدا هیچ هێزێك ئامادە نەبوو خەرجێك بۆ جێبەجێكردنی ئەم بەهایانە بكا. لە هەمانكاتدا سیستەمی نێودەوڵەتی لایەنگریی لە قەوارەیەك دەكرد كە بە شێوەی ڕەواڵەتی بەناوی دەوڵەت نوێنەرایەتیی هەموو كارەكانی دەكرد. ئەم ئەكتەرە لە جیهانی سێیەمدا بە هیچ شێوەیەك پیشاندەری هەلومەرجی ئەو كۆمەڵگایانە نەبوو و ئازادیو دێموكراسی هەر بە پێناسەی دەوڵەتەوە ڕیزی لێدەگیرا.

بەم چەشنە دەبینین كە كەشوهەوا بۆ ڕوانگەی كۆمار، سەبارەت بە سیستەمی جیهانی، تەبا نەبووو بەهاكانی كۆمار لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی كێشەیەكی ناوەڕۆكییان هەبوو. ئازادیو دێموكراسی لەو سەردەمەدا تەنیا لە چوارچێوەی هاوپەیمانیو هەروەها بۆ دژایەتیكردن لە بەرامبەر لایەنە بەرژەوەندیخوازەكاندا مانای پەیدا دەكرد. واتە هاوپەیمانانی سەرمایەداری خۆیان بە ئازادیخواز دادەنا تا كاتێك كە دەیانتوانی ئیمتیازێك لە جەمسەری سۆسیالیستی وەربگرنو لە بەرامبەردا لایەنی سۆسیالیستی تا كاتێك پشتیوانی لە گەلە چەوساوەكان دەكرد كە پانتایی چالاكیو بەرژەوەندی سەرمایەداری دەكەوتە مەترسییەوەو بەرژەوەندییەكانی یەكیەتیی سۆڤیەت بەدی دەهات.

لە ئاستی ناوچەییدا، كۆمار لە جوگرافیایەكدا سەری هەڵدا كە بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێناسە دەكرا. ئەم ناوچەیە كە پاش شەڕی یەكەمی جیهانی قەوارەو پێكهاتەكەی لە سەر بنەمای دەوڵەت ـ نەتەوە ساز كرابوو، لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی درێژەی بەم ڕەوتە داو لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتی پاش شەڕ، هەموو گەمە سیاسییەكان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەوڵەتانە بەڕێوەدەچوونو، دەوڵەتەكانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست توانییان بوونی خۆیان بەتەواوی بسەلمێننو ڕۆژبەڕۆژ درێژە بە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بدەن. هەركام لەو دەوڵەتانە خۆیان بە لایەنی ڕۆژئاوا یان یەكیەتیی سۆڤیەتەوە گرێ دەداو بە سازكردنی ئەم چەشنە هاوپەیمانییە، هەموو هەوڵێكیان بۆ ئازادیو دێموكراسی سەركوت دەكرد. ئێران، توركیە، سوریەو عێراق نموونەی بەرچاوی ئەم دەوڵەتانەن.

لە دەرەوەی ئەم ناوچەیەشدا گوتارێك نەبوو كە پێداچوونەوە بەم هەلومەرجەدا بكا یان هەڵی بوەشێنێتەوە. بەكورتی دەتوانین بڵێین كە ئازادیو دێموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتەواوی نامۆ بوون.

كە دێینە سەر باسی ئاستی نێوخۆیی، لێرەدا مەبەستمان ئەو دەوڵەتانەیە كە كوردستانیان بە سەردا دابەش كراوە. قەوارەی سیاسیی ئەو وڵاتانە تەنیا سەرچاوەی لە بەشێك لە پێكهاتەی حەشیمەتی ئەو وڵاتانە لەخۆ دەگرت، بۆ نموونە توركیە سەمبۆلی تورك، ئێران سەمبۆلی فارسو عێراق سەمبۆلی عەرەب بوون. پێكهاتەی ئەو وڵاتانە لە چوارچێوەیەكی یەكدەنگیدا دەسووڕایەوەو تەنیا وەڵامدەری بەرژەوەندیو پێداویستییەكانی بەشێك لە كۆمەڵگا بووو بەهیچ شێوەیەك قەوارەی سیاسیی ئەو وڵاتانە نوێنەرایەتیی تەواوی لایەنەكانی ناو كۆمەڵگا نەبوو لەو وڵاتانەدا، دیالۆگو پلۆرالیزم بەهاو نرخێكیان نەبوو. لە قەوارەیەكدا كە عەرەب، فارسو تورك هەموو شتێكیان بەناوی یەكگرتوویی خاكی دەوڵەتەكانیانەوە سەركوت دەكرد، ئازادیو دێموكراسی تەنیا لە شوێنێكی بچووك وەكو كوردستان چۆن دەیتوانی دەنگ هەڵبڕێ؟

سەرجەمی ئەو هۆكارانەو دواكەوتوویی گەلی كورد لەو سەردەمەدا ـ كە بۆخۆی پێویستی بە باسو لێكدانەوەیەكی تێروتەسەل هەیە ـ دەستیان دایە دەست یەكو كۆماری كوردستانیان ڕووخاند. لە ڕاستیدا هێرشی لەشكری شا لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ دا بۆ سەر مەهابادو ڕووخاندنی كۆمار، بۆخۆی ئاكامی ئەو هەلومەرجە سیاسییە نێوخۆییو دەرەكییە بوو كە بە دوور لە ئیرادەی گەلی كوردو خەڵكی مەهاباد، پێك هاتبووو لە ڕاستای دژ بە بەردەوامیی كۆماردا دەچۆە پێشێ.

بەو حاڵەش ئەگەر دامەزرانی كۆمار، هیوایەكی گەورەی بە گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانو هەموو بەشەكانی دیكەدا بەخشیو ناسنامەی كوردی زیندوو كردەوە، ڕووخانی ئەو كۆمارە هەرچەند بۆ ماوەیەك خەڵكی تاساندو ئەوانی لە ماتەمی لەدەستچوونی كۆمارە ساواكەیانو زۆربەی كەسایەتییە ناودارەكانی كۆمار ـ لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا ـ تاساند، بەڵام حیزبی بنیاتنەری كۆمار، حیزبی دێموكراتی كوردستان، بە چۆكدا نەهاتو لە ماوەی ئەو شەش دەیەدا لە نێوان دەیان كۆسپو تەگەرەی دوژمنانو ناحەزانی خۆیدا بە دانی هەزاران قوربانیی دیكە لە باشترین ڕۆڵەكانی خۆی، هەروا سەربڵیند لە بەرانبەر مێژووو گەلەكەی خۆیدا ڕاوەستاو تێكۆشا جارێكی دیكە كۆمارێكی فیدراڵ بۆ گەلی كورد كە تامەزرۆی ڕزگارییە بە هاوكاریو هاودەنگیی هەموو هێزو لایەنە ڕەسەنەكانی كورد لە كوردستانی ئێران لەسەر بەهاو پرنسیپەكانی "جومهووریی كوردستان" پێك بێنێ.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

ڕەوتی ڕووداوەكانو ئاڵوگۆڕەكان لە دامەزرانی كۆمارەوە تا ئێستا، لە ئێرانو ناوچەدا، بەرەو ئاقاری جیاواز ڕۆیشتون، ئەگەر لە عێراقی دراوسێی ئێران، دەسەڵاتی بەعس ڕووخاوەو لەوێدا خۆشكو برا كوردەكانمان بە بەشێك لە مافی نەتەوایەتیی خۆیان لە شێوەی فیدراڵی شاد بوونو، لە باقیی حكوومەتەكانی ناوچەشدا وەك توركیە دەلاقەیەك بەرەو ڕووی ئازادییەكانو بەتایبەت مافی كورد كراوەتەوە، لە وڵاتی ئێمە ئێراندا دەسەڵاتی تاقمێكی دواكەوتوو، كە ئایینییان لە خزمەت بەرژەوەندییەكانی خۆیان ناوەو ناویان ناوە كۆماری ئیسلامیی ئێران، جێگای ڕێژیمی ملهوڕی پاشایەتیی گرتۆتەوەو وڵاتی بەرەو دواوە گەڕاندۆتەوە، لەو حكوومەتەدا كە بەپێچەوانەی ناوەكەی نە كۆمارییەو نە ئیسلامییەو نە پێوەندیی بە خەڵكی ئێرانەوە هەیە، باسێك بە ناوی ئازادی، دێموكراسیو مافی نەتەوایەتی لە ئارادا نیە. ئەوان نەك هەر مافێك بە خەڵكی ئێران ڕەوا نابینن، بەڵكوو باس لە سڕینەوەی نەتەوەیەك وەك ئیسرائیلییەكان لە سەر گۆی زەوی دەكەن، پشتیوانی لە تیرۆریزم دەكەنو دژی ئاشتیو ئارامی لە ناوچەدان.

ئێمە لەو ڕۆژە مێژووییەدا، جارێكی دیكە دووپاتی دەكەینەوە كە گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانو حیزبی بنیاتنەری كۆماری كوردستان لە بەرەی دژی تیرۆردان، لایەنگری ئاشتیو پێكەوەژیانی هاوچەرخانە لەگەڵ دراوسێیەكانیانو پابەند بە هەموو ئەو بایەخە ئینسانییانەن كە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان دانی پێدا ناون.

ئێمە لەو باوەڕەداین كە یەكگرتوویی هێزە دێموكراتەكانی هەموو نەتەوەكانی ئێرانیو كوردستانی لە دژی ڕێژیمی ئێران لەم هەلومەرجەدا ئەركێكی بە پەلەی هەموو ئێرانییەكی نیشتمانپەروەری بێزار لە دەسەڵاتی حاكم بە سەر ئەو وڵاتە دایە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لە پێشەوەی هاوكارییەكانین و پێكهاتنی كۆنگرەی نەتەوەكانی ئێرانی فیدراڵ كە چەندین هێزی نەتەوەكانی ئێرانی وەكوو عەرەب، بەلووچ، توركمەنو كورد لە دەوری خۆی كۆ دەكاتەوە، هەموو نیشانەی ئەو هاوكارییانەن.

لە یادی شێستەمین ساڵی دامەزرانی جومهووریی كوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاكی پێشەوای نەمر، قازی محەممەد، سەرۆك كۆمارو هەموو ئەو ڕۆڵە بەوەفایانەی لە تەنیشت ئەوو لە ڕێگای كۆماردا گیانی خۆیان بە سەخاوەتەوە بەخشی.

**بەرزو پیرۆز بێ یادی "جومهووریی كوردستان"**

**سەركەوتن بۆ گەلی كورد و هەموو گەلانی بندەستی ئێران**

❋❋❋

**ئێمە لەو ڕۆژە مێژووییەدا، جارێكی دیكە دووپاتی دەكەینەوە كە گـــەلی كورد لە كوردستانی ئێرانو حیزبی بنیاتنەری كۆماری كوردستان لە بەرەی دژی تێرۆردان، لایەنگری ئاشتیو پێكەوەژیانی هاوچەرخانە لەگەڵ دراوسێیەكانیانو پابەند بە هەموو ئەو بایەخە ئینسانییانەن كە ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان دانی پێدا ناون**

## برووخێ ڕێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێـــران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە

بۆ بەرزو پیرۆز راگرتنی یادی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە مەهاباد، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە زۆربەی شارو گوندو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا چالاکیی تەبلیغاتییان، بەم بۆنە مێژووییەوە بەڕێوە برد کە هێندێك لەو چالاکییانە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

ـــ کۆبوونەوەی خەڵك لە شوێنە گشتییەکان‌و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان‌و پیرۆزبایی‌کردن لە یەکتر.

ـ رازاندنەوەی دیوارەکان بە نووسینی دروشم لە زۆربەی شوێنە گرینگەکانی ناوشارەکاندا.

ـ ئاگرکردنەوە لە سەر بەرزایی‌یەکانی دەورووبەری زۆربەی گوندو شارەکانی کوردستان.

ـ کۆبوونەوە لە مەیدان‌و شەقامەکان‌و دروشمدان بە دژی ڕێژیم

ـــ گرتنی کۆڕی شایی، خۆشی‌و تەقاندنەوەی تەرەقەی شادی.

ـ بڵاوکردنەوەی تراکت‌و بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حیزب سەبارەت بە ٢ی ڕێبەندان.

ـــ سەردانی بنەماڵەی شەهیدان‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەری نەتەوەکەمان.

ـ بڵاوکردنەوەی cdیە حیزبییەکان.

ـــ بڵاوکردنەوەی cdی وتووێژی هاوڕێیان کاك سەلاح خزری‌و کاك ئیدریس کە پێشتر لە بەندیخانەی ڕێژیمدا بوون‌و ئێستا لە نێو ریزەکانی پێشمەرگەی حیزب دان.

ـــ بڵاوکردنەوەی نوقڵ‌و شیرینی بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان بەشێوەیەکی بەرچاو لە گشت شارەکان.

ـــ بڵاوکردنەوەی ئاڵای کوردستان‌و وێنەی ڕێبەرانی شەهید لە نێو زۆربەی قوتابییان‌و مامۆستایانی قوتابخانە.

ـــ لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی‌و هەڵواسینی ئاڵای کوردستان بە جلەکانیانەوە.

ـ رژانە نێو شەقامەکان‌و دەربڕینی خۆشحاڵی لە لایەن خەڵکەوە لە دوای بیستنی هەواڵ‌و مزگێنیی دامەزرانی کاناڵی ماهوارەیی "تیشك" لە لایەن بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەنداندا.

شایانی باسە سەرەڕای ئەوە کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم‌و هێزەکانی ئینتزامی، زۆربەی شوێنە گرینگەکانی شارەکانیان خستبۆ ژێر چاوەدێریی خۆیانەوەو هێندێك جاریش بە هێرش کردنە سەر خەڵك‌و خولقاندنی کەشێکی وەك، حکوومەت نیزامی، هەوڵیان دەدا پێش بە چالاکیی خەڵك بگرن، هێشتا خەڵك چالاکییەکانیان زۆر بوێرانەو چاونەترسانە بەڕێوە دەبردن.

ئەو شارو شارۆچکە، ناوچەو گوندانەی کە چالاکیی تەبلیغاتییان تێدا بەڕێوە چوو، بەرچاوترینیان بریتین لە:

مەهاباد، سنە، شنۆ، پیرانشار، رەبەت، بۆکان، مەریوان، هەوشار، سەقز، بانە، کامیاران، چۆمی مەجیدخان، نەوسوود، ورمێ، مەرگەوەڕ، پاوە، ژاوەرۆی سنەو مەریوان، دیواندەرە، سەرپێل زەهاو.

دیارە لە زۆربەی گوندەکانی دەورووبەری ئەم شارانەش چالاکیی تەبلیغاتی بەڕێوە چووە، بەڵام بەهۆی زۆربوونیان، تەنیا ناومان هێناون. تکایە ئەگەر خوازیاری زانیاریی زیاترن، لەم بارەیەوە، بڕواننە سایتی کوردستان میدیا.

هەر بەم بۆنە پیرۆزەوە ئێمەش، دەستخۆشیی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەندامان‌و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزب‌و نەتەوەکەمان دەکەین، دەستی ماندوویان دەگوشین‌و هیممەتیان بەرز دەنرخێنین، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك‌و وڵاتەکەمان بە ئاوات دەخوازین.

## دیداری شاندێکی پارتی دێموکراتی باکوور لە دەفتەری سیاسیی حیزب

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی (٢٢ی ژانویەی ٢٠٠٦)، شاندێکی پارتی دێموکراتی باکوور، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز ڕۆژهات ئامەدی، سکرتێری گشتی‌و یاوەریی سەعید خوجەو جوتیار دارفرۆش بە مەبەستی پیرۆزبایی شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کردو لە لایەن بەڕێزان حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب‌و محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و ڕۆستەم جەهانگیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێشوازیی لێکرا.

## هەولێر

### کۆڕێك بۆ کاك تەیموور مستەفایی سەبارەت بە کۆماری کوردستان

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ١٣٨٤/٢/٤، کۆڕێك بۆ یادکردنەوەی کۆماری کوردستان بۆ کاك تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە بنکەی رۆشنبیریی کاوە، لە هەولێر پێك هات. لەو کۆڕەدا ژمارەیەك سیاسەتوان‌و رۆژنامەنووس‌و بەرپرسانی ژمارەیەك لە حیزبە کوردستانی‌یەکان بەشدار بوون.

بەڕێزیان لە بابەتێك دا کە پێشکەشی‌کرد باسی هەلومەرجی پێکهاتنی کۆماری کوردستان، نەخشی حیزبی دێموکرات لە پێکهێنانی ئەو کۆمارەدا، کاروکردەوەکانی کۆمار، خاڵە بەهێزو لاوازەکانی کۆمار، شوێندانەریی ئەم کۆمارە لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردو تاکی کورددا، کرد. ئەو لە درێژەی باسەکەی‌دا وێڕای ئاماژەکردن بە کەموکوڕییەکانی کۆماری کوردستان، کۆماری وەك یەکێك لە دەسکەوتە مێژوویی‌یەکانی گەلی کورد ناودێر کرد کە بۆتە هۆی پێکهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا.

لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەدا بەشداران بە پێشکەش کردنی تێبینییەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کردو لە کۆتایی‌دا وەڵامی پرسیارو تێبینی‌یەکانیان درایەوە.

## مەهاباد

### پێشانگای ڕەنگەکان بۆ رێزگرتن لە دوو هونەرمەندی کورد

رۆژی ٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٤، لە پێشانگای گشتیی چوارچرای مەهاباددا بۆ رێزنان لە هونەرمەندانی نەتەوەی کورد، جەعفەر قازی‌و مارف ئاغایی لە لایەن "فێرگەی هونەریی قازی"یەوە پێشانگایەك کرایەوە کە تێیدا تابلۆکانی ئەو دوو هونەرمەندەو لاوانی هونەرمەندی وەك ئیبراهیم، رووناك، نەرمین، فاتمە قازی، ناهید، سەیوان دلاوەری، زارا پەرتەنی، شەونم تەوحیدی، گوڵاڵە شەم، ئازاد بیژەنی، مەعسوومە ئەحمەدپوورو نەشمیل کەریمی بە شێوەی هاوبەش خرانە پێش چاوی بینەران. جێی باسە کە ئەم پێشانگایە تا رۆژی ١٠ی ڕێبەندان درێژەی هەبوو.

### * بڕانی گازی زۆربەی گەڕەکەکان

رۆژی سێشەممە، ١٣٨٤/١٠/٢٧، گازی زۆربەی گەڕەکەکانی مەهاباد بڕاو خەڵك شەویان لە "سەرمای ١٥°"دا بردە سەر. ئەمە لە کاتێك دا بوو کە ڕێژیم پێشتر خەڵکی لە بڕانی گاز ئاگادار کردبۆوەو رایگەیاندبوو کە لە باتیی ئەوە بە نرخێکی هەرزان نەوتیات پێ دەدات بەڵام بە پێچەوانەوە نە تەنیا نەوت بە خەڵك نەدرا بەڵکوو نرخی نەوت سێبەرابەر چووە سەر، هەر بۆیە زۆربەی خەڵك نەیانتوانی نەوتی پێویستی خۆیان دابین بکەن‌و تووشی سەرلێشێواوی هاتوون. هەروەها ئەو نانەواخانانەی کە بە گاز کاردەکەن لە کار کەوتوون‌و خەڵك بێنان ماونەتەوە.

شایانی گوتنە کە وڵاتی ئێران خاوەنی یەکێك لە گەورەترین سەرچاوەکانی گازی جیهانەو بۆ چەند وڵاتیش گاز دەنێرێت، بەڵام زۆر جار بە بیانووی ساردی هەواوە گازی شارەکانی کوردستان دەبڕێ‌و بەم شێوەیە خەڵك تووشی گیروگرفت‌و سەرلێشێواوی دەکا.

### * تێکهەڵچوونی نێوان لاوان‌و هێزەکانی ڕێژیم

ئێوارەی رۆژی ٢ی ڕێبەندان لاوانی شاری مەهاباد لە مەیدانی شۆڕش‌و مەدرەسەی حەسەن زادە بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە، ئاوریان کردەوە. هێزە ئینتیزامی‌یەکان بۆ کوژانەوەی ئاگرەکان‌و بڵاوە پێکردنی لاوەکان گەیشتنە شوێنی ئاگرەکان‌و لەگەڵ لاوەکان تووشی تێکهەڵچوون بوون‌و لاوەکان هەموو شیشەکانی مینی‌بووسێکی هێزی ئینتیزامییانیان شکاندو پاشان بڵاوەیان کرد.

### * رزگارکردنی لاوێك لەدەست هێزەکانی ڕێژیم

سەرلەبەیانیی رۆژی ١٣٨٤/١١/٣، خەڵك لە مەیدانی شۆڕشی مەهاباددا پاش بینینی رووداوی راوەدوونان‌و تەقەی هێزی ئینتیزامی لە لاوێك‌و هەروەها گرتن‌و لێدانی لە لایەن ئەوانەوە، پەلامار دەبەنە سەر ئەو هێزانەو دوای رزگارکردنی لاوی ئاماژە پێکراو بەدانی دروشم لەدژی ڕێژیم شوێنەکە بەجێ دێڵن.

## مەریوان

### دزین‌و دەستبەسەرداگرتنی کامپیۆتێری هاووڵاتیان لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە

ماوەیەکە هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان بەزۆر دەزگا کامپیۆتێرییەکانی ئەو دووکاندارانەی کە خەریکی کاری کامپیۆتێرین بە بیانووی کارکردن بۆ حیزبی دێموکرات‌و بێ‌ئەوەی کە بەڵگەیەکیان لە دەست دا بێت، دەبەن‌و تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە لە دزینی کامپیۆتێرەکانیش خۆیان نابوێرن. بۆ وێنە ماوەیەك لەمەوپێش قوفڵی دووکانی هاووڵاتی‌یەك بەناوی "مادێح عالی" لە چوارڕای سەرەکی شاردا دەشکێنن‌و کامپیۆتێرەکەی دەدزن‌و پاشان بەناوبراو رادەگەیەنن کە نابێت ئەم کردەوە لەقاو بدا.

## ژاوەرۆ ـ هوویە

رۆژی ٣ی بەفرانبار، بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دەچنە ئاوایی هوویەو لەبەر ئەوەی لەو گوندە بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانەوە کاری تەبلیغی کرابوو، ئازاری خەڵك دەدەن‌و چەند کەس لە لاوانی ئەم گوندە دەستبەسەر دەکەن، بەڵام بەهۆی گوشارو نارەزایەتیی خەڵك ناچار دەبن بەشێك لەو لاوانە ئازاد بکەن‌و ٢ کەس لە گیراوەکان کە مێرمنداڵن، هەروا لە ژێر ئازارو لێکۆڵینەوە دان‌و کەسێکی دیکەشیان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هەروا بێ سەرو شوێنە.

شایانی باسە رۆژی دوایش چەند کەس لە خەڵکی ئەم گوندەیان بانگ کردۆتە ئیدارەی ئیتلاعات‌و خستوونیانەتە ژێر فشار کە دەبێ ناوی خەڵك بەرن‌و بڵێن کە کێ بووە کاری تەبلیغی بۆ حیزب کردوە؟

## پاوە

### شەکانەوەی ئاڵای کوردستان

رۆژی چوارشەممە، ١٣٨٤/١١/٥، لاوانی بەهەست‌و تێکۆشەری شاری پاوە لە چالاکییەکی بوێرانەدا ئاڵای کوردستانیان لە چەندین شوێنی ئەو شارە هەڵکردو لە هێندێ شوێنیشدا ئاڵای کۆماری ئیسلامییان هێنایە خوارەوەو ئاڵای کوردستانیان لە جێگای هەڵکرد. ئەو شوێنانەی کە ئاڵای کوردستانیان تێدا هەڵکراوە، بریتین لە: بلواری شار، پارکی کازمی، خانەگا، بندەرە، تەپەی نێوان دووریسان‌و چۆڕژی، قوتابخانەی دووریسان‌و پێچی بەندیخانە (لێرەدا جیا لە ئاڵای کوردستان پلاکاردێکی گەورەش کە دروشمی تیا نووسرابوو، هەڵکرا).

## بۆکان

### پێکدادانی ماشین‌و گیان لەدەستدانی هاووڵاتی‌یەك

ئێوارەی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤، هاووڵاتی‌یەك بەناوی "سەید فەتاح ئارام"، کوڕی مەلا سەیدحەسەن‌و خەڵکی حاجی‌ئاوای بۆکان بەهۆی پێکدادانی دوو ماشین لەسەر ڕێگای میاندواو ـ بۆکان، لە نزیك کارخانەی "پلی ایتلێن"، نزیك گوندی وشتەپە، گیانی لەدەست دا.

جێی باسە کە یەکێك لە ماشینەکان کە پاترۆڵ بوو ئاگری تێ بەربوو.

## بانە

### تەقەی هێزی ئینتیزامی‌و برینداربوونی کاسبکارێك

تەقەی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم لە شەوی ١٣٨٤/١١/٤دا، لە ماشینی کاسبکارێك لە نێوان گوندەکانی "نەنۆر"و "کێلێ"، سەر بە ناوچەی "بابۆس"ی بانە بوو بە هۆی بریندار بوونی شۆفیری ماشینەکە بەناوی "بیرەوەر ئەحمەدی". ناوبراو ئێستا لە نەخۆشخانەی بانەدا بەستەرییە.

## مەریوان

### کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی حیزب

رۆژی ١٣٨٤/١١/٩، کاك رەسووڵ کۆنەپۆشی، ناسراو بە "بابە رەسووڵ"ـــ تەمەن ٧١ ساڵ، خەڵکی گوندی بایەوە سەر بە ناوچەی خاومیراوای مەریوان بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی مەریوان کۆچی دوایی کرد.

بابە رەسووڵ پیاوێکی لەخۆبردوو بوو کە لە ساڵی ١٣٦٤دا کوڕێکی بەناوی ئەحمەد کۆنەپووشی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد. کاك ئەحمەد بە تاوانی کاری تەشکیلاتی لە ساڵی ١٣٦٣دا لە گوندی نێ، سەر بە مەریوان دەستگیر کراو پاش ١٣ مانگ ئازارو ئەشکەنجە لە زیندانەکانی ورمێ‌و سنەو مەریوان لە ئاکامدا ئیعدام کراو تەرمەکەشی بە بنەماڵەکەی نەدرایەوە. هەر ئەو کۆستە گەورەیە بووە هۆی نیگەرانیی دەروونی بۆ بابە رەسووڵ‌و لە ئاکامدا بەو پەژارەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

بەم بۆنەوە خۆمان لە پەژارەی ئەو بنەماڵەدا بە بەشدار دەزانین‌و سەرەخۆشییان لێدەکەین.

رۆحی شادبێ

## ماکو

### کاردانەوەی توندی خەڵك لە بەرامبەر داوای ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان دا

ـ رۆژی ١٣٨٤/١١/٣، ژمارەیەك لە ئیسلامییە توندڕەوەکان کە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ دوو پاکستانی‌دا بەناوەکانی عومەرو فارۆق لە شارەکانی ماکو، سەڵماس‌و...دا، لەژێر ناوی تەبلیغ بۆ دینی ئیسلام خەریکی دەنەدانی خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیی خۆکوژی بە بڕوای خۆیان لە دژی کافرەکانن، دەچنە چەند گوندی خەرمان لە ناوچەی ماکۆو داوا لە خەڵك دەکەن کە لە دژی کافرەکان، واتە هێزە ئامریکاییەکان چالاکیی خۆکوژی بەڕێوەببەن.

خەڵکی ئەم گوندەش کە موسوڵمانن‌و بە پێویستی نازانن ئەم تاریکپەرست‌و رەشدڵانە بێن‌و ئیسلامیان پێ بناسێنن‌و بەو ناوەوە بیرە دواکەوتووو دژی مرۆڤانی‌و تەنانەت دژی ئیسلامییەکانی خۆیان پەرەپێبدەن‌و هەروەها ئەم کردەوە دزێوە کە لەگەڵ کولتوورو رۆحی مرۆڤدۆستانەو ئاشتیخوازانەیاندا ناتەبا دەبینن، ئەو داوایە بە سووکایەتی بە خۆیان دەزانن‌و بە پیرو لاوەوە هێرش دەبەنە سەر ئەو کەسانەو دەکەونە کوتان‌و لێدانیان‌و سەری عومەریش دەشکێنن.

پاش ئەم رووداوە هێزی ئینتیزامیی پاسگای خەرمان دەچن ئەو کەسانە لە ژێردەست خەڵك دەردێنن‌و بەرەو شوێنێکی نادیار دەیانگوێزنەوەو هەروەها خەڵکی گوندی ناوبراو لە نامەیەك دا سکاڵا(شکایت)ی خۆیان بە فەرمانداریی ماکو رادەگەیەنن.

## کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی حیزب لە رووداوێکی دڵتەزێن‌دا



بەداخەوە رۆژی هەینی، رێکەوتی ٨٤/١٠/٣٠، کاك محەممەد سپاسی، پێشمەرگەی کۆنی حیزب، لە رووداوێکی دڵتەزێن‌دا گیانی لە دەست دا. هاوڕێ محەممەد لە دایکبووی ١٣٣٣ی هەتاوی، شارۆچکەی نۆدشە بوو کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، هاتە نێو ریزی حیزبەوەو خەبات‌و تێکۆشانی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی نەتەوەی کورد دەست پێ کردو لە ماوەی ٢٧ ساڵی رابردوودا دڵسۆزانە تێدەکۆشا.

لەدەستچوونی ئەم هاوڕێیەمان، بووە مایەی خەم‌و کەسەر بۆ هەموو هاوسەنگەران، خزم‌و کەسوکارو خەڵکی ناوچەی هەورامان.

"کوردستان" بەم بۆنە بەژانەوە سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێ، هاوسەنگەر، خزم‌و کەوسوکاری کاك محەممەد دەکاو خۆی لە خەم‌و پەژارەیاندا بە بەشدار دەزانێ.

❋❋❋

## کۆچی دوایی ئەندامێکی دڵسۆزو لێهاتووی حیزب

سەر لەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٢، (١٣٨٤/١١/٢)، کاك دوکتور ئومید داوەری، لەدایکبووی مەهاباد‌و ئەندام‌و کادری دڵسۆزو لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری لەندەن دا بەهۆی نەخۆشییەکی کوتوپڕەوە کۆچی دوایی کرد.

کاك ئومید سەرەتای خەباتی خۆی لە دژی زوڵم‌و زۆرداری بە شێوەیەکی نهێنی لەنێو ریزەکانی یەکیەتیی لاوان دا دەست پێ‌کردو پاش ئاشکرابوونی لە ساڵی ١٩٨٦دا چووە وڵاتی ئیسپانیاو پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ساڵی ١٩٨٨دا رووی کردە دانمارك‌و لەوێ لە ساڵی ١٩٩٤دا سەرکەوتووانە رشتەی ددان پزیشکیی تەواوکرد.

کاك ئومید لەپاڵ درێژەدان بە خوێندن دا بەوپەڕی دڵسۆزی‌و لێوەشاوەییەوە ئەرکە حیزبی‌یەکانی جێبەجێ دەکردو بەم هۆیەشەوە لە لایەن رێبەرایەتیی حیزبەوە بە بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی دانمارك دیاری‌کرا. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیسی‌و درێژەدان بە خوێندن دەچێتە بریتانیاو لەوێش لەپاڵ بەڕێوەبردنی ئەرکە حیزبی‌یەکان دا سەرکەوتووانە مەدرەکی لە "نەشتەرگەریی پووك"دا وەرگرت.

کاك ئومید بە ئاوات بوو کە بۆ خزمەت بە پێشمەرگەکانی حیزب بگەڕێتەوە کوردستان. بەڵام بە داخەوە مەرگ مەودای پێ‌نەدا.

بەم بۆنەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاك ئومید دەکەین‌و ئاواتەخوازین رۆحی شادو رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی پڕڕێبوار بێ.

## سەڵماس

### لە کردەوەیەکی دڕندانە و بێبەزەیی‌یانەدا گوندێك تێکەڵ بەخاك کرا

رۆژی ٨ ی ڕێبەندانی ١٣٨٤، هێزەکانی ڕێژیم روو دەکەنە گوندی "قەسرێك"، سەر بە ناوچەی شپیرانی سەڵماس‌و بە بیانووی ئەوەی کە گازۆئیل‌و بەنزینی قاچاق لەوێوە بۆ نێو خاکی وڵاتی تورکیە دەگوێزرێتەوە، لە کردەوەیەکی دڕندانەو نامرۆڤانەدا بە لۆدێر ئەو گوندەیان کە ١٠ ماڵ دەبوو، لەگەڵ خاك تێکەڵ کرد.

پاشان بەوپەڕی بێبەزەیی‌یەوە تەواوی مەڕو ماڵات‌و سووتەمەنیی زستانیی بنەماڵەکانیان ئاگر تێبەرداو بەم شێوەیە دانیشتووانی ئەو گوندەیان لە سەرمای زستاندا ماڵوێران‌و ئاوارەی ناوچە کرد.

لەم پێوەندییەدا دەبێ بڵێین کە هەرچەند ئەودیوکردنی گازۆئیل‌و بەنزینی قاچاخ کارێکی نایاسایی‌یەو خەڵکیش لە رووی ناچاری‌و بەهۆی بێکاری‌و بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژێویی ژیانیان ئەم کارە پڕمەترسییە دەکەن، بەڵام بۆچی دەبێ لە جیاتیی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری‌و کەمداهاتی‌و هەژاریی خەڵك (بە تایبەتی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر سنوورەکان) ڕێژیم ڕێگاچارەی دڕندانەو دوور لە یاسا مرۆڤانی‌یەکانی وەك رووداوی ئاماژەپێکراوو کوشتن‌و بریندارکردنی خەڵکی هەژارو بێبەش‌و هەروەها زەرەری ماڵی دان لێیان تا هەژارتر بن، بگرێتە بەر؟

جیا لەوەی کە ئەو خەڵکە کوردن‌و ڕێژیم لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە هەموو بوارەکاندا دەستەوەستان ماوەو هەر بۆیە دەیەوێ لە ڕێگای توندوتیژی‌و سەرکوتەوە دەنگیان کپ بکا، وەڵامێکی دیکە بۆ ئەم پرسیارە نیە.

# بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکانی عێراق

# لە ناوەندی چلەکانی سەدەی بیستەمدا چۆن باسی مەهابادیان دەکرد؟

**پێداچوونەوەیەکی مێژوویی خێرا**

**د. کەماڵ مەزهەر**

بەر لە ئێستە چەند جارێك گوتومەو نووسیومە کە بەڵگەنامە دیپلۆماسییە عێراقییەکانی رۆژگاری پاشایەتی، شان لە شانی بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکانی بەریتانیا دەدەن، بە تایبەت ئەوانەیان کە بەدووی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و تورکیادا گەڕاون، لەناو ئەوانیش دا ئەو بەڵگەنامانەی باسی بەسەرهاتەکانی کوردستان دەکەن، لەبەر گەلێك هۆی زانراوو ئاشکرا، پایەو مەقامی یەکەمیان پێ دەبڕێت. هەر لەبەر ئەوەش خەرمانی لەبن نەهاتووی ئەو بەڵگەنامانە، یەکێکە لە شانازییەکانی جێگای سەربەرزیی کتێبخانەکەم. لەوانەیە مشتێکی چکۆلەی ئەو خەرمانە، ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت.

جەنگی دووەمی جیهانی، لە یەکەم رۆژییەوە هەموو دونیای هەژاند. بەشدارانی لە سەرەتای سەرەتاوە چاویان بڕییە رۆژهەڵاتی نیزیك و ناوەڕاست. بەڵام دوو ساڵ بەهۆی هێرشی لەناکاوی هیتلێرەوە بۆ سەر وڵاتی شورەوی ئەو ناوچە ستراتیژییە بووە بەشێکی هەرەبایەخداری خودی شەڕگەیەکی زۆر گرنگ، بەو پێیە وڵاتی کوردانیش کە وەك بڕبڕەی پشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخی لای هەموان گەیشتە کەشکەڵانی فەلەك، ئەو راستییەی رەنگێکی خەستوخۆڵی لەناو بەڵگەنامە عێراقییەکان دا داوەتەوە، بەتایبەت ئەوانەیان کە لە تاران و تەورێزەوە پەیتاپەیتا دەنێردرانە بەغدا. رۆژی ١٨ی ئابی ١٩٤١، واتە حەوتەیەك بەر لە داگیرکردنی خاکی ئێران لە لایەن لەشکری ئینگلیزو لەشکری سوری شورەوییەوە، وەزیر مفەووەزی عێراق لە تاران لە راپۆرتێکی نهێنیدا پێشبینیی "تەقینەوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری لە ناوچەی کوردستان دا" دەکات[1].

زۆری نەبرد کونسولی عێراق لە تەورێز لە راپۆرتە دوورو درێژەکانی خۆیدا کەوتە باسی ئەو بزووتنەوانەی کوردی سنەو سەقزو دیواندەرە کە گورزی جەرگبڕیان لە هێزەکانی لەشکری ئێران وەشاند[2]. تا کار گەیشتە ئەوەی سەرجەمی مەهابادو دەورووبەری لەو لەشکرەو ئەڵقە لەگوێکانی حەمە رەزاشا پاك کرانەوەو گشت هەوڵەکانی تاران بۆ داگیرکردنەوەیان بەوفیڕۆ چوون. راپۆرتەکان کونسوولی ئەوسای عێراق لە تەورێز پڕن لە زانیاریی دەگمەن لەم بارەیەوە. بۆ نموونە بە دوورو درێژی ئەوەی بۆ تۆمار کردوین کە چۆن شا لێهاتووترین ئەفسەرانیلەشکرەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە تەرخان کردون، وەك سەرتیپ درەخشانی کە ئەوسا فەرماندەی باڵای هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان بووەو وەك کونسوولی بە وەزارەتی هەندەرانی عێراقی راگەیاندوە. درەخشانی هاوڕێیەکی نزیکی بووەو زوو زوو پێکڕا باسی بارودۆخی کوردستانیان کردوە. لە یەکێك لە راپۆرتەکان دا کونسوول دەڵێت: "درەخشانی لەو ناوچانەی ـ کوردستان ـ ماوەیەك مایەوەو هەوڵی دا دەست بەسەر مەهابادو دەورووبەریدا بگرێت، بەڵام سەرئەنجام هیچی پێنەکرا"، لێرەدا دەقاودەق دەڵێت: "وعاد الی تبریز بغضي حینن فی ١٩٤٥/٥/٢٥"[3] واتە رۆژی ١٩٤٥/٥/٢٥ بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە تەورێز.

لەوساوە زوو زوو ناوی پێشەواقازی محەممەدو "کۆمەڵەی ژ.ك" دێتە پێشەوە، کونسوول لە هەمان راپۆرتیدا، بەغدا لەوە ئاگادار دەکات کە رێبەری کوردان لە رۆژهەڵات ناوی قازی محەممەدە. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت لە راپۆرتێکی تردا دەڵێت: "جڵەوی فەرمانڕوایی مەهاباد بەدەست قازی محەممەدەوەیە"و بەم جۆرە وەسفی دەکات:

"ئەم پیاوە لە ئەهلی عیلمو قازیی شەرعە، بۆیە کوردان ملیان بۆ راکێشاوەو دەسەڵاتیان وەدەست داوە"[4]. رۆژبەرۆژ ناوو ناوبانگی قازی محەممەد لەنێو بەڵگەنامە دیپلۆماسییە عێراقییەکان دا گەورەتر دەبێتو پتر دووپات دەبێتەوە ـ تەنانەت یەکێك لەو بەڵگەنامانە باسی ئەوە دەکات کە قازی محەممەد گەلێك زمان دەزانێت، لەوانە ئینگلیزیو ئەڵمانیو ئەسپرانتۆ کە زمانێکی جیهانیی تایبەتییە کە زانایەکی ئەورووپایی سەدەی نۆزدەمین بۆ ئاسانکردنی کاروباری پێوەندییە ئاڵۆزەکانی دنیا دایهێنا. هەمان بەڵگەنامە باسی کتێبخانە گەورەو ئاوەدانەکەی پێشەوای بەم جۆرە کردوە: "ئەو کتێبخانەیەکی گەورەی هەیە کە گرانبەهاترین کتێبەکانی تێدان"[5].

سەربەخۆییو رزگاریخوازیی پێشەوا لە هەرشتێك پتر سەرنجی دیپلۆماتەکانی عێراقی لە ئێران دا راکێشا، پەیتاپەیتا باسوخواسو مەودای دوورو نزیکی ئەو بابەتە ناسکە لە راپۆرتەکانیان دا دووپات دەبێتەوە. شایانی گوتنە کە ئەو دیپلۆماتانە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوە بوون کە سەربەخۆیی، یا هیچ نەبێ خودموختاریی کوردستان لای ئەو دەبوو هەموو کوردستانی ئێران بگرێتەوە، هەڵبەت بە شاری ورمێشەوە کە ناوی کرابووە رەزائیە. بە داخەوە دەماری شۆڤینی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لە ئاستی کورد دا، کەم ئەستوور نەبوو. ئەوان دەیانەویست، بە زۆری زۆردارەکی، بنکەی خەباتی سمکۆی شکاكو شاری برایەتیی کوردو عەجەمو ئاشووریو ئەرمەن، بە پشتگیریو دەستێوەردانی باقرۆفی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شورەوی، زەوت بکەن. لەنێو بەڵگەنامە عێراقییەکان دا گەلێك زانیاریی بەکەڵك لەم بارەیەوە وەبەرچاو دەکەون. پێم وایە لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە رابەرانی مەهاباد دەیانویست بە گیانی برایەتی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، لێرەدا مێژووی کەرکوكو کوردی عێراق خۆی دووپات دەکاتەوە. لەو راپۆرتەیدا کە کونسوولی عێراق رۆژی ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٩٤٦ لە تەورێزەوە ناردوویەتە بەغدا، لەم بارەیەوە دەڵێت:

"زۆربەی ئەو ناوچانەی وان لە نێوانی مەهابادو شاپووردا کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردەوە، تەنها شاری رەزائیە نەبێت کە وا بەدەست فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانەوە، بەڵام کوردەکان دەتوانن بە چەند لەحزەیەك داگیری بکەن"[6].

وادیار هەر ئەو خاوێنیو دووربینییە کارێکی وایان کردبوو کە حەمەرزا شا لەگەڵ کۆماری مەهاباد دا گەلێك رق ئەستوورتر بێت، وەك لەگەڵ کۆماری ئازەربایجاندا، لەم بوارەدا کار دەگاتە ئەوەی شای پەهلەوی لە پارەی تایبەتی خۆی، سەد هەزار تمەن تەرخان بکات بۆ لەناوبردنی رابەرانی کوردو پووچەڵکردنەوەی دۆزی مەهاباد کە پێی وابوو "مەترسییەکی گەورەیە بۆ وڵاتەکەی". ئەو بابەتەی وەزیر مفەووەزی عێراق لە تاران سەروبەری راپۆرتی رۆژی پێنجەمی تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ی بۆ تەرخان کردوە(٧).

دەبوو دیپلۆماتە عێراقییەکان، وەك سەرجەمی هاوەڵەکانیان، بێئەندازە بایەخ بدەنە پێوەندییەکانی ئەو رۆژگارەی نێوان وڵاتی شورەویو رابەرانی کۆماری مەهاباد، لەو بوارەدا زانیاریی بەهادارو دەگمەن دەکەونە بەرچاو. بۆ وێنە دەیان جار لە راپۆرتە نهێنییەکانیاندا باسی ئەو وەفدەیان کردوە کە بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەد چۆتە باکۆی پایتەختی ئازەربایجانی شورەویو چۆن لەوێ بەگەرمی پێشوازیی لێکراوەو جارێك لەگەڵ باقرۆفدا کۆبۆتەوە. ناوەرۆکی یەکێك لەو بەڵگەنامانەی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە، نەك سەرنجی گوێگرانی بەرێز رادەکێشێت، بەڵکوو دەشیان حەپەسێنێت، بۆیەکا وا دەقی ئەم راپۆرتە چاوەڕوان نەکراوەتان وەك خۆی پێشکەش دەکەم:

"حکوومەتی عێراق، وەزارەتی دەرەوە، بابەت: کوردەکان، نهێنی، بەغدا ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥، بۆ سەرۆکایەتیی دیوانی پاشایەتیو سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران. لە خوارەوە ئەو زانیارییانەتان بۆ دەنووسین کە سەرۆکێکی کورد بۆ کارمەندێکی بریتانیایی لە تارانی باس کردون. ئەو گوتوویە: لە رۆژەکانی سەرەتای مانگی ئەیلوولی رابردوودا دەسەڵاتی رووس بە شێوەیەکی زۆر نهێنی داوای کردوە کە ئێوارەی رۆژی ١٧ی ئەیلوول لە ئیزگەی قەتاری تەورێز ئامادە بێ بۆ سەفەر بۆ جێیەکی نەزانراو،و ئامانجی ئەو سەفەرەشی بۆ باس نەکراوە، کاتێك گەیشتۆتە ئیزگە لە یەکێك لە کووپەکانی قەتاردا دایان ناوە کە حەوت کەسی دیکە لە سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی تێدا بوونو یەك لەوان قازی محەممەد بووە لە مەهابادەوە، هەمزەئاغا لە عەشیرەتی مامەش، نووری بەگ لە عەشیرەتی بەگزادەو دوو کەس لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی شکاك لە ئازەربایجانی رۆژئاوا، وەختێك گەیشتمە باکۆ هەموویان سواری ترومبیلان بوونو بەرەو گوندێك لە دەرەوەی شار وەڕێکەوتن، لەوکاتەدا چەند ئەفسەرێکی سۆڤییەتیشیان لەگەڵ بوونو بەوپەڕی رێزو مێهرەبانییەوە رەفتاریان لەگەڵ کراو شوێنی زۆر ئاسوودەی نوستنیان بۆ دیاری کرا. ئێوارەی دووەم رۆژی گەیشتنیان وەڕێ خران بۆ باکۆ کە روویان کردە خانووبەرەیەك کە یان شوێنی کار یان ماڵی سەرکۆماری ئازەربایجان بوو، لەوێ سەرۆك باقرۆفو دەوری چل کەسی دیکە لە کارمەندانو ئەفسەرانی سۆڤیەت پێشوازییان لێکردن.

لێرەدا باقرۆف دەستی بە قسەکردو بەکورتیو بەراشکاوی باس لەسەربەخۆیی کوردستانی هێنایە گۆڕێو گوتی ئەگەر کوردەکان سەربەخۆییان دەوێو ئامادەی هاوکاری نین، دەبێ چاوەڕوانیی هیچ چەشنە یارمەتییەکیان لە رووسیا نەبێ. سەرۆکە [کوردە]کانیش وەڵامیان دایەوەو گوتیان دیارە ئەوان سەربەخۆییان دەوێ،و زۆریش بەوە خۆشحاڵ دەبن کە یارمەتی لە رووسیا وەربگرن.

ئەو سەرۆکانە سێ شەوان لە باکۆ مانەوە، بەڵام هەر جارێکیان چاویان بە سەرۆکێك کەوت، لە رۆژی چوارەمیشدا سواری قەتارێکی تایبەتی بوون کە راستەڕێ هێنانیەوە تەورێز.

هەواڵدەرەکە بە راشکاوی گوتی، ئەو بۆخۆی لەگەڵ ئەوەی حەز دەکا کورد سەربەخۆ بن، یان هەر نەبێ خودموختارییان دەست کەوێ، بەڵام نایانەوێ ئەمە لە دەستی رووسەکان وەگیرێ. ئەو باسی زۆر لێکراویی کوردان لە سەر دەستی حکوومەتی ئێرانێ دووپات کردەوە، کە بریتییە لە کەمبوونی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانو بێتوانایی ئیدارەو زەبروزەنگی ئەفسەرە ئێرانییەکان وەك ژەنراڵ هووشمەندی ئەفشارو، بێباوەڕیی هەموو کوردەکان بە حکوومەتی تاران. ئەو لێیزیادکردو گوتی، ئەو پێی باشترە کوردەکان هاونیشتمانانی ئێرانێکی بەهێزی یەکپارچەی ئازاد بن، بەڵام بە داخەوە ئێرانییەکان، وەك بێگانەو یاغی رەفتاریان لەگەڵ دەکەن، بۆیە سەیر نیە کە کوردەکان حەز بە وەرگرتنی یارمەتی لە دەرەوە بکەن. ئیمزا وەکیلێکی وەزارەتی دەرەوە"[8].

هەر لەنێو فایلەکانی ئەو بەڵگەنامانەدا دەقی بەیاننامەی دامەزرانی "پارتی دێموکراتی کورد" بە زمانی فارسی لەگەڵ دەقی وەرگێرانەکەی بۆ سەر زمانی عەرەبی پارێزراوە، لەو بەیاننامەیەدا ناوی ئەو کەسانەی ئیمزایان کردووەو ژمارەیان، کە پتر لە حەفتا کەسن(*)، تۆمار کراون زۆربەیان سەرۆك هۆزو بازرگانە لیبراڵەکانی ناوچەکەن، وێڕای ژمارەیەکی کەم لە کاربەدەستانی میریو دەرمانفرۆشێكو ئەندازیارێكو گەراجدارێك (٩).

هاوخەباتیو یەکچارەنووسیی کوردی رۆژهەڵاتو باشوری کوردستان خەستوخۆڵ لە بەسەرهاتو رووداوەکانی کۆماری مەهاباددا رەنگیان دایەوە بەر لە هەرشت مەهاباد بۆتە پەناگەی شۆڕشگێرانی بەرزانی کە هەمان کات ئەوانیش بوونە پاڵپشتێکی پتەوی کۆمارە ساواکەی کورد، ئەوش خۆی لەخۆیدا ببووە هۆیەکی سەرەکیی ئەو بایەخ پێدانە زۆرەی دیپلۆماتە عێراقییەکان، بە گشت جموجۆڵەکانی ئەو رۆژانەی کوردستانی ئێران، جارەهای جار ناوی بارزانیی نەمر لە راپۆرتەکانیان دا هاتوە[10].

ئەو نموونانەی هێناومانەتەوە، چەمکێکی کەمن لەو سامانە گەورە و رەسەنەی ئەو بەڵگەنامانەی کە دیپلۆماتە عێراقییەکان بۆیان پاراستوین و دەتوانن رۆشنایی بخەنە سەر گەلێك لاپەڕەی بایەخداری مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد.




**سەربەخۆییو رزگاریخوازیی پێشەوا لە هەرشتێك پتر سەرنجی دیپلۆماتەکانی عێراقی لە ئێران دا راکێشا، پەیتاپەیتا باسوخواسو مەودای دوورو نزیکی ئەو بابەتە ناسکە لە راپۆرتەکانیان دا دووپات دەبێتەوە. شایانی گوتنە کە ئەو دیپلۆماتانە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ئەوە بوون کە سەربەخۆیی، یا هیچ نەبێ خودموختاریی کوردستان لای ئەو دەبوو هەموو کوردستانی ئێران بگرێتەوە، هەڵبەت بە شاری ورمێشەوە کە ناوی کرابووە رەزائیە**

**هاوخەباتیو یەکچارەنووسیی کوردی رۆژهەڵاتو باشوری کوردستان خەستوخۆڵ لە بەسەرهاتو رووداوەکانی کۆماری مەهاباددا رەنگیان دایەوە بەر لە هەرشت مەهاباد بۆتە پەناگەی شۆڕشگێرانی بەرزانی کە هەمان کات ئەوانیش بوونە پاڵپشتێکی پتەوی کۆمارە ساواکەی کورد، ئەوش خۆی لەخۆیدا ببووە هۆیەکی سەرەکیی ئەو بایەخ پێدانە زۆرەی دیپلۆماتە عێراقییەکان، بە گشت جموجۆڵەکانی ئەو رۆژانەی کوردستانی ئێران، جارەهای جار ناوی بارزانیی نەمر لە راپۆرتەکانیان دا هاتوە**

**سەرچاوەکان:**

١ـ دارالکتب و الوثائق، الوحدة الوثائقیة: ملفات البلاط الملکی، تسلسل الملف ٧٤٦ ـ وع، الوثیقة رقم ٤٧، ص ١٣٤، صورة کتاب المفوضیة الملکیة العراقیة فی طهران المرقم ١١/خاص و المؤرخ فی ١٩٤١/٨/١٨ الموجة الی وزارت الخارجیة.

٢ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٥٤، تقریر القنصلیة الملکیة العراقیة فی تبریز لشهرین شباط و آذار ١٩٤٢، ص ٢ـ٥.

٣ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٥٧، من قنصلیة العراق الملکیة ـ تبریز، ایران، الی وزارة الخارجیة ـ بغداد، سری، تقریر انصف الثانی من شهر أیار ١٩٤٥، الرقم ١/٢/١٣٢، التاریخ ١٩٤٥/٦/٤، ص ٣٠.

٤ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٥٧، کتاب من القنصلیة العراقیة الملکیة، تبریز، ایران، تقریر عن بعض الحوادث فی نصف الثانی من شهر حزیران ١٩٤٥، سری، الرقم ١/٢/١٤٧، المؤرخ ١٩٤٥/٧/٢.

٥ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٥٨، وزارة الخارجیة العراقیة، بغداد، الرقم د/١٧٨/٦٠٠/٩٣٢٥، آب ١٩٤٦، تقریب من العدد ١٦٢ من مجلة "تهران مصور" الآسبوعیة المؤرخ فی ١٩٤٦/٧/١٩، الخلاف بین بیشوری و القاضی محمد.

٦ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٥٨، القنصلیة العراق الملکیة، تبریز، ایران، الی وزارة الخارجیة ـ بغداد، موضوع التقریر: الحالة العامة، الرقم ١/٢/٦، المؤرخ فی ٢٥ شباط ١٩٤٦، ص ٤.

٧ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف٤٣٢، الوثیقة رقم٣٤، صورة الکتاب المفوضیة الملکیة العراقیة فی طهران الرقم ٣١٨/٢١/٣و المؤرخ فی ١٩٤٥/١١/٥ الموجة الی وزارة الخارجیة، موضوع الکتاب: مکافحة جلالة شاة ایران للقضیة الکردیة، المبلغ بکتاب وزارت الخارجیة السری الرقم د/١٩٦٦/٦٠٠/٨٣٤ و المؤرخ فی ١٩٤٥/١١/٢٩الی رئاسة الدیوان الملکی.

٨ـ نفس المصدر ، تسلسل الملف ٣٢٠، وزارة الخارجیة، الدائرة السیاسیة، الشعبة الشرقیة، سری، الموضوع: الأکراد، الرقم ش/٨١٤/٨١٤/٤، بغداد فی ٢٢ کانون الآول ١٩٤٥، ص ١ـ٢.

٩ـ المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٢٠، وزارة الخارجیة، الوثیقتان ٢٦٠و٢٨٦، منشور الحزب الدیمقراطی الکردی (حزب کومەلە) فی مهاباد، رقم الکتاب د/٤٧٩/٤٧٩/٦٠٠/١٠٤٦ واالمؤرخ فی ٢٧ شباط ١٩٤٦.

١٠ـ بە وێنە بڕوانە: المصدر نفسة، تسلسل الملف ٣٥٨، کتاب المفوضیة الملکیة العراقیة فی طهران الي وزارة الخارجیة، سری و مستعجل جداً، الرقم ٤٦٦/١/٢، التأریخ ١٩٤٦/٩/١٠، تسلسل الملف ٧٣٧ و ع، کتاب المفوضیة العراقیة فی طهران الی وزارة الخارجیة، العدد ٧/٨/١٤ فی ١٩٤٧/١/٧، الموضوع: صحف ایران و الملا مصطفی البارزانی.

وەك لە بەڵگەنامەکان دا دەردەکەوێ ئەو کەسانەی کە بەیاننامەی دامەزرانی "پارتی دێموکراتی کورد"یان ئیمزا کردوە، پتر لە هەفتا کەس بوون کە ناوی پەنجاو یەك کەسیان بەم جۆرە تۆمار کراوە:

١ـ قازی محەممەد، ٢ـ مەلا سەید عەبدوللا، ٣ـ مەلا حسێن ئەمیری، ٤ـ محەممەد ڕەسووڵ، ٥ـ نووری بەگ، ٦ـ مارف ئاغا، ٧ـ عومەرخان شەریفی، ٨ـ شێخ عەبدوالقادر، ٩ـ عومەر ئاغا سیلالی، ١٠ـ کەریم ئاغا کەریمی، ١١ـ ئیبراهیم ئاغا ئەدهەمی، ١٢ـ رەشید جیهانگیری، ١٣ـ عەلی مەنگوری، ١٤ـ حەسن هەناری، ١٥ـ کەفەر هەناری، ١٦ـ غەنی خوسرەوی، ١٧ـ عەباس ئاغا، ١٨ـ عەزیز سادقی، ١٩ـ محەممەد حسێن سەیفی قازی، ٢٠ـ عەبدوالقادر کەسیری، ٢١ـ یووسف شەریفی، ٢٢ـ قاسم ئاغا ئیبراهیم زادە، ٢٣ـ مەمەند قادری، ٢٤ـ مەعرووف قادری، ٢٥ـ محەممەدئەمین بەگزادە، ٢٦ـ گولابی بەگزادە، ٢٧ـ حەسەن مەعروفی، ٢٨ـ مەعروف برینجی، ٢٩ـ سەید رەحیم حسێنی، ٣٠ـ سەید عەلی حەسەنپوور، ٣١ـ حاجی مستەفا داوودی، ٣٢ـ ئەحمەد وەلیزادە، ٣٣ـ سەعید ساڵحیان، ٣٤ـ سەدیق حەیدەری، ٣٥ـ قاسم وەتەمیشی، ٣٦ـ محەممەد خەلیل خوسرەوی، ٣٧ـ ئەحمەد ئێلاهی، ٣٨ـ هاشم یووسفی، ٣٩ـ حەمید حەمیدی، ٤٠ـ ئیسماعیل شەریفی، ٤١ـ عەلی رێحانی، ٤٢ـ حەیدەر سەید نیزامی، ٤٣ـ محەممەد ئەمین شەرەفی، ٤٤ـ عەلی دەباغی، ٤٥ـ سەید محەممەد حەمیدی، ٤٦ـ سوڵتان وەتەمیشی، ٤٧ـ سەید رەحیم تەقیزادە، ٤٨ـ مستەفا سوڵتانیان، ٤٩ـ رەحیم لەشکری، ٥٠ـ محەممەد ئەمین موعینی، ٥١ـ حاجی رەحیم شێربەگی،

***

# ئاوڕدانەوەیەك لە پێوەندییەکانی سووریە و ئێران

محەممەدجەمیل کولاهی

دوو دەوڵەتی ئێران‌و سووریە وێرای ئەوە کە دوو سیستمی جیاواز لە یەکیان هەیە، پێوەندییەکی پتەو نێزیکیان پێکەوە هەیە. ئەم پێوندییە بوارەکانی سیاسی، ئابووری‌و تەنانەت چەکدارییش دەگرێتەوە کە لە دوو دەیەی رابردوودا، رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پەرەسەندن رۆیشتون. پێویست بە ئاماژەکردنە کە چەند فاکتەری ناوچەیی بوونەتە هۆی ئەوە کە پێوەندیی نێوان ئێران‌و سووریە ئاوا بەرەو گەشەسەندن بڕوا. لەوانە دەتوانین بە هاتنەدەرێ میسر لە یەکیەتیی عەرەب بە بۆنەی گرێ بەستی کەمپ دەڤید لەگەڵ میسر، کە ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە بەرەی شەڕ لەگەڵ ئیسراییل بۆ سووریە بگوازرێتەوە، سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی‌و نێوەڕۆکی دژی زایونیستیی ئەو شۆڕشە، هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران‌و پشتیوانیی سووریە لە ئێران لە ماوەی ئەو شەڕداو هەروەها هێرشی ئیسراییل بۆ سەر خاکی لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢دا ئاماژە بکەین. هەروەها کە ئاماژەی پێ‌کرا، سووریە لە شەڕی نێوان عێراق ـ ئێراندا لە ئاستی ناوچەیی‌و نێونەتەوییدا پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی کردو لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەدام حسێن کە دەیویست نێوەرۆکی شەڕی عەرەب ـ فارس، بەو شەڕە بدا، دژاییەتیی دەکرد. دیارە ئەم دژایەتییە دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە حیزبی بەعسی سووریە لە ژێر دەسەلاتدارییەتیی شێعەی عەلەویدا بوو کە لەگەل حیزبی بەعسی عێراق دا کە زۆربەی ئەندامانی لە باری مەزهەبییەوە سوننی بوون لە کێبڕکێ‌و دژایەتییەکی لە مێژینەدا بوو. ئەم دژایەتییانە ئەوەندە چوونە پێشێ کە دەوڵەتی سووریە ئەو لوولە نەوتییانەی کە نەوتی عێراقیان لەرێگای سووریەوە دەبردە دەرەوە، پچراند، بەم جۆرە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی گوشاری دەخستە سەر عێراق. جیا لەوە، لەوکاتەدا کە ئێران گەمارۆی ئابووری‌و چەکداری درابوو، سووریە بە ناردنی چەکوچۆڵ یارمەتیی ئێرانی دەدا.

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو پشتیوانییانەی سووریە، کۆماری ئیسلامی بێجگە لە پشتیوانیی سیاسی

**رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ باش بزانێ کە سەردەمی یەکگرتوویی ئیستراتیژیکیی وڵاتان کۆتایی پێهاتووە و تەنیا بەرژەوەندیی هاوبەشە کە ئاستی پێوەندیی دیپلوماتیك لە نێوان وڵاتان دیاری دەکا. بۆیە ئەگەر رۆژێ لەرۆژان بەرژەوەندیی سووریە لەئاشتی لەگەڵ ئیسراییلدا بێ، بە دڵنیاییەوە سووریە ئەو رێگایە هەڵ دەبژێرێ**



لە بەرامبەر ئیسراییل دا، یارمەتیی ماڵی‌و ئابووریی سووریەی دەدا، بۆ وێنە ناردنی نەوتی خۆڕایی بۆ سووریەو فرۆشتنی نەوتی هەرزانتر لە نرخی جیهانی بەو وڵاتە.

خاڵێکی‌تری جێگای باس ئەوەیە کە ئێران‌و سووریە لەسەر فەلەستین، لوبنان، عێراق‌و بوونی هێزە بیانییەکان لە ناوچەو هەروەها ئاسایشی ئەو ناوچەیە بۆچوونی وەك یەکیان هەیە. بە دوای شەڕی عێراق ـ ئێران‌و قەیرانی کوەیت دا، دەوڵەتی سووریە بۆ نێزیك کردنەوەی ئێران لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ناوچە بە تایبەت وڵاتانی کەنداوی فارس، هەوڵـێکی زۆری دا، لە ئاکامی ئەو هەموڵانەدا بوو کە پێوەندییەکانی نێوان ئێران‌و عەرەبستان بەرەو چاکی رویشتن‌و پەرەیان سەندو هەروەها ئێران‌و میسر تارادیەکی زۆر پێکەوە نێزیك بوونەوە.

پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە بەو حاڵەش پێوەندییەکانی نێوان ئێران‌و سووریە چەندین جار بەرەو رووی مەترسی‌و ئاڵۆزی بوونەتەوە، چونکە رێبەرانی سووریە چەند جار هەڵوێستی وایان گرتوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا یەکیان نەگرتۆتەوە، بۆ وێنە بەشداریی سووریە لە کۆنفرانسی عەممان لە ساڵی ١٩٨٧داو دانیشتنی ئاشتیخوازانە لەگەڵ عێراق لە ماوەی شەڕی ئێران‌و عێراقدا، بەشداریی سووریە لە کۆبوونەوەکانی رێبەرانی (٢+٦)و پشتیوانی لە ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەسەر خاوەندارییەتیی سێ دوورگەی ئێران (تونبی بچووك‌و گەورەو ئەبوومووسا).

کۆماری ئیسلامی نە تەنیا چاوپۆشیی لەو هەڵوێستانەی سووریە کرد بەڵکوو پەرەی بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتە داو ئێستاش وەك هاوپەیمانێکی ئیستراتێژیك چاو لە سووریە دەکا، بەڵام لە درێژخایەندا رێژیمی ئێران ناتوانێ وەکوو ئێستا لەو هاوپەیمانییەتییە دڵنیا بێ، چوونکە بە پێچەوانەی کۆماری ئێسلامی کە لە باری ئیدیولۆژیکییەوە دژایەتیی لەگەڵ ئیسراییل هەیەو ئەو وڵاتە بەفەرمی ناناسێ، دژایەتی سووریە لەگەڵ ئیسراییل لەسەر ئەوەیە کە ئەو وڵاتە بەشێك لە خاکی سووریەی داگیر کردوە، بۆیە رێبەرانی رێژیم بە تەواوی لەپێوەندی لەگەڵ سووریە لە هەڵەدان، چونکە بە بەئاکام گەیشتنی پەیمانێکی ئاشتی لە نێوان سووریەو ئیسراییل‌داو جێ هێشتنی خاکی ئەو وڵاتە لە لایەن ئیسراییلەوە، چی دیکە بیانوو بۆ دژایەتیی سووریە لەگەڵ ئیسراییل نامێنێتەوەو پرۆژەکانی ئێران لەو پێوەندییەدا تووشی شکان دەبن. بۆیە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێ باش بزانێ کە سەردەمی یەکگرتوویی ئیستراتیژیکیی وڵاتان کۆتایی پێ‌هاتووەو تەنیا بەرژەوەندیی هاوبەشە کە ئاستی پێوەندیی دیپلوماتیك لە نێوان وڵاتان دیاری دەکا. بۆیە ئەگەر رۆژێ لەرۆژان بەرژەوەندیی سووریە لەئاشتی لەگەڵ ئیسراییل‌دا بێ، بە دڵنیاییەوە سووریە ئەو رێگایە هەڵ دەبژێرێ.

ئێستا بە دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەك بەسەر ئەو پێوەندییانەدا، هەر دوو وڵات لە باری پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، تارادەیەکی زۆر وەك یەکن‌و لەژێر گوشاری نێونەتەوەیی دان، بۆیە ئەحمەدی نەژادو بەشارئەسەد لە کاتێکدا چاوپێکەوتن‌و وتووێژ دەکەن کە دەوڵەتەکانیان زیاتر لە جاران لە دنیا تەریك کەوتوونەتەوەو بەرەو ڕووی مەترسی بوونەتەوە.

دەوڵەتی سووریە بە تیروری رەفێق حەریری‌و چەند کەس لە کەسایەتییەکانی دیکەی لوبنان تۆمەتبار کراوە، هەر بۆیەی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەیەکدا بە دەوڵەتی سووریەی ڕاگەیاندوە، کە ئەو دەوڵەتە دەبێ لە لێکۆڵینەوەکانی دۆسیەی تێروری رەفێق حەریری، سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان، لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا هاوکاری بکا، دەستەی لێکولەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان خوازیاری لێپرسینەوە لە هێندێك لە کەسایەتییە پایە بەرزەکانی سووریە بووە، کە یەکێ لەو کەسانە بەشارئەسەد، سەرکۆماری ئەو وڵاتەیە. هەروەها ئەو وڵاتە لە لایەن ئەمریکاوە، بە پشتیوانی لە تێرۆریزم، دژایەتی لەگەڵ رەوتی ئاشتیی رۆژهەلاتی ناڤین‌و هەروەها ئاوەڵا هێشتنەوەی سنوورەکانی بۆ هاتنە ژوورەوەی تێرۆریستان بۆ نێو عێراق تاوانبار کراوە، کەبەم بۆنەیەوە لەبوارگەلی جۆراوجۆردا گەمارۆی ئابووری و سیاسی دراوە.

ئەگەر دەوڵەتی سووریە لەگەڵ دەستەی لێکۆڵەرەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری نەکا، وێ دەچی کە لە ئاستی نێو نەتەوەییدا گەمارۆی ئابووری بدرێت، یان ئەگەر لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی ئەو وەڤدە، رۆڵی هێندێك لە کەسایەتییە پایە بەرزەکانی سووریە لە تیروری رەفێق حەریریدا دەرکەوێ. سووریە یان دەبێ لە دادگایی کردن‌و سزادانی ئەو کەسانە لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا هاوکاری بکا یان بەرەو رووی سزای توندی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێتەوە.

هاوکات لەگەڵ سووریە، ئێرانیش بەبۆنەی پرۆژەی ئەتومییەکەی لە ژێر فشاری نێونەتەوەیی دایە، بەتایبەتی لەو بارەوە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاو ئەمریکاوە لەژێر گوشاردایەو لەوانەیە کە ئەگەر ئێران دەست لە بەرنامەکانی خۆی هەڵ نەگرێ، دۆسیەی ئەتومییەکەی بە زووی بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و سزا بدرێت. پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە ئێرانیش وەکوو سووریە بە پێشیلکردنی مافی مرۆڤ ، پشتیوانی لە تێروریزم‌و دژایەتی لەگەڵ ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناڤیندا تاوانبار کراوە، بۆیە هەر دوو وڵات لە ئاستی نێونەتەوەییدا دوخێکی وەك یەکیان هەیە.

لە کاتێکدا کە پێوەندییەکانی هەر دوو وڵات لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بەهۆی کردەوەی نابەجێ‌و گرتنی هەڵوێستی نەگونجاو تووشی ئاڵۆزی بوون‌و لە دنیا تەریك کەوتوونەتەوە، پرسیار ئەوەیە کە لەبەرچ هۆیەکە کە کۆماری ئیسلامی ئاوها لەسەر درێژەپێدانی‌پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتێکی دواکەوتوو وەك سووریە کە لەباری سیاسی‌و ئابوورییەوە لە ئێران ئاڵۆزترە پێ‌دادەگرێ؟

* ئێستا کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی هەوڵدان بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئەمریکاوئیسراییلەوە هەرەشەی لـێ دەکرێ، دەیەوێ وەکوو هێزێکی وەستێنەر لە تاقمە تیروریستییەکانی لوبنان‌و فەلەستین لە بەرامبەر ئەو دوو وڵاتەدا کەڵك وەربگری، بۆ ئەم کارە پێویستی بە سووریەیە، چوونکە سووریە لەگەڵ لوبنان‌و فەلەستین‌و ئیسراییل سنووری هاوبەشی هەیەو لەگەڵ ئەو تاقمانەش هاوپەیمانە.

* ئێستا کە کۆماری ئیسلامی لە دنیای دەرەوەدا جێگایەکی بۆ نەماوەتەوە، دەیەوێ لە دنیای عەرەبدا جێ پێیەك بۆ خۆی بدوزێتەوە، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، پاراستن‌و پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ سووریە، گرنگ دەزانێ.

**ئێستا کە کۆماری ئیسلامی لە دنیای دەرەوەدا جێگایەکی بۆ نەماوەتەوە، دەیەوێ لە دنیای عەرەبدا جێ پێیەك بۆ خۆی بدوزێتەوە، بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، پاراستن و پەرەپێدانی پێوەندییەکانی لەگەڵ سووریە، گرنگ دەزانێ.**

* هەر دوو وڵات جیا لە ئاڵۆزیی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، دوژمنی وەك یەکیان هەیە.

* بە دەستهێنانی دەنگی سووریە بۆ پشتیوانی لە دۆسیەی ئەتومییەکەی.

بەڵام هاوکات لەگەڵ گوشاری وڵاتانی دەرەوە بۆ سەر سووریە، وڵاتانی عەرەبیش پشتیوانییان لـێ نەکردوە، بۆیە پەرەپێدانی پێوەندی‌و پشت بەستن بە سووریە نەتەنیا قازانجێکی ئەوتۆی بۆ ئێران بە دواوە نیە، بەڵکوو ئاکامگەلێکی نێگاتیڤیشی لـێ چاوەروان دەکرێ‌و لەو دۆخەدا ئەو پێوەندییانە زیاتر بە قازانجی سووریە تەواو دەبن تا ئێران. چوونکە جیا لەوە کە سووریە تاوانی تیروری سیاسیی کەوتوتە پاڵ‌و لەباری سیاسییەوە لاواز بووە، لەباری ئابووری‌و چەکداریشەوە لە ئاستێکدا نیە کە بتوانێ وەڵامدەری ویستەکانی ئێران بێ، بۆیە ئەو سەفەرەی ئەحمەدی نەژاد بۆ سووریە کە بە مەبەستی پتەوتر کردنی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات لە لایەك‌و لە لایەکی دیکەوە وتوویژ لەگەڵ تاقمە تیروریستەکانی لوبنان‌و فەلەستین‌و لەنێوبردنی ئاڵۆزی نێوان سووریەو عێراق کراوە، هەموویان لە پلەی یەکەمدا بە قازانجی سووریە تەواو دەبن.

***

# تیرۆر لەسەر هەموان مەترسی‌یە، با لە بەرەنگابوونەوەی‌دا بەشدار بین

ئا: هووشیار ئەحمەدی



رۆژی یـەکی شـوباتی ٢٠٠٦، ١٢ی رێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی، کۆنفرانسێك لـە ژێـر نـاوی "تـیرۆر لـە هـەرێمی کوردستاندا، هۆکـارو چارەسـەرییەکانی" بـە دروشـمـی تـیرۆر لەسـەر هـەموان مەترسـی‌یە، بـا لـە بەرەنگابوونـەوەی‌دا بەشدار بین" بۆ ماوەی سێ رۆژ لە هۆتێـل خانزادی هەولێر بەڕێوەچوو.

لەم کۆنفرانسەدا چـەندین توێژینـەوەو بابەتی زانستی لە بوارە جیاجیاکـاندا بـە مەبەسـتی دیـاریکردنی هۆکارەکـانی سـەرهەڵدان‌و دەستنیشـانکردنی رێگاچارەکانی ئـەو دیاردەیـە، پێشـکەش کران. هەروەها لـە کۆنفرانسـی نـاوبراودا جیا لە میوانانی کۆنفرانس، ٢٠٠ ئەنـدام بەشـدار بـوون‌و بـۆ باشـتر بەڕێوەچـوونی کۆنفرانسـەکە، بابەتـەکان بەسـەر ٥ تەوەردا، بەم شێوەیەدا دابەش کران: فیقـه شـەریعە، کۆمـەڵایـەتی‌و دەروونناسـی، فیکری، سیاسی‌و یاسایی.

پـاش سـێ رۆژ بـاس‌و وتوویـژو لێکدانەوە، گرووپەکان راپۆرتەکانی خۆیان پێشکەش بە کۆنفرانس کردو دیسان لـەم بەشەی کۆنفرانسەکەدا پاش وتوویـژێکی زۆر لـە لایـەن ئەنـدامانی بەشـداری کۆنفرانسەکەوە لە هـەر تـەوەردا هۆکـارو رێگاچارەکان دەستنیشان کران.

لـە بەشـی کۆتـایی کۆنفرانسـەکەدا راپۆرتێکی کۆنکرێت بە مەبەستی هەرچی زیـاتر روونبوونـەوەی هۆکـارو چارەسـەرییەکانی تـیرۆر لـە هـەرێمی کوردسـتانداو دانـانی یاسـایەکی روون‌و شەفافی دژە تیرۆر، بۆ پێشکەشکردن بـە پارلمانی کوردستان ئامادە کرا.

جێ ئاماژە پێدانە کە گرنگیی ئەم کۆنفرانسە لـەوەدا بـوو کـە دیـاردەی تـیرۆر لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـە وردی‌و زانسـتییانە کەوتـە بـەرباس‌و شـی کرایـەوە. هەربۆچـە چـاوەڕوانی دەکرێ کە کاریگـەریی پـۆزەتیڤی لـە سـەر چارەسـەریی تیرۆریـزم لـەم هەرێمەدا هەبێ.

کوردستان
ژمارە: ٤٣٠(١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٤)

# لەمەڕ لیێۆ تۆلستۆی

ن: گئورك لوکاچ
و: لە فارسی‌یەوە: شەریف فەلاح (هێژا)



گۆڕانی کۆمەڵگای بورژوایی دوای شۆڕشی ١٨٤٨ هەلومەرجی زەینی ئیمکانی سەرهەڵدانی ریالیستی گەورەی لەبەین برد. ئەگەر ئەم سرینەوەیە لە ڕوانگەی نووسەرەوە لێکبدەینەوە، لە قوناغی یەکەم دا دەبینین کە نووسەرانی ئوورووپایی لەم قۆناغەدا زیاتر دەبن بە چاولێکەرانی یەکدەست و ڕەها و بینەرانی ڕەوت و بزاڤە کۆمەڵایەتی‌یەکان، دروست بە پێچەوانەی ریالیستەکانی پێشوو کە لەم ڕەوتانە ئەزموونیان وەرگرتووە و تێیایدا بەشداریان کردوە، دەسکەوتەکانیان ئەنجامی ژیانی خۆیان بوو و تەنیا بەشێك لەو سەرچاوەیە بوو کە ئەوان بۆ وێنا کردنی واقعییەت لەچنگیان دا بوو.

ئەم مەسەلەیە کە نووسەر دەبێ ئەزموونی لێوەربگرێ یا ئەو شتەی پەسندانی دەکات تەنیا پێویستی بە تێرامان و دیتن هەیە و هیچ کات مەسەلەیەکی جیاواز و تاك و سنووردار و تایبەت بە چوارچێوەی هونەر نییە، بەڵکوو هەموو پێوەندییەکانی نووسەرە لەگەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵدا دەگرێتەوە. نووسەرانی پێشوو لە خەباتە کۆمەڵایەتییەکان دا بەشدارییان دەکرد و چالاکی نووسەران یان بەشێك لەم خەباتە بوو یان دژکردەوەیەك بە شێوەی ڕێگەچارەی ئیدئۆلۆژیکی و ئەدەبی لەبارەی مەسەلە گرینگ و پڕبایەخەکانی سەردەم.

لە خوێندنەوەی ژیاننامەی ریالیستە بەناوبانگەکانی پێشوو، لە "سویفت" و "دفۆتە"وە بگرە تا "گوتە" و "باڵزاك" و "ئیستاندال" بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ کام لەوان لە درێژەی قۆناغەکانی ژیانیاندا تەنیا نووسەر نەبوون، بەڵکوو پێوەندیی چەند لایەنە و خەباتخوازانە لەگەڵ کۆمەڵگا لە بەرهەمەکانیاندا بە شێوەیەکی پۆزەتیف ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام ئەم شێوە ژیانە ئاکامی هەڵبژاردنگەلی تاکەکەسی ئەوان نەبوو. بێگومان زولا لە نێوەڕۆکی خۆیدا نیسبەت بە "گوتە"وە چالاکتر و خەباتگێڕتر بوو. بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی‌یەکە ئاستی ئالۆزی و بەرەنگاریخوازیی پێوەندیی نووسەر لەگەڵ کۆمەڵدا دیاری دەکات، بەو چەشنەی پێوەندییەك کە لە ژیانی گرینگ و پڕ لە ئەزموونی "گوتە"وە سەرچاوەی دەگرت. ئەم پێوەندییە لەسەر ئەم ژێرخانەیە کە کۆمەڵگایەك کە نووسەر تێیایدا دەژی تا چ ئاستێك بتوانێت بە هەموو هۆگری و خۆشەویستی‌یەوە خۆی تەرخانی مەیل و بەریانگەلی مێژوویی گرینگ و ئیدئۆلۆژیکیی بکات.

کاتێ کۆمەڵگای سەرمایەداری پاساو بۆخۆی دێنێتەوە، ئەوەندە پێداویستی بۆ نووسەرانی گەورە و بەناوبانگی بورژوایی بەرەو لاوازی دەچێت و کەم دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە نووسەرگەلی زۆر هەبوون کە لە کۆرانکارییەکانی کۆمەڵگای بورژوایی دوای ساڵی ١٨٤٨یان بە تەواو هۆگری بوونیانەوە ئەزموونیان وەرگرتوە. بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە بە چ شێوەیەك بوو و بۆ نووسەرێك کە خۆی تەرخان کرد توانی چ ئەنجام و ئاکامێکی ئەدەبی بۆی هەبێ؟ "گوستا" و "فریتاك" و "ژرژوانە" لە گورانی توێژی وردە بورژوای ئاڵمان و فەرانسە ئەزموونیان وەرگرت و دەرکەوتن و ناوبانگی خێرانی خۆیان مەدیوون و قەرزداری گەرمیی و چرپڕی ئەزموونی خۆیان دەزانی. بەڵام ئەوان ژیانی بێ بنەما، سنووردار، وردە کارگەلی ساکار و تەژی لە درۆ و نهێنی‌کارییان وێنا کرد و لە بەراورد لەگەڵ ئامرازێکی لاوەکی، سنووردار و نارێکدا بە ئەنجامیان گەیاند. تەنیا لەچەند نموونەدا ئەزموونێك لە پێوەندی لەگەڵ مەیل و ویستگەلی نەریتخوازی‌دا دەستکەوتێکی بە بەها و بایەخی ئەدەبی هەبووە (ئەمەش لەبارەی مێژووییەوە بێ بایەخ و بێ پێگەیە).

کاتێ تۆلستۆی لە ڕۆمانی "شەڕ و ئاشتی دا بە داربەڕوویەکی پڕ گرێ و لق و پۆی بێ گەڵا دا هەڵدەڵێ و پەسنی دەکا، "ئاندری بالکۆنسکی" خەمبار و خەمین لە بیرو ئەندێشەدا یە، بەڵام داوی گەڕانەوە لەلای "ڕاستۆف"ەکان سەرەتا پێی ناکرێ دارەکە ببینێتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا داری گۆڕاو و داپۆشراو و پڕ لە گەڵای تازە دەبینێتەوە.

ئەگەرچی "تواستۆی" بە چەمکی سروشتی بێ گیانی "فلۆبێر" – مووپاسان هیچ ڕەسەنایەتییەکی بەدار نەبەخشیوە، لەناکاو بە هێز و توانایەکی شاعیرانەوە تیشکی خستۆتە سەر ڕەوتی شێواو و ئالۆزی دەروونناسی‌یەوە.

لە بەرهەمەکانی تولستووی دا تەنانەت پێوەندی جیاواز و دژبەرن. قوناغی گۆڕان و گەشە کردنی ئەوە دەردەخات کە لە چینی حاکم دەسەڵاتداری ڕووسی بێزارە و قین و نەفرەتێکی باڵای بە هەموو زاڵمان و چەوسێنەرانی خەڵکی کۆمەڵگای ڕووسی هەیە. ئەو لە کۆتایی‌یەکانی تەمەنی‌دا ئەوانی بە دەستەو تاقمەگەلی بە تەواوەتی پاسیو و پەست ناکەس دادەنا. لەم ڕووەوە لە کۆتایی چالاکیە ئەدەبیەکانی خۆی دا بە ریالیستەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم زۆر نزیك بووەوە. جا چۆنە کە، بەم پێیەی کە، تولستووی نووسەر هیچ کات نەبوو بە فلۆبێر و مووپاسان؟ یا ئەگەر بمانەوێ مەسەلەکە بە کاتەکانی قۆناغی یەکەمی گەشە و گۆڕانی تۆلستۆی، واتە ئەو دەمەی کە هێشتا باوەڕ و هیوای هەبوو کە دژایەتیی نێوان ساحیب مڵك (ئاغا) و وەرزێر دەکرێ بە ڕەوش و شێوەگەلی باوکسالارانە چارەسەر بکرێ پەرە پێ بدەین: بە چ شێوەیەکە تەنانەت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی "تۆلستۆی"یش دا هیچ شوێن پێیەك لە ساکاری و ساویلکەیی کە لەناخی ریالیستەکانی خاوەن هەست و دەرکی ئەم دواییانە دەبینرێ بەرچاو نەدەکەوت. ئەمە چۆن دەتوانین لێکبدەینەوە، لەحاڵێکدا تۆلستۆی بزووتنەو سۆسیالیستی چینی کرێکاری تەنانەت کەمتر لە هاوسەردەمانی ڕۆژئاوایی خۆی دەرك پێدەکرد؟ لێرەدایە کە "لینین" بە ڕاڤەی تاریف و پێداهەڵگوتنانەی خۆی کلیل و ڕازی دەرکی نهێنی تۆلستۆی دەردەخات. کۆمەڵناسانی پاسیو ئاماریکیان لە کۆمەڵێ کەسایەتی کۆ کردۆتەوە کە گوایە تولستووی وێنای کردوە، و بە پێی ئەم نووسراوانە ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە تولستووی بە گشتی ژیانی ساحێب مڵکەکانی ڕووسی وێنا کردوە و تیشکی خستۆتە سەری. ڕاڤەگەلێکی لەم چەشنە لانی‌کەم دەتوانێت ناسینێکی گشتی لە ناتۆراڵیستگەلێك بخاتە بەردەست کە هەر شتێك لە بەرامبەر خۆیان دا دەبینن خێرا و بەبێ هیچ پەیوەندییەك بە کۆمەڵ و کۆی واقیعی کۆمەڵایەتی تاریفی دەکەن و پێیدا هەڵدەڵێن. کاتێ ریالیستە گەورە و بەناوبانگەکان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مەسەلە گرینگ و گەورەکانی کۆمەڵ بە وێنا دەکێشن هیچ کات ئەم کارە بەرەو شێوەیەکی ئاوەها سادە و لاوەکی و خێرا بەجێ ناگەیەنن. لە بەرهەمی ریالیستی گەورە و بەناوبانگ دا هەموو شتێك بە یەکەوە پێوەندی هەیە. هەر دیاردەیەکی چەند دەنگی بەشەکانی پێکهێنەر، پێکهاتەیەکی ئاڵۆز لە تاك و کۆمەڵ، جەستە و ڕۆح و بەرژەوەندیی تایبەت و کاروباری گشتی نیشان دەدات و چونکە چەند دەنگیی کۆمپۆزیسیۆنەکەیان ناڕاستەوخۆ و ئەکتەرەکانیان زۆر و لە ڕادەبەدەرن ناتوانن جێگای یاری و ڕۆڵ نواندن ببیننەوە. ریالیستە گەورەکان بەردەوام کۆمەڵگا بە کانگاو سەرچاوەی وزە و جووڵە و ئەکتیڤی دادەنن و ئەم کانگا و ناوەندە، دیارو نادیار، لەهەر دیاردەیەك دا بوونی هەیە و خۆی دەردەخات. نموونەی بەرچاو و دیار باڵزاکە. باڵزاك نیشانی دەدات کە بە چ شێوەیەك سەرمایە ـ کە ئەو بە دروستی لەو کاتەدا لە شێوە و فۆرمی سەرمایەی ماڵی دا دەیدیت ـ لە فەرانسە دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت.

باڵزاك لە "کوبسك"ەوە تاکوو "نووسینگێن" ڕیزێکی درێژ و نەبڕاوە لە نوێنەران دەست بەجێ ئەم هێزە شەیتانییەی خولقاندوە. بەڵام ئایا ئەمە ڕاڤەی دەسەڵاتی سەرمایەی ماڵی‌یە لە جیهانی باڵزاك دا؟ ئایا کاتێك وبسك مەیدانی دەسەڵات بەجێ دێڵێت حاکمیەت و دەسەڵاتی ئەو کۆتایی پێدێت؟ نا، گوبسك بەردەوام و هەمیشە پڕە لە گوبسك و هاوچەشنەکانی. ئێستا ئەگەر نێوەڕۆك و کاکڵی سەرەکی عەشقە یا هاوسەرێتی، هاورێیەتییە یا سیاسەت، لە خۆبوردن یا بەرخودان، "گوبسك" وەك قارەمانی سەرەرکیی نادیار لە هەموو جێگایەك دیار و ئامادەیە، و ئەم بوونە ئامادەیە دیار و نادیارە ڕاشکاوانە و بەرچاو لەسەر تەواو کاروکردەوە بزاڤەکانی کەسایەتیی باڵزاك کاریگەری دادەنێت.

تۆلستۆی شاعێری بزووتنەوەی جووتیارییە کە لە ساڵی ١٨٦١تا ١٩٥٠ درێژەی هەبووە. لە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ژیانیدا، جووتیاری چەوساوە هەمان قارەمان و کەسایەتیی ئامادەی دیارەو نادیار، چاو لە تاریف و وێناکردنی ژیانی شازادە "نێخلیۆدۆف" بکەن لە ڕۆمانی هەستانەوە کە لە ئاخرین بەرهەمی "تۆلستۆی"یە:

ئەو کارێکی دیکەی نەبوو بێجگە لەوەی جل و بەرگێکی جوانی ئۆتوو بوو و شانەکراو لەبەرکا، کە نەك خۆی بەڵکوو کەسانی‌تر بورڕۆسیان کێشابوو و بۆیان دروو بوو، کڵاوێکی نیزامی بکاتە سەری و دەمانچەیەك ببەستێتە پشتی کە ئەویش خەڵکی تر دروستیان کردبوو و بۆیان ڕێکخستبوو و دابوویانە دەستی‌یەوە، سواری ئەسپێك بێت کە دیسان ئەویش کەسانی دیکە پەروەردە و باریان هێنابوو تا بەرەو مەیدانی ڕێژە و دیتن یا پشکنین.... بئاژوێ.

وەها پەسن و وێناکردنێك لە بەرهەمی "تۆلستۆی"دا بەرفراوان دەبینین، بە دڵنیاییەوە خاوەنی وردە کاریگەلێکی زۆریشن. بەڵام ئەم وردەکارییانە بۆ ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندیگەلێکی بەرچاو کە وێنا دەکرێن نیە، بەڵکوو تەئکیدێکە لەسەر دەروەست بوونی کۆمەڵایەتی کە پێویستی کەڵك وەرگرتن لە وەها باس و بابەتگەلێك دێنێتە گۆڕێ و ئەم دەروەستە کۆمەڵایەتی‌یە باس لە چەوسانەوەی جووتیاران بەدەستی ئاغا و خاوەن زەوییەکان دەکات.

لە بەرهەمەکانی تۆلستۆی‌دا، جووتیاری چەوساوە، دیارونادیار، نەتەنیا لە دیاردەگەلی بچووکتر و گەورەتر دا ئامادەیە و بەشدارە بەڵکوو هیچ کات لە شعووری کەسایەتییەکان بەدوور نیە. پیشەوکاری کەسایەتییەکان و دەروەست بوونەکانی و هەر خوێندنەوە و ڕوانگەیەك کە مرۆڤەکان لێیان هەیە، شارەزایانە یا ناشارەزایانە، پێوەندی بە بابەتگەلێکەوە هەیە کە کەم و زیاد بێ ئاڵقەیەکی پێوەندی بە مەسەلەی سەرەکییەوە گرێ دەدرێ.

ڕاستە کە کەسایەتییەکانی تۆلستۆی و خودی تۆلستۆی زیاتر ئەم کارە تەنیا لەسەر بنەمای تاکەکەسی و ئەخلاقی دەبەخشن کە چۆن دەکرێ ژیان بە چەشنێك ڕێکبخەین و دابڕێژین کە مرۆڤەکان بەبێ پیس و گڵاو کردنی ئەخلاقیان هێز و توانای کاری خەڵك بە چنگەوە بگرن و سەقەتی بکەن؟

تۆلستۆی لە ژیانی‌دا و لە زمانی کەسایەتییەکانی زۆرێك لە بەرهەمەکانییەوە وەڵامگەلێکی نادروست ونەریتیی زۆری بەم پرسیارانە داوەتەوە. لە بەرهەمی تۆلستۆی‌دا گرینگ پرسیارگەلێکە کە گەڵاڵەی دەکا و دەیهێنێتە گۆڕێ نەك ئەو وەڵامانەی کە پێیان دەداتەوە. "چخۆف" لەبارەی تۆلستۆیەوە ڕاست دەڵێت کە هێنانە بەرباسی ڕاست و دروستی مەسەلە شتێکەو دیتنەوەی وەڵامەکەی بە گشتی شتێکی جیاوازە "هێنانە گۆڕ و گەڵاڵەی دروستی مەسەلە" لەمەڕ تۆلستۆیەوە نابێ زۆر بە جیدی بگرین. ئەو فیکر و ئەندێشە ئاڵۆز و پەرێشان و ڕۆمانتیکییەی کە یەکێك لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانە سەرەتاییەکانی تۆلستۆی دەردەبڕێ ئەوەندە گرینگ نیە. گەڵاڵەگەلی فانتازیایی و ئارمانگەرایانەی تۆلستۆی بۆ ڕزگاری جیهان بنەڕەتی نیە، یا لانی کەم ئەمانە تەنیا گەڵاڵەگەلی گرینگ و سەرەکی نین. ئەمانە لە بنەڕەت دا پێوەندییان بە دژکردەوەی جووتیارانەوە هەیە بەنیسبەت گەڵاڵەگەلی ڕزگارییەوە، نەبوونی متمانەی دوژمنانەیان، ترسی سروشتی لە گەڵاڵە و پیلانی تازەی خاوەن ملك و زەوی کە بێجگە لە شێوەی نوێی کڵاولەسەرنان و فریودان شتێکی دیکە نییە. هەرچی گەڵاڵەکان باشتر بخرێنە بەردەست، فریودەرانەترە. تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شتانەدایە کە دەکرێ لەواتای "گەڵاڵەکردن و هێنانە گۆڕی دروستی مەسەلە"ی "چخۆف" لەبارەی تۆلستۆیەوە قسە بکەین. خستنە بەرباسی دروستی مەسەلەی تۆلستۆی بابەتگەلێکی تریش دەگرێتەوە، هیچ کەس پێش لە ئەو دوو میللەتی ئاوەها بە شێوەیەکی هەست پێکراو و زیندوو وێنا نەکردوە. دژایەتییەکی گەورە لەم حەقیقەدا هەیە لەحاڵێك دا هەوڵو تەقەلای خۆئاگایانەی بەردەوام ئەو بەرەولای زاڵی و سەرکەوتنی مەزهەبی و ئەخلاقیی ئەم دابەشکردنە ویشك و لاوەکییەی کۆمەڵ بە دوو ئۆردووگای دوژمن ڕێنوێنی دەکرد، ڕاستی‌یەك کە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا بە وەفادارییەکی نەگۆڕەوە وێنای دەکرد و بەردەوام ناکردەیی بوونی ڕوئیا و فانتازیای دڵخوازی نووسەری دەخستەڕوو. گۆڕان و گەشەی تۆلستۆی ڕێگاگەلێکی پڕ کەندوکۆسپ و ئاڵۆزی تێپەڕاندووە، ئەو خەیاڵی زۆری لەدەست دا و خەیاڵی نوێی وەدەست هێنا. تۆلستۆی بەناو شاعێری گەورە و بەناوبانگی ڕاست بێژ لە نێوەڕۆکی ئەوەی کە نووسی بەردەوام دابەشکردنی چارەسەرنەکراوی دوو میللەت واتا چینی خاوەن مڵکان و جووتیارانی ڕووسیەی وێنا کردوە.

ئەو لە بەرهەمەکانی چاخی لاوێیەتیدا، وەکوو: "قەزاقەکان"، نەگۆڕی‌یەك فۆرمی خۆی بە شێوەیەکی گریان و پێداهەڵگوتن و شوانی نیشان دەدات. لە ڕۆمانی "هەستانەوە"دا. "ماسلووا" بە پەشیمانیی "نێخلیۆدۆف" ئاوەها وەڵام دەداتەوە: ((تۆ دەتەوێت ڕۆحت لە ڕێگای منەوە ڕزگار بکەی، ها؟ لەم دنیایە دا لەمن بۆ چێژ و خۆشی‌یەکانت کەڵك وەرگرت و ئێستا دەتەوێت لە دنیایەکی دیکەدا بۆ ڕزگاریی ڕۆحت کەڵك وەربگری!))

تۆلستۆی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەموو ئامێری دەربڕینی ناوەکی و دەرەکی خۆی گۆڕی، لە شێوەکانی فەلسەفە کەڵکی وەرگرت و دوایە هەموویانی وەلا نا، بەڵام وێنا و ڕۆخساری "دوو میللەت" هەر وەك بناغە و بڕبڕەی پشتی بەرهەمەکانی لە بنەتاوە تاکوو کۆتایی هەروەك خۆی مایەوە. تەنیا دوای دۆزینەوەی مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتی هونەر "تۆلستۆی"یە کە جیاوازی شێوەی دەربڕینی تۆلستۆی لەگەڵ ریالیستەکانی ڕۆژئاوای سەردەم ـ بەبوونی وێکچوونی هاوبەشی بابەت و تەوەرە دەردەکەوێ. وەکوو هەموو نووسەرانی بە کردەوە و ناوازەی سەردەم، تۆلستۆی زیاتر لە ڕابردوو لە چینی دەسەڵاتدار دووری گرت، ژیانی ئەوانی بە لووتکەی گوناح، بێ واتا، خاڵی و غەیرە مرۆڤانە دادەنا. بەڵام نووسەرانی ڕۆژئاوایی سەرمایەدار ئەگەر لە بەرامبەر دەسەڵاتداران دا ئەم هەڵوێستەیان بە جیددی نیشان دابا بەرەولای دۆخی بینەرانی تەریك کەوتە ـ بەو هەموو ئاڵۆزی و گەندەڵییە هونەرییەی کە هاوسەنگ و تەواوکەری وەها هەڵوێستێکە ڕادەکێشران. تەنیا دەرك و تێگەیشتنی جیددی لە خەباتی چینی کرێکار بۆ ڕزگاری و ئازادییان توانی ڕێگایەکی غەیر لە تەریکی و پەراوێزیان پێ نیشان بدات. تۆلستۆی ڕووسی بەوەی کە لە وڵاتێکدا دەژیا کە تێیایدا شۆڕشی بورژوایی هێشتا دروشم و دەستووری ڕۆژ بوو، بەڵام بە وێنا کردنی بزووتنەوەی جووتیاران دژی زوڵم و چەوسێنەریی ئاغایان و سەرمایەداران و دوو میللەتی گۆڕەپانی کۆمەڵگای ڕووسیەیە، کە توانی دوواهەمین نووسەری گەورەی ریالیستی سەردەم بێت.

## بەرز ڕاگرتنی یادی شاعیر سوارەی ئیلخانیزادە

ئەم ڕێورەسمە لەلایەن ناوەندی فێرکاری و فەرهەنگیی سۆما لە بۆکان لە ڕێکەوتی ٢١/١٠/٢٧٠٥دا بەڕێوە چوو.

ئەم کەسانەی خوارەوە بابەتەکانیان پێشکەش کرد. دەسپێك و بەخێر هێنانی میوانان لەلایەن سەید یاسین قورەیشی بەڕێوەبەر و ئەندامی ئەم کۆڕە. پێشکەش کردنی وتار لەلایەن مستەفا ئیلخانیزادە بەرپرسی کۆڕی ئەدەب. وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر شێعری شاری کاك سوارە لەلایەن خالید عینایەتی ، وتار لەسەر شێعری خەوە بەردینە لەلایەن سەعید نەجاری (ئاسۆ)، خوێندنەوەی لە شێعری کچی بەیان لەلایەن هونەرمەند زانا عەبدوللاهی بە ئاواز لەگەڵ گیتار، شێعر و وتار لەلایەن شوانە (ڕەسووڵ چووپانی) ئەندامی شوڕای شار، خوێندنەوەی شێعر لەلایەن فەریدە کەریم ئازەر، لێدوانی بەکۆڕ لەلایەن خالید عەسکەری، دوکتور عومەر حیسامی و مستەفا ئیلخانیزادە. پێویستە بوترێ ئەم ناوەندە ماوەی سێ ساڵە لەبارەی فێرکردن و ڕاهێنانی لاوان بە زمانی کوردی لە بۆکان و دێهاتەکانی دەوروبەر دەستێکی باڵای هەبوە. خەڵکیش پێشوازیەکی باش لە کلاسی فێربوونی کوردی دەکا, کۆڕو کۆبوونەوەی جیاجیا بۆ گەلێك بار دەگرێ و لە گەلێك بوار دا تا ئەو ئەندازەیەی زۆر بەکار هاتووە.

# ئەرەستۆ و ڕەخنەی ئەدەبی

**(٣٨٤ تا ٣٢٢ی پێش زایین)**

**بەشی دووهەم و كۆتایی**

**و: قادر وریا**

بۆمان هەیە هەر ئەم پێوەندییە ئایدیالە لەنێوان بەشە جۆراوجۆرەكانی تراژیدیا دا ناو بنێین فۆرمی لۆژیكی (شكل منطقی). بەڵام لە تەنیشت ئەم فۆرمە لۆژیكییە، فۆرمی ئەخلاقییش هەیە. پاڵەوانی تراژیدیا كەسێكە یەكپارچە بەرزی و دادپەروەری نیە، بەڵام ئەو دڵڕەقیەش كە تێی دا پێك هاتوە بەرهەمی تاوانكاری و گەندەڵبوون نیە، بەڵكوو لە هەندێك هەڵە و ناتەواوییەوە سەرچاوەی گرتوە كە تێیدایە. ئەو كەسە دەبێ ببێتە خاوەنی ناوبانگێكی بەرز و هێزێكی زۆر، كەسێكی وەك "ئۆدیپۆس" و "تیست" و كەسایەتییە بەناوبانگەكانی ئەم جۆرە بنەماڵانەن. كەوابوو قارەمانی (پاڵەوانی) تراژیدیا خاوەنی هێندێك لاوازی و كەم و كوڕییە، با هەبوونی ئەم خاڵە لاوازانەش بەرهەمی خەتا و كەمتەرخەمیی خۆی نەبن. كاتێكیش پەنا بۆ ئەوپەڕی دڵڕقی دەبا، هەستی دادپەروەریخوازیی ئێمە ناوروژێنێ. ئەم بابەتە لەگەڵ فۆرمی عاتیفیدا كە لەكاتی باس لە كاریگەریی تراژیدیا دا ئاماژەمان پێ كرد، بەتەواوی گونجاوە. ئەم قسەیە كە پاڵەوانی تراژیدیا دەبێ سەر بە بنەماڵەیەكی گەورە بێ، هەر تەنیا بۆچوونی ئەرەستو نەبوو. بەڵكوو زۆر لە ڕەخنەگران و شانۆنامەنووسان لە سەرەتاوە هەتا سەردەمی ئێمە هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون. پێداگرتنی ئەرەستۆ لەسەر فۆرم، دەرەتانی ئەمەی بۆ پێك هێنا تا ئەو بوختانەی ئەفلاتون بە شاعیرانی دەكرد و بە شێتی دەزانین، بەرپەرچ بداتەوە لە هونەری شاعیری، بەرلەوەی هونەری پیاوە شێتەكان بێ، هونەری كەسانی خاوەن ئیستعدادە. چونكە شاعیر بەر لەوی بتوانێ لاسایی كەسانی دیكە بكاتەوە، دەبێ پێ بنێتە نێو



جیهانی دەرد و مەینەتییەكانیان و هەست بە تووڕەیی و لێقەوماوییان بكا. كەسێك كە شێتی، هۆش و ئارامیی لێ ستاندۆتەوە، مومكین نیە بتوانێ ئەم كارە بكا.

ئەرەستو هەوڵ دەدا هەموو ڕەخنە گرنگەكانی پلاتون، وەڵام بداتەوە. بۆ وێنە لەبارەی ئەم بوختانەی ئەوەوە كە شاعیران بۆ نموونە بە شێوەیەكی نەك وەك ئەڕڕابە لێخورەكان ڕاست و وردبینانە، دەكەونە پەسنی پێشبركێی ئەڕڕابە لێخورین و زێدەڕۆیی و درۆی لەگەڵ دا دەكەن، وەڵامی ئەرەستۆ ئەوەیە كە پێوانەی ڕاستی لە هونەری شێعر دا لەگەڵ پێوانی ڕاستی لە ژیانی ڕاستەقینە یا هونەرەكانی دیكەدا جیاوازە, تەنیا هەڵەیەك كە لە شێعردا گرنگە، كاتێك ڕوو دەدا كە شاعیر توانای لاسایی كردنەوەی نەبێ و تێیدا سەركەوێ. بەڵام ئەگەر لەبارەی خاڵێكی تایبەت بە پزیشكی یا بابەتێك لە بوارێكی دیكەدا تووشی هەڵە بوو، ئەم هەڵەیە، خەتایەكی شێعری نیە. بە دەربڕینێكی دیكە، ئەرەستو وەڵامی قسەكانی سوقرات لە ریسالەی "ایوان"دا دەداتەوە، هەر بەم جۆرە كە دەبوایە "ایوان" خۆی وەڵامی دابایەوە. مەبەست یا ئامانجی شێعر، هەمان مەبەست یا ئامانجی ئەو كەسە نیە كە دەیەوێ فێری لێخورینی ئەڕڕابە بێ. ئەرەستو هەروەها لە دەرفەتێك دەگەڕێ بۆ ئەوەی وەڵامی نارەزایەتی دەربڕینی فەلسەفیی ئەفلاتونیش بداتەوە. ئەفلاتون دەیگوت شاعیر بە لاسایی كردنەوەی شتێك ( كە ئەم شتە بۆ خۆی لاسایی كراوەی نموونەی باڵایە) دوو قۆناغ لە حەقیقەت دوور دەكەوێتەوە. بەڵام ئەرەستو بە بیری دێنایەوە كە شێعر لە كێشە ئاساییەكانی ژیان گشتیترە. "كاری شاعیر گێڕانەوەی ئەو كاروبارانە نیە كە ڕوویان داوە، بەڵكوو ئەوەیە كە ئەو كار و ڕووداوانەی بە گوێرەی قانوونی "ئیحتیمال" و "ضروره" لەوانەیە ڕوو بدەن باس بكا" لێرەدایە كە باسی جیاوازیی بەناوبانگی نێوان مێژوو و شێعر دەكات. بەم هۆیەوە كە شێعر لە مێژوو فەلسەفیترە و جێگایەكی بەرزتر لە مێژووی هەیە. چونكە شێعر باسی كاروباری گشتی دەكا و تاریخ باسی وردە كاروبار. هەر بەم هۆیەشەوە كە لە شێعر دا كارێكی مەحالی "محتمل الوقوع"، لەكارێكی مومكینی بڕوا پێ نەكراو، پتر وەردەگیرێ. ئەم خاڵە دەربڕی ئەم ڕاستییەیە كە شاعیر هەر وەك ئەفلاتون پێی وابوو تەنیا لاسایی دیاردە سروشتییەكانی ناكاتەوە، بەڵكوو بە كردەوەش لە حەقیقەتی نموونەی باڵا نزیك دەبێتەوە. چونكە بە گوێرەی ڕوون كردنەوەی ئەو، شاعیرانە شتەكان و دیاردەكان نەك بەو جۆرەی هەن، بەڵكوو بەو جۆرە كە دەبێ ببن، وێنا دەكەن. ئەم پێداگرتنە لەسەر گشتی بوونی كارەكە كە لە سەرەتادا تەنیا بە مەبەستی وەڵامدانەوە بە ئەفلاتون هاتبووە گۆڕێ، لە هەموو جێیەكی ڕوانگەی ئەرەستو لەبارەی ئەدەبیات دا، بەدی دەكرێ.

بەم هۆیەوە كە شێعر لە كاروباری گشتی دەدوێ، كەسایەتییەكان و هەروەها گەلاڵەی داستانێكیش كە بە شێعر دەردەبڕدرێ، دەبێ گشتی بن. هەموو تراژیدیا كلاسیكەكان هەر لە ڕۆژگاری ئەرەستۆوە تا سەردەمی لویی چواردەهەم بەپێی ئەم تێگەیشتنە پێك هاتون. ئەرەستو لە پێوەندی لەگەڵ كەسایەتییەكانی داستان دا دەڵێ كە چاكە لەنێو هەموو تاقم و چینەكان دا هەیە. تەنانەت ژنیش دەتوانێ خاوەنی ڕەوشتی چاك بێ، هەروەها كۆیلەش. ئەگەرچی ژن لەباری پلە و جێگاوەش لە پیاو نزمتر بێ، یا كۆیلە بە بوونەوەرێكی بەتەواوی نزم و كەم بژمێردرێ." دیارە شاعیرێك كە لەسەر ئەم بیروڕا و بۆچوونانە بڕوا، شەهریاران (پادشاكان) وەك شەهریاران و پیاوانی چاك، وەسف دەكا نەك وەك كۆیلە و ژنانی چاك. ئەم پێداگرتنە لەسەر ڕەوشتی كەسەكان، هونەری كلاسیك لە هونەرە ڕومانتیك و ریالیستەكان جیا دەكاتەوە. لە بەرهەمەریالیستی و ڕۆمانتیكەكان دا لەوانەیە پادشایەك هەبێ كە هیچ ئاكار و كردەوەیەكی لە كردەوەی پادشایان نەچێ، جا چ بەو هۆیەوە بێ كە نووسەرەكەی مەبەستی خولقاندنی بەرهەمێكی سەرنج ڕاكێش و نوێ بێ، چ بەو هۆیەوە كە مەبەستی نووسەر وەك لە بەشەكانی دیكە دا دەبینین، وێنا كردنی هیندێك بەشی ژیانی ڕاستەقینە.

ئاشكرایە كە ئەرەستۆ مەبەستی هەموو جۆرە درامێك نەبووە، بەڵكوو لەبارەی درامی یونانییەوە دەدوا كە ئاشنا و ئۆگری بوو. ئەو ئەدەبیاتەی ئەرەستو لێی دەدوا، ئێستا بە ئەدەبیاتی ڕۆژگاری ڕابردوو دادەنرێ و تایبەتە بە زمانێك و گرووپێكی تایبەتی لە خەڵك. ئەو وەك زۆربەی خەڵكی ڕۆژگاری كۆن، تێگەیشتنێكی زۆر كەمی لە مێژوو هەبوو. بەڵام ئێمە كە نە ئەفلاتونی و نە ئەرەستۆیین، بەڵكوو ئەمڕۆیی و نوێین، دەتوانین بە یارمەتیی تێگەیشتنی خۆمان لە مێژوو، حەق بدەین بە ئەرەستو و سەركۆنەی نەكەین كە بۆچی ئەو كارانەی نەكرد كە كەسانی دیكەی هاوچەرخیشی نەیانتوانی بیكەن. دەسكەوتە بەرچاوەكانی بۆ ئێمە هەر دەمێننەوە. ئەرەستو نەك لەبارەی هەموو ئەدەبیاتەوە، بەڵام لەبارەی ئەدەبیات لە هەموو چەرخەكان دا، زیاتر لە هەر ڕەخنەگرێكی دیكە ڕاستییەكانی بۆ ئێمە، ڕوون كردەوە. هەتا پتر "هونەری شێعر" بخوێنینەوە، پتر دێینە سەر ئەو باوەڕە كە گرنگترین پاڵنەری ئەرەستو بۆ نووسینی ئەم كتێبە، وەڵامدانەوە بە ڕەخنەكانی ئەفلاتون بووە. ئەم كارەشی بە باشترین شێوە ئەنجام دا. دەبێ سوپاسی ئەفلاتون، دوژمنی شێعر بكەین كە بوو بە ئیلهامدەری داكۆكیی پڕشنگدارانەی ئەرەستۆ لە شێعر.

**كتێبی "تاریخ كوتاه نقد ادبی"**
**(مێژووی كورتی ڕەخنەی ئەدەبی)،**
**نووسینی "ورنون هال"،**
**وەرگێڕان بۆ فارسی: موجتەبا عەبدولانەژاد. چاپی یەكەم: ١٣٨٠**

# زەوی ژمارە ١٥، سێهەمین پیشانگای هونەرمەند وریا بداغی

**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**سێهەمین پیشانگای تایبەتیی هونەرمەند وریا بداغی (*) ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٦/١/٢٣ (٣ی ڕێبەندانی ٨٤) لە شاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی كوردستانی باشوور، كرایەوە.**

**زەوی ژمارە ١٥، سێهەمین پێشانگای هونەرمەند، كە بە هاوكاریی سەنتەری ئارتوررامبۆ كراوەتەوە بۆ ماوەی حەوتوویەك بۆ سەردانی هونەرمەندان و هۆگرانی ستایلی ئەنستالسیۆن لە سەرنتەری ئارتۆررامبۆ كراوە دەبێ.**

**لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شێوازە لە هونەری شێوەكاریی مودێرن و تایبەت بە پیشانگای زەوی ژمارە ١٥دا كورتە دیمانەیەكمان لەگەڵ هونەرمەند وریا بداغی پێك هێناوە كە لێرەدا دەیخەینە بەرچاوی هۆگران:**

**كاك وریا! ئەوە سێهەمین پیشانگای ئێوە لەم شێوازی هونەرییەدایە كە لە شاری هەولێر دەكرێتەوە، بۆیە پێشەكی ئەگەر دەكرێ سەبارەت بەو ڕێبازە لە هونەری شێوەكاری كە بۆ خەڵكی ئێمە نوێیە، شیكردنەوەیەكی كورتتان هەبێ؟**

- وریا بداغی: سەرەتا سوپاس و خۆشحاڵم بەوەی كە هاتون. پێم باشە ڕوونكردنەوەیەكم هەبێ، چونكە خودی ئەوە وەك شێوازو ستایلە، قوتابخانەو ڕێباز نیەو زۆرتر وەك ڕەوتێك چاوی لێ دەكرێ، ڕەوتێك كە زۆرجار لە زۆرشوێن ڕەخنەگرانی هونەر نەیان توانیوە بەهۆی بەربڵاوی كارەكان ناوی لەسەر دابنێن. ئێمە لە قوتابخانەكان دا شێوازێكی تایبەتمان بووە بەر لە ١٩٥٠ كە ناوێكی لەسەر بوو، بەڵام زیاتر دەبینی "ئەندیوار هۆڵ" خۆی قوتابخانەیەكە، یانی شێوازو ستایلێكی تایبەت بەخۆی هەیە، "ئولڵدنبێرك" شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە زۆرتر ئەوە وەك شێوازو ڕەوت دەناسرێ.

با بە گشتی ئەوە بڵێیم كە ئەنستالێشن ئارت یەكێكە لە لقەكانی پاش بزووتنەوەو ڕەوتی "پاپ ئار" كە لە پەنا بزووتنەوە هونەرییەكانی دیكە سەری هەڵدا، ئەنستالێشن ئارت، دانانی كەرەسەكانە، لە پیشانگاو لە شوێنەكانی نێو گالەری و دەرەوەی گالەری. سەرەكیترین یا ستراتیژی سەرەكیی ئەنستالێشن ئارت ئەوەیە كە پێوەندییەكی باشتر بە بینەرو بەردەنگ و دەگرێ لە هەمان كات دا زۆرجار وایە كەرەسەهایەك كە شیاوی دانان نیە ئەو دەیهێنێ لە گەلەریدا دایان دەنێ، بەڵام ئەوەی كە گرینگە سەر لە بەری ئەو كەرەسانەی لە پێشانگادا هەن بۆ یەك شتە، ئەویش بابەتە، یانی هونەرێكی بابەت دارە، هونەرێكی بە بابەت كە دەشێ بابەتەكان بابەتێكی كلتووری بن، بابەتێكی سیاسی بن، بابەتێكی ڕۆژانەو چیت چاو پێدەكەوێ بن، لێرەدایە كە ئەمە بە هیچ شێوەیەك دوور لە بابەت نیە، یانی هەموو ئەو لقە هونەرییانە بابەتی تایبەتی خۆیان هەیە بە تایبەت لە "ئەنستالیشن ئارت" دا.

**چۆنە هەرسێ كارەكەی ئێوە، واتە هەرسێ پێشانگاكەتان لەو شێوازەدا جێ دەگرێت؟**

- وریا بداغی: دەبێ بڵێم منیش زۆر گرینگی بە بەردەنگی كارەكەی خۆم دەدەم. پێم باشە بەردەنگ كاتێك كە دێ تێگەیشتن، لێكدانەوەو هەڵێنجانی خۆی هەبێ بۆ كارەكە، گرینگ نیە پەسندی دەكا یا ڕەدی دەكاتەوە. بۆ من گرینگ ئەوەیە كە بەردەنگی كارەكەم لێی تێبگا. پێوەندیی زیاتری پێوە بگرێ، پەسندی دەكا، پەسندی ناكا، من پێشنیاری خۆم پێداوە. ئەویش پێوەندی گرتنەوە بە خودی بەردەنگە بە تایبەت كە بەردەنگەكانی ئێمە لە كوردستان بە گشتی دەتوانێم بڵێم كە بە زۆرینە لە هونەری شێوەكاری پچڕاون، هونەری شێوەكاری تەقریبەن تووشی وەستان و تەعتیلی بووە كە لە باشوور پێی دەڵێن "عوتلە"، مۆسیقا باشترە، لایەنگری زۆرە، بەردەنگی هەیە، بەڵام شێوەكاری وانیە. ئیتر بۆیە ئەو شێوازەم هەڵ بژاردوە. حەزدەكەم زۆرترو زیاتر لەوەی لەسەر تابلۆیەك كار دەكەم یان ئەوەی تابلۆیەك بۆ نێو گەلەری بێنم ڕاستەوخۆ سەتریال هەڵ بژێرم، چ لەوە باشتر من مەتریال بە شێوەیەك دابنێم كە سێ بۆعدی هەبێ و بینەر بتوانێ لە هەموو بۆعدەكانەوە سەیری بكاو بكاو پێوەندیی باشتری پێوە بگرێ. دیارە لە خودی ئەستالێشن ئارت دا لە یەكەم قۆناغ دا ئەوەی ماتریالە ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕێ و زۆرجار ئیدی تابلۆ نیە. بەڵام هەمان بابەتی تابلۆیە كە دێتە نێو كارەوەو بە ماتریالی سەرەكی دادەنرێ.

**لەهەركام لەو سێ پێشانگایەی بەڕێزتان لەم شێوازەدا جۆرێك دەروەستبوونی هونەرمەند بە بابەت و كەلكەلەكان و ماتریالەكان دەبیندرێ یا من وای دەبینم، پرسیارەكەم ئەوەیە ئەوە خودی ئەنستالیش ئارتە كە هونەرێكی دەروەستە یا هونەرمەند لەو سێ پێشانگایەدا؟**

وریا بداغی: نازانم كارەكەی من چەندە دەروەستانەیە یا نا؟ ڕەنگبێ دووپاتبوونەوەی هەندێ شتێ تێدا بێ وەكوو ڕەگەز یا عونسور. ئەوە چەندە دەبێتە دەروەستبوون یا نا، نازانم. بۆ وێنە تۆ دەبینی لە هەر سێ لە كارەكانمدا مایەهایەكی تراژیدی پێوەدیارە، ناهۆمێدی تێدایە، بە تایبەت لەو كارانەی ئێستادا كە مایەهایەكی دادایستی و سوور ڕیئالیستییان تێ دایە، وەكوو بابەت.

من نەمویستوە دەروەست و "متعهد" بم، ئەنستالیشین ئارتیش بە هیچ شێوەیەك دەروەست نابینم هەر بڵاوو پەراكەندە دێ و هەر ئان و سات بابەتێك دیاری دەكا، سبەی ڕۆژ بابەتێكی دیكەو پاشان چی پێ باش بێ دیاریی دەكاو دەتوانم بڵێم بەپێی هەڵبژاردنی كەرەسەكان ئەوە دەردەكەوێ و لێرە لە بەرامبەر هیچ شتێك دا خۆی بە دەروەست و "متعهد" نابینێ، ڕاستەوخۆ وەڵامی ڕەت و ڕەفز بە زۆر شت دەدا كە جاری وایە بینەرو بەردەنگ سەریان سوور دەمێنێ، جاری واشە خودی ئەنستالیشن ئارت پەسند كردنی كۆمەڵێك كەرەسەو ماتریال و بابەتەكە بینەر پێی وانیە ئەوە لەوێدا دەبوایە ئەو كارە بكا. بۆیە دەروەست نیە نە بە نیسبەت كەرەسەو بابەت نە خودی هونەرەوە.

**زەوی ژمارە ١٥ لە چی دەدوێ یا خود دەیهەوێ لەچی بدوێ؟ بۆ ڕاست ١٥ حاڵەت و دۆخ؟ و وروژێنەرەكانت بۆ هەڵبژاردنی كەرەسەكان چ بوون؟**

وریا بداغی: لەسەر ئەم ١٥یە، باشترە ئاوا بدوێم كە ١٥ دۆخم نیشان داوە. ١٥ دۆخی نائاسایی گۆی زەوی. لە هەركام لە دۆخەكاندا گۆڕانی تایبەت بە سەر خودی ماتریالەكاندا هاتوە. بە كەڵك وەرگرتن لە چەندین كەرەسە بۆ وەی كە نیشانەبێ، پاشانیش وەكوو ڕەگەزی سەرەكی. بەڵام تایبەت بە ١٥، پێم خۆش بوو بینەر لێرە بەدوای ١٥دا بگەڕێ، یانی سەری هەر ١٥یان بدا، تێڕامان و خوێندنەوەو لێكدانەوەی خۆی بۆیان هەبێ. ١٥ لە ڕوانگەی منەوە دەسنیشان نەكراوە، بۆخۆشت كە دەیبینی ژمارەم لێ نەداون بەڵام ١٥ ئەو گۆی زەوییەیە كە بینەر بە دڵی خۆی هەڵیدەبژێرێ.

**لە زۆر لەو دۆخانەدا منداڵ دەور دەبینێ، حوزووری زیندوی هەیەو ڕەگەزی سەرەكییە. ڕەنگدانەوەی بیركردنەوەی هونەرمەند لەم بابەتە لە كارەكەیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەمە هێماو ئاماژەیەكی تایبەتە؟**

وریا بداغی: بەڵێ وایە. تۆ دەبینی هەموو دۆخەكان باس لە تراژیدی دەكەن، باس لە دۆخگەلێكی نائاسایی دەكەن، ئێمە دەبینین ئەوە گەورەكانن زۆر جار ئەو شتانە بەرهەم دێنن، ئەم دۆخانە ساز دەكەن. بە پێی پشت بەستن بە تیۆری و جاری وایە بە ئیدئۆلۆژییەكان، بە پشت بەستن بە چەك و تەقەمەنییەكان و كەرەسەكانی بەرهەم هاتووی جیهانی مودێرن. منداڵ لە هیچ كام لەوانەدا دەخالەتی تێدا نیە، بە دوور لە ئیرادەو ویستی ئەون، دەبینین لە یەكیاندا لەولاوە خەریكی كایەكردن و ماچ و مووچی یەكترن، بەڵام لەهەمان كاتدا گەورەترین كارەسات تووشی گۆی زەوی دەبێ كە ئەوان بێبەرین لەو شتە. لە هەمان كاتدا كە مرۆڤیشن.

**كەڵكەڵەو دغدغەكانی ئێوە لەم بابەتەدا، ژانەكان و ئازارەكانی پروفیشناڵ و جیهانین، بەڵام تۆ خۆت كوردی و ژان و ئازاری تەواو تایبەتت هەیە. بەڵام بۆ لانیكەم لە یەكێك لە هەموو ئەو دۆخانەدا كە داتڕشتوون، تایبەتت نەكردون؟**

وریا بداغی: بەڵێ، بەڵام پتر لەوە سەختتر كە ئەم كارەساتە گەورانە تووشی هەمووی مرۆڤایەتی دێت، كوردیش دەگرێتەوە، بۆیە ڕاستە ئێمە ژانی گەلێ گەورەمان هەیە لە هەمان كاتدا، بەڵام ئەوەش گرینگە. تۆ ئەوە لەبەرچاو بگرە كە بە دەیان تیرۆرو تەقینەوەی گەورە لە پەنا من لە هەولێرو شارەكانی دیكەی كوردستان ڕووی داوە كە ئەم ڕووداوانە بوونەتە هۆی ئەوەی من هان بدا بۆوەی كە بە گشتی لە سەر تیرۆرو تەقینەوەو كارەساتە جیهانییەكان بدوێم. كەوابوو ئەو ژانەی ئێمەو ئەوەی لێرە هەیە ژانی هاوبەش لە نێو هەموو مرۆڤایەتییە لەو پێشانگایەدا، هەڵبەت وەك بابەت.

✻✻✻✻

**هونەرمەند وریا بداغی لە دایكبووی ساڵی ١٩٧٩ (١٣٥٨) لە شاری بۆكانی ڕۆژهەتی كوردستانە. قوتابیی وانە تایبەتییەكانی مامۆستایان محەممەدی ڕۆستەمزادە، (ناموۆ) و ڕەئوف نادری (پەشێو) بووە**

*** ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەنجومەنی شێوەكاریی بۆكان لە ساڵی ٢٠٠٠ بووە**

*** "خوانێك بۆ سەددام حسێن لە كوردستان" یەكەم پێشانگای تایبەتی ئەنستالیسون، هەولێر ٢٠٠٣**

*** "دەوروبەر" دووهەم پێشانگای تایبەتی ئەنستالیسون، هەولێر ٢٠٠٤**

*** خوێندكاری پۆلی دووی بەشی پەیكەرسازییە لە كۆلێژی هونەرە جوانەكانی زانكۆی سەلاحەددین لە هەولێر**



دەتوانن بەرهەمەكانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمینساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

کومیتەو نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شارە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی ئورووپایی، ئامریکاو ئوسترالیادا ڕێوڕەسمیان بەڕێوە بردو ڕێزیان لەم ڕۆژە مێژوویی‌یەی نەتەوەکەمان گرتوە. ناوی ئەو وڵاتانە بریتی‌یە لە:

**ئاڵمان، سوئێد، نۆروێژ، ئامریکا، یونان، فینلاند، کانادا، ئۆستralیاو بریتانیا.**

بۆ خوێندنەوەی تەواوی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ڕێوڕەسمەکانی ٢ی ڕێبەندان لە دەرەوەی وڵات، بڕواننە سایتی کوردستان میدیا.

### نورویژ ـ ئوسلۆ

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١/٢١، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی شەستەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان، جێژنێکی بەشکۆ لە ئوسلۆ، پێتەختی نورویژ، پێک هات. ئەو جێژنە کە لە لایەن کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە نورویژ، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کومیتەی ئوسلۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هاتبوو، کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە سالۆنی "فولکت هاوس" بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن کۆڕی سروودی یەکیەتیی لاوانەوە دەستی پێکرد. دواتر پاش ڕاگەیاندنی ساتێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی پێشەوای نەمرو هەموو شەهیدانی حیزبو گەل، ڕیزی بەرنامەکە بەم جۆرە بەڕێوە چوو:

١ــ بەخێرهاتنی میوانەکانو بەشدارانی جەژنەکە لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی جێژنەوە

٢ـ خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی ناوەندیی حیزب بەو بۆنەوە، لە لایەن هاوڕێ کاك مەجید یارحوسێنی، ئەندامی کومیتەی حیزب لە نورویژ.

٣ــ پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، لە لایەن بەڕێز کاك بابەعەلی گولانی.

٤ــ پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لە نورویژ لە لایەن هۆگر کاوانی.

٥ــ پەیامی حیزبی سۆسیالیستی چەپی‌نورویژSV، لە لایەن خانمی ئینگون یەرشتاد کاندیدای پێشووی حیزبی سوسیالیتی چەپ بۆ پارلمانو ئەندامی ڕێبەرایەتیی SV. شایانی باسە کە حیزبی سۆسیالیست هەیئەتێکی چوارکەسی بۆ بەشداری لە جێژنەکەدا ناردبوو. SV لە پەیامەکەیدا بۆ جارێکی دیکە هاوپێوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران ڕاگەیاندەوە.

٦ـ پەیامی پارتی کاری نورویژ AP، لە لایەن ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبی کارو نوێنەری پارلەمانی نۆروێژو سەرۆکی ڕێکخراوی حیزبی کار لە شاری ئوسلۆ، بەڕێز "یان بولیر". "یان بولیر" لە وتارەکەیدا وێڕای ڕێزگرتن لە شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان هاتە سەر باسی پێوەندی گەرمی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی کارو ڕای‌گەیاند کە حیزبی کاری نورویژ، پشتیوانی لە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەکاتو بەرنامەیان هەیە کە لە ئاستی گشتی‌دا بایەخێکی زۆر بە مەسەلەی کورد بدەنو بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لە توانای ئیمکاناتی خۆیان کەڵك وەرگرن.

٧ـ پەیامی شورای نورویژی بۆ دیفاع لە مافی کوردان، واتە RKR، لە لایەن خانمی لیو شولستادەوە. ناوبراو کە بەڕێوەبەری RKRو دۆستێکی نزیکی کوردانە، لە پەیامەکەیدا وێڕای باس کردن لە جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوودا، ڕایگەیاند کە ئەو ڕێکخراوی RKR ئامادەن بۆ هەرچەشنە هاوکارییەك لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە نۆروێژو دەرەوەی نورویژ، بۆ خزمەت بە کێشەی کوردو مافەڕەواکانی گەلی کورد.

٨ــ پەیامی حیزبی شیوعیی کوردستانی عێراق.

٩ــ پەیامی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

١٠ــ پەیامی حیزبی کۆمونیستی ئێران، کۆمەڵە.

١١ــ پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستانی باکوور.

١٢ـ پەیامی یەکیەتیی لاوانی حیزبی سۆسیالیست لە نورویژ SV.

١٣ــ بروسکەی SOS، ڕێکخراوی نۆروێژی بە دژی ڕاسیسم.

١٤ــ بروسکەی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوویی کورد لە سووریە.

١٥ـ بروسکەی کومیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان لە نورویژ.

١٦ــ بەرنامەیەکی هونەری، هەڵپەڕکێو سروودو گۆرانی لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ.

١٧ــ پیشاندانی فیلمێکی کورت لەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستانو ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتی خەڵکی کوردستانی ئێران لەو شەست ساڵەی دوایی‌دا، هەروەها چەند پارچە پەخشان پێشکەش کران.

بەشی دووهەمی بەرنامەکە، بریتی بوو لە: بەرنامەی هونەرو موزیك کە بە بەشداریی هونەرمەندانی گەل: کاك قادر ئەلیاسی، فاتێو میکائیل بەڕێوەچوو.

**لێرەدا کورتەی وتەکانی چەند کەس لە بەشدارانی ڕێڕەسمەکە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:**

یەکێك لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ٦٠ەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێز "یان بولیر" ڕێبەری حیزبی کار"AP" لە ئوسلۆ بوو، ناوبراو وتارێکی سەرنجراکێشی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

پێویستە بگوترێ حیزبی کار، گەورەترین حزبی نورویژە. ئەو حیزبە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی سەرەتای پاییزی ساڵی ٢٠٠٥دا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا، توانیی بە هاوکاریی دوو حیزبی دیکە (حیزبی سوسیالیستی چەپو حیزبی سنتر) دەوڵەتی ئێستای‌نورویژ پێك بێنێت. هەروەها" یان بولیر" ڕێبەری گرووپی حیزبی کارە لە کۆمیسیۆنی کاروباری نێوخۆیی وڵاتی پارلمانی نورویژدا.

"یان بولیر"، سەرەتای وتارەکەی بەوە دەست پێکرد کە لە مێژووی گەلان دا ڕووداوی واهەیە تێپەڕبوونی زەمان لە ئەهەمییەتی کەم ناکاتەوە بەڵکوو گرینگی‌و تایبەتمەندییەکانی زیاتری وی، دەسەلمێنێ.

لەو پێوەندییەدا دامەزرانی کۆماری کوردستانو خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی بۆ گەیشتن بە مافەڕەواکانو دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی کوردی وەك نموونەیەکی بەرزو پڕ بایەخ نرخاند.

"یان بولیر" لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد کە چۆن زیاتر لە ٢٧ ساڵە شۆڕشی گەلانی ئێرانی بۆ گەیشتن بە ئازادیو دێموکراسی بە لاڕێدا بردوە. ژێرپێنانی ویستو داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێرانو مێژووی چەندین ساڵەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی شارەکانی کوردستانی ئێرانی بەدوای شەهید کردنی شوانەی وەکوو بەڵگە هێنایەوە. هەروەها باسی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی کرد کە دەبێ بە فشاری هاوبەشی نێونەتەوەیی پێشگیری لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ڕێژیمێکەوە بکرێ کە مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵات دا پێشێل دەکا، ئەمنییەتو ئاسایشی ناوچەکە دەخاتە مەترسی‌یەوەو تا ئێستاش پشتیوانیی گرووپە توندڕەوە تیرۆریستەکان بووە.

"یان بولیر" ئەوجار هاتە سەر مێژووی پێوەندییەکانی حیزبی کاری نورویژو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ئەندامەتیی هەر دوو حیزب لە ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیست دا، لەو بەشەی قسەکانی‌دا حیزبی دێموکراتی وەکوو حیزبێکی نموونە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناو هێنا کە زیاتر لە ٦٠ ساڵە خەباتێکی خاوێن دەکات، بۆ ئەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ویستو داخوازە ڕەواکانی بگات.

ناوبراو لە بەشێکی تری قسەکانی‌دا باسی کورد بە گشتی‌و پارچەکانی کوردستانی کرد، باسی ئەو هەیئەتەی کرد کە حیزبی کاری‌نورویژلە ساڵی ڕابردوودا بۆ هەر چوارپارچەی کوردستانی نارد.

میوانێکی دیکەی ڕێوڕەسمێکی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، خاتوو "ئینگون یەرشتاد" لە حیزبی سۆسیالیستی چەپ (SV) بوو، ناوبراو کاندیدای حیزبی سۆسیالیستی چەپە بۆ پارلمان. حیزبی سۆسیالیستی چەپ یەکێك لە ٣ حیزبی پێکهێنەری دەوڵەتی ئێستایە.

خانمی یەرشتاد لە وتارەکەیدا بە وردی باسی خەباتو خۆڕاگریی گەلی کوردو کۆمارە ساواکەی کردو ساڵیادەکەی بەرز نرخاند.

ئینگون یەرشتاد، لە کۆتایی قسەکانی‌دا باسی پێوەندیی نێوان حیزبی سۆسیالیستی چەپو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو هیوای خواست لە بەرەوپێشچوونی زیاتردا بێت.

لە لایەن حیزبی بەرەی یەکگرتووی چەپەوە، "RV"، خاتوو "کریستینە نیبو"، وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا خەباتی گەلی کورد بە گشتی‌و کوردی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە تایبەتی بەرزنرخاندو ئاواتی خواست داهاتووی نزیك دا ئەو یادە لە مەهابادی پێشەوا بە ئازادی ڕێزی لێ بگیرێتەوە.

قسەکەرێکی دیکەی ٦٠ەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان خانمی "لیو شولستاد" لە ڕێکخراوی شووراى نورویژیی بەرگری لە مافی گەلی کورد "R.K.R" بوو.

ڕێکخراوی "R.K.R" تەنیا ڕێکخراوی ڕەسمیی نورویژە کە بۆ پشتیوانی لە مافی ڕەوای گەلی کورد پێك هاتوە. لیو شولستاد لە وتارەکەیدا، وێڕای ریزگرتن لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەوری سەرەکی ڕێبەرانی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی بەرز نرخاند.

لیو شولستاد تیشکی خستە سەر سەفەری ئەو دواییانەی خۆی بۆ کوردستانی عێراق کە هەوڵی داوە زیاتر لەسەر مێژووی ئەو چوار ئەفسەرە بزانێت کە کاتی خۆی لە کوردستانی عێراقەوە چوونە کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی یارمەتیی کۆماری کوردستان بدەن، ناوبراو ڕایگەیاند ئەو زانیارییانەی کە لە شاری هەڵەبجە لەسەر ئەوان بە دەستی هێناوە، جێگای سەرنجن. خانمی لیوشولستاد لە بەشێکی تری قسەکانی‌دا باسی ئەوەی کرد کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان ئاسانکارییان کرد بۆ ئەوەی ژنان بتوانن نەخشی خۆیان لە بەشێك لە ئۆرگانەکانی کۆماردا بنوێنن.

خاتوو لیو هەروەها ڕایگەیاند ڕێکخراوی "R.K.R" بە زوویی کۆنفڕانسێك لەسەر ژنانی کوردستانی ئێران پێك دێنێ.

لە لایەن ڕێکخراوی لاوانی حیزبی سۆسیالیستی چەپیشەوە "ئەرە بلۆمفێلت"،وتارێکی بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان خوێندەوە.

هەروەها ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی خوارەوە بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بەشدارییان لە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان کردبوو:

پەیام لە لایەن "مۆرتن لوند" لە حیزبی سنتر.

پەیام لە لایەن "ئالون گروت" لە حیزبی ڕاست.

پەیام لە لایەن "بۆرد شێتیل وێنهاوگ"، نووسەرو ئەندامی شورای نووسەرانی نورویژ.

***



هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد

# ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب

**پ بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی: یەکێك لە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان، دامەزراندنی سوپای میللی بوو، سوپای میللی هەتا چەند توانیی ئەرکی پاراستنی ئاسایشو ئەمنییەتی کۆماری کوردستان بگرێتە ئەستۆ؟**

و: پێش لە پێکهاتنی سوپای میللی پاراستنی ئەمنییەتی خەڵك لە ئەستۆی دەزگای نیزامی پاشایەتی‌دا بوو کە بەبیانووی جۆراوجۆر خەڵکیان جەریمە دەکرد، لێیان دەدانو زیندانیان دەکردن. دەربڕینی بیر و باوەڕی سیاسی، جورمێکی گەورە بووو بە پێی ئەم شێوە هەڵسوکەوتەی هێزەکانی ڕێژیم کە هەر بۆ خۆیان هۆی پێکهاتنی نائەمنی‌و ئەزییەتو ئازاری خەڵك بوون، ژیانیان بە خەڵك تاڵ کردبوو. بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕێژیم لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمارداو پێکهاتنی سوپای میللی، ئەمنییەتو ئاسایش بە تەواوی بەرقەرار بوو. نیشانەیەك لە بەرتیل خواردن، دزی‌و ئەزیەتو ئازاری خەڵك نەما. کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکرات، بەرتیل خواردنی بە خیانەت دانابووو سزایەکی توندی بۆ دیاری کردبوو. لە ماوەی ١١ مانگی تەمەنی کۆماردا کەس بەهۆی بیرو باوەڕییەوە نەخراوەتە زیندانو لە ڕاستی‌دا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا زیندانیی سیاسی نەبوو، هەرچەندە هەزاران کەس لە خەڵك چەکدار بوون بەڵام لەو ماوەیەدا تەنیا یەك کەس کوژرا. ئەمە نیشان دەدا کە لە دەورانی کۆماری کوردستاندا سوپای میللی توانیویەتی، ئەمنییەتو ئاسایشی هاووڵاتیان دابین بکا کە بێگومان ئەگەر ئەو کۆمارە، جوانە مەرگ نەبووباو درێژەی کیشابا، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەمنییەتو ئاسایش بەرەو باشتر بوون دەچوو.

**پ: حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو، زۆر کەس هەن دەیانەوێ نەخشو ڕۆڵی حیزب لەو بوارەدا کەمڕەنگ بکەنەوە، لەو بارەوە ئێوە چ دەڵێن؟**

و: ڕاستە، زۆرکەس بە عەمدی دەیانەوێ وابنوێنن کە حیزبی دێموکرات لە پێکهێنانی کۆماری کوردستاندا نەخشی نەبووە یا کەم بووەو هەردەستەیەك بەو جۆرە کەپێیان خۆشە لێکی دەدەنەوە. دەستەیەك دەڵێن، کۆماری کوردستان لەلایەن سۆڤیەتەکانەوە پێك هاتووە کە ئەمە لە ڕاستی بەدوورەو تەوهینە بە پێکهێنەرانی کۆمارو خەڵکی کوردستان، بەکورتی دەیانەوێ وابنوێنن کۆماری کوردستان کۆمارێکی دەستکرد بووە کە ئەمە زۆرتر بۆچوونی دوژمنانەو هەموو کەس دەزانێ کۆماری کوردستان لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلی کوردەوە پێك هاتوەو هێزی بنەڕەتی‌و ئەساسیی ئەم کۆمارە هەر خەڵکی کوردستان بوون. دیارە هۆکاری دەرەکی‌و هەلومەرجی پێکهاتوو بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، نەخشی هەبووە، بەڵام وەك گوتم کۆماری کوردستان لە ناخی خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵیبوو.

دەستەی دووهەم وا دەنوێنن کە گوایە کۆماری کوردستان لە لایەن شەخسی قازی محەممەدەوە دامەزراوەو دەیانەوێ قازی محەمەد لە حیزبی دێموکرات جیا بکەنەوە، لە کاتێکدا قازی محەممەد سەرۆکی حیزبی دێموکرات بووەو ئەم دەستەیە دەیانەوێ خەڵکو بەتایبەتی نەسلی نوێ چەواشە بکەنو ڕاستییەکان بشێوێنن، بەڵام بە خۆشییەوە لەسەر کۆماری کوردستان زۆرکەس نوسیویانەو، زۆر لێکۆڵینەوە کراوە، لە هەموو دیکومێنتەکاندا ئەم ڕاستییە دەستنیشان کراو کە حیزبی دێموکرات، پێکهینەرو بەڕێوەبەری کۆماری کوردستان بووە.

شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم کۆمارە، ئەو بیروباوەڕانە کە تێی‌دا پەیڕەو کراون هەمان بیر و باوەڕە کە لە یەکەم بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە ٨ ماددەدا گەلاڵە کراونو ڕاگەیەندراون.

نێوەڕۆکی ئەم بەرنامەیە، بریتی بووە لە دێمۆکراسی، مافی نەتەوەیی‌و هاو پێوەندیی گەلان کە ئەم بیرو باوەڕە لە بەڕێوەبردنی کۆماردا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دەستەیە بڕیارێکی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ژمارە ١٢ی ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندانی١٣٢٤دا کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاوکراوەتەوە، وەك نموونە دەخەمە بەرچاو کە دەڵێ:

"لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مەئمووری‌نی حکوومەتی کوردستان ڕادەگەیەندرێ کە هەرکەس لە هەر مەمەڕێکەوە بە هەر نێویك لە تمەنێك تا چەند تمەن بۆ هەڵسوورانی کارێك (چ قانوونی، چ شەرعی‌و غەیرە) بەرتیل و ڕیشوە بدات یا وەربگرێ لە پاش مەعلووم بوون بە خائینی میللەتو مەملەکەت دەناسرێو قەراری موجازاتی ئەو کەسانەش لە ١٠ ساڵ حەبس تا کوشتنو ئیعدام تەسویبو موقەڕەڕ کراوە.

ئەم بڕیارە ناڕاست بوونی پروپاگەندەی دەستەی دووهەم نیشان دەداو دەردەکەوێ بڕیارەکانی کۆماری کوردستان، لەلایەن تاقە کەسێکەوە دەرنەچوونو هەموو بڕیارەکان لە لایەن کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە دەرچووە.

***

# ٦٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا

## وتووێژ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەمێژنەی حیزب بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانیکۆماری کوردستان

هەڤپەیڤین: ناسر ساڵحیئەسڵ

**پ: بەڕێز کاک حەمەنەزیف! کۆماری کوردستان لە سەر خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان چ کاریگەرییەکی هەبووە؟**

و: سوپاستان دەکەم، جێی خۆیەتی جێژنی شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە پێرسۆنێلی کوردستان و گەلی کورد و هەموو ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان پیرۆزبایی بکەمو سڵاوی وەفاداری بۆ ڕێبەرانی هەمیشە زیندوی کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی بنێرم کە دەرسی نەتەوەدۆستی و نیشتمانپەروەرییان بۆ ڕۆڵەکانی کورد بەجێ هێشت.

ئەگەر چاو لە ئاڵوگۆڕەکانی دوایی دوو شەڕی یەکەمو دووهەمی جیهانی بکەین، هەر کامەیان بە جۆرێك تەئسیراتی سیاسییان لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە و ئەم تەئسیراتەش لە هەر قۆناغێکی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەزموونێکی بە دواوە بووە. لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا کە ئیمپراتۆریی عوسمانی، تێك شکاو هەڵوەشایەوە و چەندین دەوڵەتی تازە لەم ئیمپراتۆرییە پێك هاتن، گەلی کوردیش ئەو فرسەتەی بۆ ڕەخساو هەلومەرجی پێکهاتنی دەوڵەتی نیشتمانیی بۆ پێك هات‌و تێکۆشەرانی کورد بە تایبەت لە باکوور و باشووری کوردستان هەم لە بواری نێودەوڵەتیداو هەم لە بواری نێوخۆییدا هەوڵێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە داو ئاکامی ئەم هەوڵو تێکۆشانەش بوو بە هۆی ئەوە لە ڕێککەوتننامەی سیڤەردا بڕیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی بۆ کوردو شاد بوونی گەیشتن بە دیاری کردنی مافی چارەنووسی درا. بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، یەکیەتیی شورەویی پێشوو، ناکۆکی لە نێو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو گۆڕان بە سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی سەرکەوتوو لەو شەڕەدا مەسەلەی کورد چارەسەر نەکراو شۆڕشی کوردستان تووشی ناکامی بوو. دوایی ڕێککەوتنی لۆزان کە لە ڕاستیدا قوربانیکردنی دەسکەوتەکانی ڕێککەوتنی سیڤەر بوو، نەتەوەی کورد چەندین شۆڕشو سەرهەڵدانی دیکەی بووەو لە ڕێگەی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیدا خەباتێکی خوێناوی و نەپساوەی کردوە. ئەم خەباتە بە شێوەی سیاسی ـ نیزامی لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بە پێی شەرایەتی هەر کامیان، درێژەی هەبووەو لەم پێوەندییەشدا هەورازو نشێوێکی زۆری تا دەسپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی بە خۆوە گرتوە.

شەڕی دووهەمی جیهانی ڕووخاندنی حکوومەتی دیکتاتۆریی ڕەزا شای لێ کەوتەوەو هێزە نیزامییەکانی وڵاتانی هاوپەیمان هاتنە ئێرانو گەلانی ئێرانو ئازادیخوازانی وڵات هەلومەرجێکی سیاسیی لەباریان بۆ ڕەخساو حیزب و پارتە سیاسییەکانی دەستیان بە فەعالییەتو تێکۆشانی سیاسی کردەوەو بزووتنەوەی ئازادیخوازیو نیشتمانی گوڕتینێکی تازەی بە خۆوە گرت، بە تایبەت ئەم بزووتنەوە سیاسییە لە کوردستانو ئازەربایجان بە شێوەیەکی بەرین گەشەی کردو دەسکەوتی ئەم بزووتنەوە سیاسییە بوو بەهۆی پێکهێنانی دوو حکوومەتی میللیی کوردستانو ئازەربایجان، هەرچەند گۆڕانی فاکتەرە سیاسییەکانیش لە دواییدا بە زیانی ئەم دوو نەتەوە شۆڕشگێڕە بووو حکوومەتەکانیان ڕووخان، بەڵام ئامانجەکانیان هەر زیندوون. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر کۆماری کوردستانو شانازیی پێکهاتنەکەی کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لێهاتوویيو لێوەشاوەیی ڕێبەرانی حیزب بە تایبەت پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی بوو، کە بە لێکدانەوەیەکی سیاسیو قۆزتنەوەی ئەو هەلومەرجە شازە بوو کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە شاری مەهاباد کۆماریان ڕاگەیاندو دایانمەزراندو گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئازادیخوازیی خۆیدا بە دەسەڵاتی نەتەوەییو نیشتمانی شاد کردو ڕووناکبیران، خەباتگێڕانو ئازادیخوازانی کوردیش بە گەیشتنی ئەم پەیامە ڕوویان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کردو لە سێبەری کۆماردا حەسانەوەو خزمەتیان بە ئامانجەکانی کردو بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانیشی فیداکارییان کرد، بەشداریی بارزانییەکانو نەخشو دەوری خەباتگێڕیان لە پاراستنی دەسکەوتەکانی کۆمارو خۆڕاگرییان لە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ناوەندیداو پەڕینەوەیان بە حەماسەو فیداکارییەوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا شانازییەکی گەورەیان تۆمار کرد. هەروەها بەشداریی ئەفسەرانی ئازادیخوازی کورد لە باشووری کوردستانو خزمەتەکانیان لە ڕاهێنانی سوپای میللیی کوردستانداو بەشداریی ڕووناکبیرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان نیشانەی ئەم ڕاستییەن کە هەموو ڕۆڵەکانی کورد کۆماریان بە موڵکی خۆیانو ئاواتی لەمێژینەیان زانیوە. هەر لەو کاتەیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو شۆڕشگێڕ زانیوەو هەوڵیان داوە ئامانجەکانی بە هەموو پارچەکانی کوردستان بگەیەننو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری بەرنامەو ئامانجەکانی کۆ بکەنەوە. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم حەقیقەتەدا بوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردیان بە پێی هەلومەرجی خۆیان پێك هێناو بەم هاوخەباتییە، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لاپەڕەیەکی تازە لە خەباتی نەتەوەییدا کردەوەو دەسکەوتەکانی کۆمارو ئاڵای کوردستانو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بوونە هەوێنی بزووتنەوەی سیاسیو نەتەوەیی کوردو تا ئێستایش نیشتمانپەروەرانی کورد ئیلهامی لێ وەردەگرنو بە ڕێزەوە یادی ئەو فەسڵە زێڕینە لە خەباتی نەتەوەکەمان دەکەنەوەو سەدان لە مێژوونووسانی کوردو خاریجی وەك دیکومێنتی سیاسی و هوییەتی نەتەوەیی باسی لێوە دەکەن . کتێبە بە ناوبانگەکەی ویلیام ئیگلتن جۆنز، بە ناونیشانی کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان نموونەیەکی ئەم ڕاستییەیە کە ئێستا لە ناوەندە سیاسییەکان وەك سەرچاوەیەکی گرینگ چاو لێ دەکەن.

ئەگەر کۆماری کوردستان لە باری سنووری ئیداریو دەسەڵاتدارییەوە لە بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دابوو، بەڵام ئامانجەکانی هەموو کوردستانی تەنیەوە و فەرهەنگ و کەلتووری هەستی نەتەوەیی هەموو کوردێکی بووژاندەوە، هەروەك ڕێبەری گەورەمان د. قاسملووی نەمر فەرموویەتی : کۆماری کوردستان بوو بە سەمبوولی هاوکاری و هاودەردی و تەنانەت یەکگرتنی نەتەوەیی کورد، بە حەقیش کۆماری کوردستان هێمای کورد بوو و پێشەوا قازی محەممەدی نەمریش ڕەمزی نەتەوەیی بوو.

**پ: نەخشی ڕاگەیاندن لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چۆن بووە؟**

و: ئەگەر هەوڵو تێکۆشانی کۆماری کوردستان بە نیسبەت شەرایەتی ئەودەم باس بکەین، لەو بوارەیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست هێناوە. بە ئیمکاناتێکی کەمەوە، توانیویانە ڕادیۆیەك دامەزرێنن و باس و بابەتە سیاسییەکانو پەیامەکانی کۆماریان لەو ڕێگەیەوە، بڵاو کردۆتەوەو گرینگییان بە شانۆی کوردی داوە. شانۆی "دایکی نیشتمان" ئێستایش لە لایەن هونەرمەندانو شارەزایان بە فەرهەنگو کەلتووری کوردییەوە زۆر بە بایەخەوە باسی لێ دەکرێ.

خزمەتە ئەدەبییەکانیش لە چاپ کردنی کتێبی کوردی بۆ مەدرەسەکانو دانانی سروودو شێعری کوردیو ڕێزگرتن لە نووسەرانو ئەدیبانو خزمەتگوزارانی بواری فەرهەنگ و شارستانیەت و مێژووی کورد، بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە و نووسراوەی جۆراوجۆر وەك "ڕۆژنامەی کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو "هاواری کورد"و "هاواری نیشتمان"و "گۆڤاری کوردستان"و "هەڵاڵە"و "گڕوگاڵی منداڵانی کورد"و... لە خزمەتە گەورەکانی کۆماری کوردستانن.

ئەم بایەخدانە بە فەرهەنگو ئەدەبیاتی نووسەرانو خوێندکارانو عاشقانی ئەم بوارەی هان دا پەیوەندی بە کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بکەن. تارادەیەك کە لە شارێکی وەك کرماشان پۆلێك لە ڕووناکبیرانی کورد هاتنە نێو ئەم کاروانە پێشکەوتوویە، خوالێخۆشبووان: برایم خانی نادریو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی لەو کەسانە بوونو تا دوایی بە ئامانجەکانی کۆمار وەفادار مانەوەو خزمەتیان لەو بوارەدا بە فەرهەنگی کورد کرد.

**پ: بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی! ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو باری فەرهەنگیی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا چۆن شی دەکرێتەوە؟**

و: ڕەوشی سیاسیی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەردەمی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی بووە کە شوێنەواری شەڕ لەسەر دنیا بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدا رووی دابوو، وەیان بە جۆرێك پریشکی شەڕیان وێ کەوتبوو، ناوچەی ئێمەش بەتایبەت ئەو ناوچەیەی کە کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرابوو، کەوتبووە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی دوای شەڕ. لەگەڵ ئەوەدا شوێنەواری خراپی شەڕ بەرچاو بوو، خەڵك بێکارو برسیو نەدارو هەژار بوون. بەڵام ڕەوشە سیاسییەکە وابوو کە تێکۆشەرانی بە فیکری کورد لەو ناوچەیەدا لە هەلومەرجی ڕەخساو بە باشی سوود وەربگرنو بە کاری جیدیو بەردەوامو پێکهێنانی ڕێکخراوو حیزبی سیاسی، زەمینە بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان خۆش بکەن. دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لەو دەرفەتە سوودی زۆر باشیان وەرگرتوە. هەرچەندە بە داخەوە سەرەای ئیمکاناتی کەم تەنیا ١١ مانگ توانیویانە کاری بەردەوام بکەن. بەڵام کاری زۆر بەرچاوو درەخشانو جێگای شانازییان بۆ گەلی کوردستان کردو ڕووسوورییان بۆ خۆیان لە مێژوودا تۆمار کردوە.

لە باری ئابوورییەوە، ئابووریی ئەو سەردەمی ئێران بەتایبەت کوردستان زۆر پاشکەوتوو بووو هیچ گەشەکردنێکی جێگای باسی بە خۆیەوە نەبینیوو. هەر بۆیە ئابووریی کوردستان شوێنەواری باشو کارسازی لە پێگەیاندنو گەشەکردنو پاراستنو مانەوەی کۆماری کوردستاندا نەگێڕاوە. نەشیتوانیوە کۆمەكو یارمەتیدەر بێ بۆ ئامانجەکانی کۆمار لەو ماوەیەدا، بەڵام پێویستە ئیشارە بکەین لەو ماوە کەمەدا ڕێبەرانی کۆمار بۆ باشبوونی ژیانی خەڵك تێکۆشاونو بە نیسبەت بووژانەوەیەك کارو کاسبی لە نێو بازاڕو خەڵکدا هەستی پێ کراوە.

لەباری کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵی کوردەواری کۆمەڵێکی زۆر سوننەتی بووە. زۆرینەی خەڵکی کوردستان نیشتەجێی دێهاتەکان بوون. خەڵکی خوێندەواری زۆر کەم بووە بەتایبەت لە دێهاتەکان نیزامی "کۆمەڵایەتی" ئاغاو ڕەعییەتی زاڵ بووەو ئاستی وشیاریی سیاسی لە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا زۆر نزم بووە. ئەوانە هەموویان دەیانتوانیو توانیویانە شوێنەواری ناخۆش لەسەر دەوامو قەوامی کۆماری کوردستان دابنێن. لەبەر ئەوە هەوڵدانو کارکردنو ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی زۆر پێویست، بەڵام بە زەحمەت بووە. نیازی زۆر پێویست بە ئیمکاناتی ماددیو مەعنەویو دەرفەت باشو درێژخایەن هەبووە کە بەداخەوە کۆماری کوردستان نەك بە ئەندازەی پێویست، بەڵکوو بە ڕادەیەکیش لەو پێویستیو کەرەسانەی بەدەستەوە نەبووە هەتا بە ئەرکی نیشتمانیو دیاریکراوی خۆی عەمەل بکا. بەڵام بەو حاڵەش کۆماری کوردستان لەو ماوە کەمەدا زۆر کاری بەرچاوی کردوە. فەزای سالمو پڕ لە خێرو خۆشیی ڕەخساندوە، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو ڕووناکبیریی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا وەڕێ خستوە. وەك پێکهێنانی یەکیەتیی ژنان، یەکیەتیی لاوانو ڕێکخراوی سینفیی دیکە، هەوڵی داوە ڕەوابێتو پێوەندییەکی سالم لە نێوان جووتیارانو مالکاندا دابمەزرێنێ. لەباری فەرهەنگییەوە ڕۆژنامەو گۆڤاری چاپو بڵاو کردۆتەوە، بەرنامەی رادیۆیی هەبووە، بۆ فێربوونی زمانی کوردی مەدرەسەو کلاسی دەرسی کوردیی پێك هێناوەو تەرتیب کراون. شانۆی کوردیی نیشانی خەڵك دراوە، کە شوێنەواری زۆر چاکی هەبووە لەسەر بیروبۆچوونی خەڵك. دەکرێ بڵێین لەو ماوە کەمەدا بزووتنەوەیەکی فەرهەنگیی باش وەڕێ خراوە. خولاسە لەگەڵ ئەوەدا ڕەوشی سیاسی، بەتایبەت ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی کوردستانو ناوچەکە بە هیچ پێوانەیەك باش نەبووە. بەڵام کۆماری کوردستان توانیویەتی لە کەمترین ئیمکان سوودی باش وەربگرێ، شوێنەواری باش لە پاش خۆی بەجێ بهێڵێ.

**پ: مەزنترین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە پێویستە گرنگیان پێ بدرێ، کامانەن؟**

و: من پێم وایە کۆماری کوردستان بۆخۆی یەکێك لە دەسکەوتە سیاسییە هەرە مەزنەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کوردستانە، بۆیە پێش ئەوەی باسی مەزنترین دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان بکەین، ڕەوایە بە ڕێزێکی زۆرەوە یادی کۆماری کوردستان بکەینەوەو ڕێزی لێ بگرینو درودو ئافەرین بۆ دامەزرێنەرانی بنێرین.

کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بەداخەوە تەمەنی زۆر کەم بووەو دەرفەتی ئەوەی نەبووە وەك پێویست بە کارو بەرنامەکانی ڕابگا، بەو حاڵەش لەو ماوە کەمەدا زۆر کاری گرینگو پڕبایەخی کردون. ئەمن زۆر بەکورتی ئیشارە بە چەند دانەیەکیان دەکەم، کە پێم وایە لەسەردەمی کۆماردا زەروورییەتیان هەست پێ کراوەو بۆ ئێستاش قابیلی سوودو کەڵك لێ وەرگرتنن. بۆیە پێویستە سیاسییەکانو تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان گرنگییان پێ بدەن.

ڕاستە کۆماری کوردستان بۆ هێنانەدیو دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دامەزراوە. بەڵام کۆماری کوردستان یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی گەلی کوردستان بووە کە بە کردەوە بۆ جێگیرکردنی دێموکراسیو دەسەڵاتی خەڵك هەنگاوی هەڵهێناوەتەوە. دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان جیا لە دامەزراندنی حکوومەتێکی گەلی نەتەوایەتی بۆ گەلی کوردستان لە بەشێکی کوردستان بەرنامەیان بۆ گەشەسەندنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان هەبووەو داڕشتوە. هەر لەو ماوە کەمەدا کە دەرفەتیان هەبووە، ئێقدامی بەرچاویان کردون.

کۆماری کوردستان هیچکات هاوپێوەندیی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران لەبەرچاو دوور نەبووەو بە پێی توانا بۆ پتەوکردنی برایەتیو هاوخەباتیی گەلانی دیکەی ئێران تێکۆشاوە. پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو لەگەڵ بەشێك لە هێزە سیاسییەکانی ئێران لەو سەردەمەدا بەتایبەت پەیمانی دوو قۆڵی لەگەڵ حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان، نموونەی بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە. لەگەڵ ئەوەدا کۆماری کروستان دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی بچووکی کوردستاندا هەبوو، کۆمار توانیویەتی لە هەموو هێزو توانای خەڵکی کوردستان بۆ سەقامگیریی خۆی سوود وەربگرێو خەڵکی بە گشتی لە دەسکەوتەکانی کۆمار سوودمەند بوون. بەڵام کۆمار خۆی بە هی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێ، خەڵکیش کۆماری کوردستانی بە ملكو گلێنەی چاوی خۆی حیساب کردوە. ئارەزوویان ئەوە بووە بۆ پڕبارترکردنی کۆماری کوردستان، خزمەتی کۆمار بکەن.

جیا لەوانە، زۆر دەسکەوتی گرینگی دیکەی وەك پاراستنی ئەمنییەتو ئاسایشی سەرو ماڵی خەڵك، پێکهێنانی سوپای میللیی کوردستانو هێزی پێشمەرگە، چاپو بڵاو کردنەوەی چەند ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی، دامەزراندنی ڕادیۆو بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بە زمانی کوردیو دامەزراندنی سازمانو ڕێکخراوی وەك یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوانو کوڕو کۆمەڵە سینفیی دیکە هەموویان دەسکەوتی زۆر گرینگنو پێویستە بایەخیان پێ بدرێ هیچ، بەڵکوو ئێستاش دەبێ بۆ زۆربەیان خەباتی جیدیو بێ پسانەوە بکرێ بۆ وەدەستهێنانەوەیان.

❊❊❊

**پ: بەڕێز کاک قادر وریا! ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هەتا چەند توانییان دیاردە مۆدێڕنەکانی سەردەم لە کۆمەڵگای سوننەتیی کوردستاندا پیادە بکەن؟**

و: حەز دەکەم لە پێشدا ئاماژە بە کۆمەڵێك لەو دیاردانە بکەم کە مۆدێرن بوونو، ڕێبەرانی کۆماری کوردستان هێنایاننە نێو ژیانی گەلی کوردو کۆمەڵی کوردەواری، پاشان لە پیادەکردنیان بدوێم.

بە بڕوای من هەر نەفسی ڕاگەیاندنی کۆمار وەك سیستمێکی دەسەڵاتدارەتی، ئەویش لە نێو وڵاتێکدا کە ڕێژیمەکەی پاشایەتی بوو، واتە هەڵگرتنی ئاڵای کۆماریخوازیو بنیاتنانی سیستمێك بۆ دەسەڵاتدارەتی لەسەر بناغەی کۆماری، نەك هەر لە ئاستی کوردستان، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەشدا شتێکی تازە بوو. لە حاڵێکدا لە ئێرانو زۆربەی وڵاتانی دراوسێی ئێرانو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، نیزامی پاشایەتیو دیکتاتۆریی فەردیو بنەماڵەیی لەسەرکار بوون، حیزبی دێموکراتی کوردستانو دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان، سیستمی کۆمارییان بۆ کوردستان هەڵبژارد، سیستمێك کە بەرێوەبەرانی، بەهۆی دەنگی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. ئەمە شتێکی یەکجار نوێ بوو کە بەداخەوە مێژوونووسانو لێکۆڵەرانی سیاسیی ئێرانیو تەنانەت کوردیش زۆر بە کەمی ئاوڕیان لێداوەتەوە.

لە بارەی دیاردە مۆدێرنەکانی دیکەوە، دەتوانم بڵێم زۆربەی کارو هەنگاوەکانی دیکەی کۆمار بەسەرنجدان بە هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو کەلتووریی ئەو سەردەمی کوردستانو ئێران، نوێ بوون. ڕێزگرتن لە بیروباوەڕو، دینو ئایینو، زمانو میللییەتی جیاواز لەلایەن کۆماری کوردستانەوەو، دابینکردنی مافو ئازادیی کەمینەکان دیاردەیەکی مۆدێرن بوو. ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت لە باسی کۆماری کوردستاندا دەڵێ لە تەورێز خەڵك تەنیا دەیانتوانی گوێ لە ڕادیۆی باکۆ (سۆڤیەت) بگرن، بەڵام لە مەهاباد گوێگرتن لە هەموو ڕادیۆکان شتێکی ئاسایی بوو. ئازادی بەو ڕادەیە بوو کە شاعیرێکی وەك "خاڵە مین" بە شێعر ـ کە شێعرەکەشی لەنێو خەڵکدا بڵاو ببۆوە ـ ڕەخنەی توندی لە پێشەوا کە سەرکۆمار بوو گرتبوو، بێ ئەوەی لەسەر ئەم کارە بێڕێزی پێبکرێ. ئەو مافانەی لە مەجالی خوێندن بە زمانی زگماکیو بەڕێوەبردنی ڕێوشوێنە دینییەکانی تایبەت بەخۆیاندا بۆ جوولەکەکان دابین کرابوون، یا ئەو مافە نەتەوەییو کەلتوورییانەی بە ئازەرییەکانی کوردستان درابوون، نیشاندەری بڕوای بەرێوەبەرانی کۆمار بە دێموکراسیو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوون. سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەم مافو ئازادییانە لە کاتێکدا لەلایەن کۆماری کوردستانەوە دابینو دەستەبەر کرابوون کە هێشتا بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پەسند نەکرابووو بڵاونەکرابۆوە!

دیارە پێکهاتنی کۆماری کوردستان بۆ خۆی بەرهەمی دیاردەیەکی مۆدێرنی دیکە بوو کە پێکهاتنی حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو لە کوردستان بوو. بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسیو نەتەوەیی لەلایەن حیزبی دێموکراتو بەدیهاتنی خەونی لەمێژساڵەی نەتەوەی کورد لە بارەی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، هەم بۆ خۆیان شتێکی نوێ بوون، هەم چەندین دیاردەی مۆدێرنی دیکەیان لێکەوتەوە. هاتنی چاپخانە بۆ کوردستانو پەرەگرتنی ڕۆژنامەنووسیو چاپەمەنی بە زمانی کوردی، بایەخدان بە خوێندنو نووسین بە زمانی کوردیو ئیجباری کردنی خوێندن بۆ کچو کوڕ، پێکهاتنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوانو ژنان، بووژاندنەوەی شێعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاوخشاندنەوە بە پێوەندییەکانی نێوان خاوەن ملكو گوندنشینان بە قازانجی وەرزێرانو، سیاسەت کردن بە شێوەیەکی نوێو بە پێودانی سەردەمییانە هەر لە پێوەندی لەگەڵ خەباتگێڕانو نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو یەکیەتی لەگەڵ نەتەوەی هاوخەبات (ئازەری)ڕا بگرە تا دۆستایەتیو هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە سیاسییە ئێرانیو دەرەکییەکانو، دیالۆگ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیو بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك، لە دیاردە نوێو مۆدێرنەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بوون کە بەرێوەبەرانی کۆمار، داهێنەرو هاندەریان بوون.

بەڵام سەبارت بەم بەشەی پرسیارەکەت کە ئەم دیاردانە "هەتا چەند پیادە کران؟" ئاشکرایە کە کورتیی ماوەی تەمەنی کۆمار، پاشکەوتوویی کۆمەڵو ئەو هەموو گیروگرفتە نێوخۆییو دەرەکییانە کە کۆمار لەگەڵیان بەرەوروو بوو، ڕێگایان نەدا ئەم دیاردە نوێیانە جێگیر بنو بە تەواوی جێگای خۆیان بکەنەوە. بەوحاڵەش شوێنەوارێکی قووڵیان لەسەر کۆمەڵو بیروڕای خەڵك داناو، ئەم باوەڕو بۆچوونو بایەخە نوێیانە لە بیروباوەڕو تێکۆشانو هەڵوێستی نەسڵەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستاندا، بە جوانی ڕەنگیان دایەوەو قووڵتر بوونەوە.

❊❊❊

# پەیام بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

## پەیامی
## یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران


عیرفان ڕەهنموون

**هاوڕێیانی بەڕێز!**
**کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان!**
**بەشدارانی بەڕێز!**

ئێمە لەم چرکەساتەدا، یادی لاپەڕەیەکی زێڕین و بڕگەیەکی چارەنووسساز لە مێژووی نەتەوە مافخوازەکەمان دەکەینەوە، یادی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی دا.

کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، ٦٠ ساڵ بەر لە ئێستا و لە دۆخێکی گرینگی سیاسیی جیهان و ناوچەکەو لە بڕگەیەکی هەستیاری مێژووی نەتەوەکەمان دا چاوی هەڵهێناو خەروارێك دەسکەوت و ئەزموونی بەنرخی بۆ بەجێهێشتین. کۆمارێك کە کۆمەڵە گۆتارێك وەك: دێموکراسی، سکولاریزم، پلۆرالیزم، ئازادیی بۆچوون و چاپەمەنی و بەرابەریی ژن و پیاوی هێنایە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و پراکتیکی سیاسیی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردەوە. ئەو کۆمارە دێموکراتیکەی لەژێر ڕۆشنایی هزری پێشەوای گەل و بەدەستە بەهێزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا، بە خێرایی ناوچەی مۆکریانی بەزاند و لە ماوەیەکی کورت دا، بووە ڕووگەی هەموو ڕێبوارانی ئازادی و دیمۆکراسی لەهەموو ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان داو، دوای تێپەڕینی شەش دەیە بەسەر کلپەسەندنی ئەو ئاگرە پیرۆزەدا هێشتا، تیشك و تیرێژەکانی ئەو سیستمە دێموکراتیکە، هاندەر و ڕێ پێشاندەری بزاڤی ڕزگاریخوازانە و دێموکراسیخوازانەی نەتەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی نیشتمان دا.

شەهیدی هەرگیز نەمر دوکتور عەبدلڕەحمانی قاسملوو لەو بارەیەوە دەڵێ: بێگومان یەکێك لەبارە تایبەتی‌یەکانی کۆماری کوردستان و هەموو جوولانەوەی ساڵەکانی ٢٥ ـ ٢٤ ئەوە بوو کە بەڕیوەبەریەکی ڕێکخراو و "متشکل"ی وەك حیزبی دێموکراتی هەبوو لە مێژووی نەتەوەی کورد دا، یەکەمجار بوو کە حیزبی پێشرەو ـ حیزبی دێموکرات ـ جوولانەوەیەکی ئەوتۆی بەڕێوەدەبرد و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیشی بەدەستەوە گرت و لەژێر بەڕێوەبەریی ئەم حیزبەدا، یەکەم کرماری نەتەوەیی کورد پێك هات.

کۆماری دێموکراتیکی کورد، ڕۆنیسانسێکی نەتەوەیی بوو، ئەو یادەوەرییە زەڕکەفتانەی کە وڵاتی خۆر و مێهر لەسەر تابلۆی بیرەوەری‌یەکانی نەخشاندبووی. کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، بەتەنیا هەر ڕووداوێکی کورت خایەنی یازدە مانگ تەمەن نەبوو، بەڵکوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بوو کە بە درێژایی ٦ دەیە تا ئەمڕۆ راخووشی و بووە سرووش بۆ هەموو ڕەوتە نەتەوەیی‌یەکان و کۆمەڵانی مافخوازی کورد لە سەرانسەری نیشتمانی دابەشکراوی کوردان دا.

گومانی تێدانیە، کە بەبێ بوونی حیزبێکی پێشرەوی وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نە ئەگەری دامەزرانی ئەو کۆمارە دەکرا و نە پەیامەکانی ئەو کۆمارە مۆدێڕنە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ درێژ دەبوونەوە و بڕیان دەکرد. بەڵام مەخابن، لەگەڵ بوونی ئەو راستی‌یە حاشا هەڵنەگرانەدا، چەند ساڵێکە هەندێ لایەن کاتێ باس لە ٢ی ڕێبەندان و دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەن، بە ئەنقەست چاو لە دەستە بەهێزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەپۆشن و تەنانەت باس لەوە ناکەن کە پێشەوای نەمر لەگەڵ ئەوەدا کە سەرکۆماری کوردستان بوو، لە هەمان کاتیش دا، دامەزرێنەر و ڕێبەری زانای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕاڤە کردن و خوێندنەوەی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕۆڵی کاریگەر و بێ ئەملاوئەولای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، خوێندنەوەیەکی ئیفلیجە، هەوڵێکی نەزۆکە بۆ نکۆڵی کردن لە میراتی دەوڵەمەند و پڕ لە شانازیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. هەربۆیە ئەرکی سەرشانی خوێندکاران و رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ و دەروەستی نەتەوەکەمانە کە پەردە لەسەر ئەو چەواشەکارییانە هەڵدەنەوە و ئەو دەستە ڕەش و گوتارە ژەهراویانە ڕیسوا بکەن، کە دەخوازن راستی‌یە مێژوویی‌یەکان بشێوێنن و ئاو بکەنە ئاشی نەیاران و دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ـ ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستانەوە، پیرۆزبایی‌یەکی گەرم ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خوێندکارانی ئازادیخواز و وشیاری کورد دەکا و ئاواتە خوازە کە نەتەوەکەمان هەرچی زووتر بە ماف و ئازادی‌یەکانی شاد ببێ.

**بەرز و پیرۆز بێ، یاد و بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەر شەکاوە بێ ئاڵای مافخوازی بزاڤی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان**

**مەرگ و نەمان بۆ نەیارانی ئازادی و دێموکراسی و مافی گەلان**

**یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی**

## پەیامی
## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەشدارانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی تێکۆشەر!**
**خەڵکی خەباتکارو خۆڕاگری کوردستان!**

سەرەتا بە بۆنەی شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە ناوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هەموو ئەندامان‌و لایەنگرانی ئەو یەکیەتییەوە، گەرمترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی نەتەوەی کوردو دامەزرێنەری کۆمار، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبەکەمان‌و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانییە سیاسییە خۆڕاگرەکان‌و سەرجەم تێکۆشەرانی ڕێگای رزگاریی کوردستان‌و ئێوەی بەڕێز دەکەین.

بە ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمار، ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان لە ماوەی تەمەنی کورتی‌دا بە دەیان دەسکەوتی گرینگ‌و مێژوویی بۆ کورد بەرهەم هێنا، کە پێکهێنانی سوپایەکی میللی، راکێشانی کۆمەڵانی خەڵك بە شێوەی خەباتی نوێی سیاسی بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کردنەوەی قوتابخانەو پەرەدان بە خوێندن‌و نووسین بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی کوردی، بایەخدان بە هونەرو شانۆی کوردی، دامەزراندنی هێندێك ڕێکخراوی دێموکراتیك لە چەشنی یەکیەتیی لاوان‌و یەکیەتیی ژنان‌و هاندانی ژنان بۆ دابین‌و دەستەبەرکردنی مافە سروشتی‌و ژیارییەکانیان (شارستانیەکان)و راهێنانیان بۆ خەبات کردن. لەو پێناوەدا ئەوە نموونە بەرچاوەکانیانن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەگەڵ کۆماری کوردستان پێ لە شەستەمین ساڵی تەمەنی خۆی دەنێ، خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە تا ئێستا شانبەشانی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد لە مەتەرێزی خەباتی کوردایەتی دایەو هاوتەریب لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی مافی ژنان، لە هەموو قۆناخە سەخت‌و دژوارەکاندا بێ‌وچان هاوڕێ‌و هاوسەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو، تا گەیشتن بە لووتکەی بەرزی ئازادی، دێموکراسی‌و رزگاریی نەتەوەیی ساتێك لە تێکۆشان ڕاناوەستێ.

**بەشداربووانی بەڕێز!**

لە کاتێکدا یادی ٢ی ڕێبەندان، وەك ڕۆژێکی مێژوویی نەتەوەی کورد دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا تێ دەپەڕێ، ئاوسی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گرینگ‌و نوێیە، ڕەوتی ڕووخانی یەك لە دوای یەکی ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆیەکان‌و بە چۆکداهاتنیان لە بەردەم ویستی گەلانی ئازادیخوازو، پچڕانی کۆت‌وبەند لە دەست‌و پێی نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو ناوچەیە لە نموونەکانی ئەم گۆڕانکارییانەن کە پێشکەوتن‌و ئاسۆیەکی روونیان پێوە دیارە.

کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێرانییش کە لە بەر کێشەی ئەتۆمی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ‌و پشتیوانی لە تیرۆریزم، لە ژێر زەختێکی زۆری جیهانی دایەو بەردەوام بازنەی گەمارۆی لێ تەنگتر دەکرێتەوە، بۆ کەمکردنەوەی گوشاری نێوخۆیی بە شێوەیەکی دڕندانە بەر بۆتە گیانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران‌و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەخت‌و زەبرو زەنگی زۆرتر دەخاتە سەر ئازادیخوازان‌و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ بە تایبەت ژنان کە بەردەوام هەوڵ دەدا ئازادییەکانیان لێ بەرتەسکتر کاتەوە. وەك دەشزانین ئەم گوشارانە بەرامبەر بە گەلی ژێردەستی کورد توندترو بەهێزترن. لە نموونە دیارو بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتە سەرکوتکەرانەیەی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی ئێران‌و بە تایبەت گەلی کورد، گرتن‌و ئەشکەنجەو سووکایەتی کردن بە هەموو چین‌و توێژەکانە. هەروەها سووکایەتی پێکردنی ئەم دواییەی بە سروە کامکار بوو کە بە تاوانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ‌و، پشتگیری لە جوولانەوە جەماوەرییەکانی خەڵکی شاری مەهاباد‌و باقیی شارەکانی کوردستان، کە بۆ هێنانەگۆڕو داکۆکی لە ویست‌و داخوازە ڕەواکانیان هاتبوونە سەر شەقام، نموونەی زیندووی ئەو بێ‌حورمەتییانەیە.


ڕووناك خاتوونی

**بەڕێزان!**

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لە خەباتی حیزبی جێگای متمانەی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان، حیزبی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو دوکتور شەرفکەندی‌و هەروەها پشتگیری لە جوولانەوە خەڵکییەکانی کوردستان دەکاو ژنانی ئازادیخوازو نیشتمانپەروەریش دڵنیا دەکاتەوە کە تا سەرکەوتن‌و گەیشتن بە مافە سیاسی‌و مرۆییەکانیان‌و هێنانەدیی ئامانجەکانی کۆمارو ئاواتە بەرزەکانی هێمای نەتەوەیی پێشەوای شەهیدمان پشتیوانی بەهێزی ئەو خەباتە دەبێ.

**پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان**

**بەرزو پیرۆز بێ یادی پێشەوای کوردو سەرکۆماری کوردستان قازی محەممەدی نەمر**

**بڕووخێ ڕێژیمی دیکتاتۆرو تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**سەرکەوێ خەباتی ڕەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە کوردستانی ئێران**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی**

## پەیامی
## یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەڕێزان! ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەکان، ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاونیشتمانە ئازیزەکان‌و لاوانی بەهەست‌و نەتەوەپەروەری کوردستان!

سەرەتا بەناوی سەرجەم ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵوەگەری دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ئێوە خۆشەویستان پیرۆزبایی دەکەم.

بێگومان مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان دا بە دەگمەن وەها دەسکەوتێکی گەورەو پڕشانازیی بە خۆوە بینیوە کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانی‌دا وەدەستی هێناوە، ئەویش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو کە هەرچەند لە ناوچەیەکی جوغرافیی بەرتەسك‌و ماوەیەکی کورت دا دەسەڵاتداریێتیی کرد، بەڵام دەسکەوتە کەم وێنەو بە نرخەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو کاتی ئەو ناوچەیەی کوردەواری‌دا، وەکوو باری ئەمنی، ئابووری، سیاسی، کەلتوری‌و کۆمەڵایەتی وەرچەرخانێکی مێژوویی لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد، بوو. یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرهەمی تێگەیشتوویی‌و بیری مۆدێڕنی ڕێبەرانی کۆمارو بە تایبەتی شەخسی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان بوو کە دوای کەمتر لە ٢ مانگ لە ڕاگەیاندنی کۆمار دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دامەزراند‌و وەك بناغەدانەری کۆمەڵگای مەدەنی، بایەخێکی زۆری پێدان‌و هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆماری کوردستان نەك لە ئێران دا بەڵکوو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا، وەك کیانێکی سیاسیی پێشکەوتوو بناسرێ.

٢ی ڕێبەندان جێژنی نەتەوەیی کوردە، هەرچەند زیاترین شانازیی ئەو ڕۆژە مەزنە بە بەژنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا بڕاوە. ئێمە لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێبەرانی شەهیدی کۆمار، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان ناسرەوین‌و ئامادەی هەرچەشنە فیداکاری‌و گیان فیدایی‌یەکین‌و دڵنیاین لەبەر ڕووناکیی ئامانجەکانی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان دا، کاروانی خەباتمان بەرەو خەونە پیرۆزو لەمێژینەکانی نەتەوەی کورد نزیك‌و نزیکتر دەبێتەوەو نەوەکانی داهاتوومان لە کوردستانێکی ئازادو بەدوور لە ستەم‌و چەوسانەوەدا دەژین.

پێویستە لەو ڕۆژە پیرۆزەداو لەو تریبۆنەوە بە شانازی‌یەوە پێتان ڕابگەیەنین کە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیست‌و شەشەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کە لە ڕێکەوتی ١٢تا ١٥ی ژانویەی ئەو ساڵ لە وڵاتی دانمارك بەڕێوە چوو، وەك ئەندامی چاوەدێری بنەماڵەی گەورەی لاوانی سۆسیالیست لە لایەن کۆنگرەوە وەرگیراو بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی خەڵکی کوردستان بە گشتی‌و لاوانی کورد بە تایبەتی دەکەین.


ئاوارە جەلالی

**پیرۆز بێ یادو بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان لە نەتەوەی کورد!**

**پڕ ڕێبوار بێ، ڕێگای شەهیدانی نیشتمان تا وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان!**

**کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی**

# پەیامی پیرۆزبایی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

### لە لایەن دەستەی سیاسی ـ بەڕێوەبەریی ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)

**هاوڕێ‌و هەڤاڵانی هێژا!**

پیرۆزبایی شەستەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە ئێوەو تێکڕای لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی کوردستانی ئێران‌و خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی، دادپەروەری‌و دێموکراسی لە ئێراندا دەکەین.

دووی ڕێبەندان هەلێکی لەبارە بۆ ڕێزگرتن‌و بەرزنرخاندنی خەباتی نەپساوەی قازی محەممەدو هاوڕێکانی کە لە سایەی تێکۆشانیانەوە "کۆماری کوردستان" وەك دەوڵەتێکی خودموختاری ناوچەیی، دامەزراو بەهۆی ئەم ڕووداوە مێژوویی‌یەوە، ڕەوشی کوردستانی ئێران گۆڕانێکی وای بەسەردا هات کە سەرەڕای ئەوە کە ئەم حکوومەتە بە شێوەیەکی خوێناوی لەلایەن سەرەڕۆیی سەڵتەنەتییەوە سەرکوت کرا، بەڵام خەبات لە پێناوی دێموکراسی لە ئێران‌و کوردستاندا هەتا دەهات پتر گەشەی دەکرد. لەم شەش دەیە پڕ هەورازو نشێوەی خەباتدا، نە ڕێژیمی ملهوڕی پاشایەتی توانیی دەنگی گەلی کوردو خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کپ بکاتەوەو نە کۆماری ئیسلامییش سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی‌و تیرۆر، توانیویەتی پێش بە تێکۆشانی بەردەوام‌و خەباتی قارەمانانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی‌ئێران لە پێناوی ساوەکردنی دێموکراسی لە ئێران‌و بەرخۆدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد، بگرێ.

**هاوڕێیان‌و دۆستان!**

شەستەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبەکەتان هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕووداو لە وڵاتداو هەتا دێ‌و قەیرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش قووڵتر دەبێتەوە. لە ئاستی نێوخۆیی‌دا کەڵەکەبوونی کێشە ئابووری‌و سیاسییەکان‌و نەبوونی ڕوانگەیەکی ڕوون بۆ بەرسڤدانەوەی ویستەکانی خەڵك، وەك زنجیرەیەك ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندانی کاتەکی ڕەنگ دەدەنەوەو ئێمە لە مانگی ڕابردوودا لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا شایەدی ناڕەزایەتیگەلی ئەوتۆ بووین‌و لە ئاستی نێونەتەوییش‌دا سەربزێوی‌و ئاژاوەنانەوەی کۆماری ئیسلامی، وا بیروڕای گشتیی وڵاتانی جیهانی وروژاند کە سەر لەبەریان بۆ بەرزەوتکردنی ڕێژیم کەوتوونەتە خۆ. لە وەها دەستودارێکدا، کۆمەڵی ئێران پێویستی بە دامەزراوێك هەیە کە ببێتە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی‌و بە هێنانەگۆڕو داکۆکی لە سەرەکیترین دروشمەکانی کۆمەڵی ئێران موبیلیزەکردن‌و ڕێکخستنی خەڵك‌و سوود وەرگرتن لە پشتگیریی جیهانی، بۆ گۆڕینی حکوومەتی سەرەڕۆ ساوەکردنی کۆمارێکی دێموکراتیکی پارلمانیی سیکۆلارو گەرەنتیی هەمەلایەنەی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران، تێ بکۆشێ.

**هاوڕێ‌و هەڤاڵان!**

ڕێکخراوەکەمان پێ لەسەر پلۆرالیسمی نەتەوەیی‌و کولتووریی ئێران، دابەشکردنی دەسەڵات‌و پێویستیی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر نەتەوەکانی ئێران، وەك پێویستییەك، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرو وەك ئامرازێك بۆ چەسپاندن‌و پتەوکردنی دێموکراسی لە ئێراندا، دادەگرێ‌و ئێرانێکی فیدراڵ‌و دێموکراتیك وەك سیستمێکی گونجاو بۆ دابینکردنی ئێرانێکی یەکپارچەو بەدوور لە هەر چەشنە چەوسانەوەو دووچاوەکێیەکی نەتەوەیی دەزانێ. ئێمە پێمان وایە بە بەرفراوانکردن‌و قووڵترکردنەوەی هەرچی پتری دێموکراسی‌و ئازادی، دەکرێ دۆستایەتیی گەلان دابین بکرێ‌و بە هیواین، هاوکاری‌و هاوهەنگاوی‌و دۆستایەتیی ئێمەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی هاوبەشمان بۆ دێموکراسی ڕۆژ بەڕۆژ پتەوتر بێ.

**لەگەڵ بەسۆزترین سلاومانـدا**
**بژین‌و سەرکەوتوو بن**

**دەستەی سیاسی ـ بەڕێوەبەریی**
**ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران**
**(ئەکسەرییەت)**
**یەکی ڕێبەندانی ١٣٨٤**

# وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی جیهانیی لاوانی سۆسیالیستدا

## لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێز ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات

هەڤپەیڤین: رامبود لوتفپووری

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە (٢٦) مین کۆنگرەی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست کە لە رۆژەکانی ١٢ تا ١٥ی ژانویەی ٢٠٠٦ لە کۆپنهاگی پێتەختی دانمارك بەڕێوە چوو، وەك ئەندامی چاوەدێری ئەم ڕێکخراوە جیهانی‌یە هەڵبژێردرا و ئەم سەرکەوتنە مێژوویی‌یە دەتوانێ لە بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی یەکیەتیی لاوان رۆڵێکی سەرەکی ببینێ.

بۆ زیاتر ئاگادار کردنەوەی خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامەی کوردستان هەڤپەیڤێنکمان لە گەڵ بەڕێز رحمان سەلیمی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێناوە کە سەرنجتانی بۆ رادەکێشین.

**پ: وەرگیرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست دا چ ئەهەمییەتێکی هەیە و ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کامانەن؟**

و: لە دنیای ئەمڕۆدا ڕێکخراوە سینفی، مەدەنی و... کان بایەخێکی زۆریان پێ‌دەدرێ و زۆر جاران وەك پێوەرێك بۆ ئاستی دێمۆکراتیزە بوونی وڵاتێك بەکار دەهێنرێن. بە واتایەکی دیکە ڕێژەی ئەو ڕێکخراوانە و کەلتووری بەئەندامبوون لەوان دا بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتوویی کۆمەڵگاکان بەکار دەهێنرێ.

ئەو ڕێکخراوانە ناڕاستەوخۆ لە سەر سیستەمی دەسەڵات کاریگەرییان هەیە و داکۆکیکەر لە مافی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانن لە ئاستی کۆمەڵگادا و لە پاراستنی ئەمنییەت دا رۆڵی سەرەکی دەبینن. بە شێوەیەك کە لە نێوان جەماوەری خەڵك و دەسەڵات دا هەڵدەسووڕێن و ویست و داخوازی‌یەکانی خەڵك بە شێوەیەکی شارستانییانە بە حکوومەت رادەگەیەنن و هەروەها زەخت دەخەنە سەر حکوومەت بۆ بەجێ گەیاندنیان. یەکێك لە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی ئەوەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا توندوتیژی کەمتر دەبیندرێ و خەڵك بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان لە ڕێگای هێمنانە و لەسەرەخۆ کەڵك وەردەگرن، بوونی ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەیە.

دامەزرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەیی دا و لە ناوچەیەك دا کە هێشتا بە تەواوی لە گەڵ دێمۆکراسی و شارستانییەت نامۆ بوو، بۆ کورد بە گشتی جێگای فەخر و شانازییە. هەڵگرتنی وەها هەنگاوێکی مەدەنی لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکی دا هەڵقوڵاوی بیری پێشکەوتووی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بوو.

کۆبوونەوەی ڕێکخراوگەلی لاوانی سۆسیالیست لە دەوری یەك و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی گەورەی وەك(iusy) بەرهەمی زەرووڕەتێکی جیهانی پێشکەوتوویە کە بێ گومان دەتوانێ کاریگەری لە سەر رەوتی ڕووداوەکانی جیهانی هەبێ و هەر بۆیە حوزووری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ڕێکخراوە جیهانی‌یە دا هەلێکی زێڕینە بۆ گواستنەوەی کێشەکانمان بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان.

بەڵام لە سەر بەشی دووهەمی ئەو پرسیارە واتە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بە گشتی دەکرێ بەم شێوەیە باسیان لێبکەین. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەك کە تیایدا عەدالەت و یەکسانی سەروەری بکەن و مافی ئینسانەکان بپارێزرێ، ئامانجی سەرەکی ئەو ڕێکخراوەیەیە. باوەڕ بە ئاشتی و دێمۆکراسی و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ژنان و منداڵان و هەروەها پاراستنی ژینگە لە بنەماکانی سیاسەتی ئەو ڕێکخراوەیەن و بە گشتی ڕێز لە هەموو بایەخە مرۆیی‌یەکان دەگرن. لە هێندێك لە سیستەمە سیاسی‌یەکانی ئورووپا کە سوسیال دێمۆکراتەکان ڕێبەرایەتی دەکەن، تا رادەیەکی بەرچاو ئەو ئامانجانە دەستەبەر بوون و وەك نموونەگەلێکی سەرکەوتوو لە جیهان دا ناسراون.



**پ: هەوڵەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بە ئەندامبوون لەو ڕێکخراوەیە دا چ بوون؟**

و: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی بەرنامە و پرۆگرامێکی پێشکەوتوویە کە لە گەڵ پرنسیپە گشتی‌یەکانی دێمۆکراسی و ستانداردە نێونەتەوەیی‌یەکان دا دەگونجێ کە لە کۆنگرەیەکی ئازاد و دێمۆکراتیك دا دەنگی بۆ دەدرێ و پەسند دەکرێ. هەر بۆیە هەوڵ دراوە یەکیەتیی لاوان لە ڕێگای تەرجومەی بەرنامە و پرۆگرام بە زمانی ئینگلیسی بە لاوانی سۆسیال دێمۆکرات بە تایبەت لە ئورووپا بناسێندرێ.

کۆمەڵێك لەو ڕێکخراوانەی کە لە iusy دا بەشدارن لە نزیکەوە شایەتی کارو چالاکی کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەن کە بۆ وێنە لە وڵاتانی سکاندیناوی ئاستی پەیوەندی یەکیەتیی لاوان و ڕێکخراوی لاوانی ئەو وڵاتانە لە پلەیەکی بەرز دایە.

باوەڕ بە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکان دا پرنسیپێکی گشتی یەکیەتیی لاوانە کە لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی لاوانی سۆسیالیست بەرز دەنرخێندرێ. هەموو ئەو هۆکارانە و کۆمەڵێك فاکتەری دیکەش لە وەرگیرانی یەکیەتیی لاوان لە (٢٦)مین کۆنگرەی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست لە وڵاتی دانمارك دا نەخشیان هەبووە.

**پ: هەوڵێك لە ئارا دایە بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە لە نێوان کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات کێشە و دووبەرەکی هەیە.لەم بارەوە چی دەڵێی؟**

و: دیارە ئەو هەوڵە زیاتر بۆ ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە نفووزو کاریگەری یەکیەتیی لاوان لە نێو لاوانی کوردی رۆژهەڵات دا بۆتە هۆی ئەوەی هێندێك لایەن یا کەسایەتی خۆیان سەرقاڵی شانتاژێکی بێهوودە بکەن. هەر چەند من لە سەر ئەو باوەڕەم کە جیاوازی بیرکردنەوەو سەلیقە و تەنانەت پێکهاتنی هێندێك کۆنتاکتیش بەرهەمی چالاکی و زیندوو بوون و دنیامیزمی ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانە. لە کۆنگرەکانی یەکیەتیی لاوان دا کە هەر دوو ساڵ جارێك دەگیرێ، نوێنەرانی لاوان لە دەرەوە دێنەوە و بەشداری چالاك لە کۆنگرەدا دەکەن. هەرچەند بەهۆی نەبوونی ئەو ئیمکانەی کە تێعدادێکی بەرچاو نوێنەر لە دەرەوە بگەڕێنەوە کوردستان، بە ڕێژەی پێویست لە کۆنگرەدا بەشدار نابن کە هیواداریین لە کۆنگرەکانی داهاتوودا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.

ئێمە لە کوردستان پێوەندی‌یەکی زۆر چڕو پڕمان لە گەڵ کۆمیتەکانی دەرەوە هەیە و بەردەوام ئاگاداری کارو چالاکی‌یەکانی یەکدی هەین و بە دڵنیایی‌یەوە یەکێك لە خاڵە سەرەکی‌یەکانی ئەو یەکگرتوویی‌یە باوەڕ و ئیمانمان بە ڕێبازی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

هیوادارم لە داهاتوودا سەردانی کۆمیتەکانی دەرەوە مومکین بێ، تا بەشێکی زۆر لەو شانتاژانە بۆ ئەو کەسانەی کە سەرکەوتنی یەکیەتیی لاوان ئازاریان دەدا، بڕەوێنەوە.

**پ: سپاس لە ئامادەبوونتان لەم وتووێژەدا، سەرکەوتن و سەرفرازی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش بە ئاوات دەخوازین.**

و: زۆر سوپاس بۆ ئێوەش کە دەرفەتی ئەم وتووێژەتان پێکهێنا، سەرکەوتوو بن.

❊❊❊

# لە قامووسی فیمینیزمدا (٦)

وەرگێرانی: ب.هانا



### فیمنیزمی ئانارشیستی
### Anarshist Feminism

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراوە کە رۆڵی سیستەمی پێوەندییە جینسیو بنەماڵەیی‌یەکان لە دیاریکردنی بندەستیی ژناندا هەر بەقەرا رۆڵی جۆرەکانی کۆنترۆڵی دەوڵەتی لەم بندەستی‌یە دایە. هەر بۆیە گۆڕانی قانوون بەبێ سەربەخۆیی دەروونیی تەواو، خۆی لە خۆیدا ناتوانێ یەکسانی پێك بێنێ. فیمینیزمی ئانارشیستی هەموو کۆتو بەندە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دەباو جڤینە ئۆرگانیكو سەنتەر سڕەوەکان لە جێگایان دادەنێ. یەکەمین فیمینیستە ئانارشیستەکان (وەك ئەما گوڵدمانو وۆلترین دوکلێر) لەم بڕوایەدا بوون کە روانینە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکەنو ئازادیی جینسیو دەروونییان لێ‌بکەوێتەوە (kornegger, 1979).

فیمینیستە ئانارشیستەکان پێیان وایە کە دەوڵەتو پیاوسەرداری کۆسپێکی جمك (دووانە)ن. لەنێوبردنی دەوڵەت، لەنێوبردنی هۆکاری سەرەکیی پیاوسەرداریی ڕێکخراوە؛ تێکەوپێچانی بارگەوبنەی پیاوسەرداری، تێکەوپێچانی دەوڵەتە. ئەم تیۆرییە شۆڕشگێڕانەترە لە فیمینیزمی رادیکاڵ، چونکە پێی‌وایە هەر دەوڵەتێك (دایك سەردار بێ یان نا) لە رەوایەتی هەر بێبەرییە، رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ کە زۆر لە نووسەرانی ئەدەبیاتی زانستی ـ خەیاڵی، فیمینیستی ئانارشیستن (Le Guin, 1969).

فیمینیستە ئانارشیستەکان لەم بڕوایەدان ئەو ئامرازانەی بۆ گۆڕینی کۆمەڵ کەلکیان لێ‌وەردەگیرێ، دەبێ هێندێك توخمی کۆمەڵگەی داهاتوویان تێدا بێ. هەربۆیە کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکانو گرووپەکانی بەرەوژووربردنی ئاگایی ژنان دەتوانن لە باری کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژی‌یەوە، پشکێکی لەوە گرنگتریان هەبێ کە رادە یا هەڵکەوتی ئابووریی ئەوان، دەستنیشانی دەکا. ئەم روانگەیە لەم دروشمەدا خۆی دەرخستوە: "هەر شتێکی کەسی (شخصی)یە، سیاسی‌یە"؛ دروشمێك کە یەکەم جار کرۆڵ هانیش هێنایە گۆڕێ (Hanisch 1971).

فیمینیستە ئانارشیستەکان هێندێك ڕێخۆشکەریو هاسانکاریی وەك تیۆریی ویفاق (یەکگرتوویی)، بەم هۆیەوە کە پاکانە بۆ کەڵکوەرگرتنی سنووردار لە دەسەڵاتی دەوڵەتیو فیمینیزمی لیبراڵی دەکەن رەت دەکەنەوەو، دەڵێن [ئەم هاسانکارییانە ]لە جیاتی بزووتنەوەی ژنان بەرەو رادیکاڵبوون بەرن، دەمبێنی لەسەر دەکەن. (Ehrlich, 1979).

### مۆدێرنیزم Modernism

لە دیسامبری ١٩١٠، ویرجینیا وۆڵف باسی گۆڕانی خووخدەی مرۆیی هێنایە گۆڕێ (Woolf, 1924).

جوانناسیی هونەریو ئەدەبیی نوێ کە لە دایك بوو، مۆدێرنیزم بوو کە تا دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم درێژەی کێشا. مۆدێرنیزم کە لە سۆنگەی ئیمپرسیۆنیزمەوە پەیدا ببوو، پێوەندیی نێوان زمانو راستەقینەی هێنایە ژێر پرسیارو, هێندێك ڕێگای نوێی بۆ نیشاندانەوەی راستی داهێنا. بۆ مودێرنیستە پیاوەکان ـ جیمز جۆیس، د.ه. لارێنس، عەزرا پاوەند، تی.س. ئیلیوتو مۆدێرنیستە ئەفریقایی ئەمریکایی‌یەکان لە سەردەمی "لەدایکبوونەوە" (رێنیسانس)ی هارلێم، ئەزموونی دوورخرانەوە ـ چ دوورخرانەوەی جوغرافیایی، چ دوورخرانەوەی زەینی، ـ پرسێکی گەورە بوو. رەخنەگرانی فیمینیست یا بەڵگە بۆ ئەمە دێننەوە کە مودێرنیزم ڕووداوێکی نوێ نەبوو بەڵکوو چڵەپۆپەی تاکگەریی هاودەمی سەرمایە بوو، یان پێیان وایە کە ژنانی مودێرنیست (بۆ نموونە، جین رایز) لەوانەیە ئازادی‌یەکی کردەوەی لەم چەشنەیان تاقی کردبێتەوە، بەڵام ئەمە خۆی لەخۆیدا بەو مانایە نیە کە ئەوان سەربەخۆیی ئابوورییان هەبووە (Humm,1991). جگە لەمەش، تیۆریی فیمینیستی، بۆچوونەکانی پێوندیدار بە دیاریکردنی قۆناغە مێژوویی‌یەکان دەباتە ژێر پرسیارو، دەڵێ ژنانو پیاوان لە سەردەمە مێژوویی‌یەکاندا، رۆڵی زۆر جیاوازیان ـ بۆ وێنە لە شەڕە جیهانییەکاندا ـ گرتۆتە ئەستۆ( Kelly Gadol,1976).

ساندرا گیلبێرتو سۆزان گوبار لە سەر ئەم بڕوایەن کە مودێرنیزم شایەدی ڕاکردنی بێ‌وێنەی ژنان لە بیاڤی گشتیو، هەر لەوکاتەدا شایەدی ناتەبایی جینسیو ئەو شەڕە ئەدەبیانەش بوو کە وەك "سەرزەوی‌یەك کە پیاو خاونی نیە" وەسفی دەکەن ( Gilbert & Gubar,1988). بەشداریی ژنان لە مودێرنیزمدا زۆر بەکەم گیراوە. رەخنەگرانی فیمینیست نەك هەر دەبێ پێرستێکی نوێ لەناوی گەورە پیاوانی نووسەر ئامادە بکەن بەڵکوو دەبێ [بوونی] کەلێنێکی گەورە کە گوتراوە لە نێوان ئەزموونو ریالیزمی حاشا هەڵنەگردا هەیەو هەوڵی لەپەراوێز خستنی شاعیرانی ژن دەدا، ببەنە ژێر پرسیار (Friedman,1981).

رەخنەگران بەڵگە دێننەوە کە ژنان ماتۆری بزاڤی مودێرنیزمنو لەم بوارەدا ئاماژە بە پشتیوانی‌یە مەعنەویو ماددی‌یەکانی ژنان لە نووسەرانی گەورەی وەك جۆیس دەکەن. [ئەوان] باسی ئامادەکردنی پێرستی ناوی ژنە نووسەرە مودێرنیستەکان بە سنووردارکردنێکی زیاتر لە رادە دەزانن (Scott,1990). بە پێچەوانەی پیاوانی مۆدێرنیست، نووسەرانی ژن ـ بۆ وێنە ویلاکەسێر، ئەدیس وارتۆن، مەی سینکلەیر، مینا لۆیو ڤیرجینا وۆڵف ـ راستەوخۆ باسی جیاوازیی جینسی دەکەنو، لێکۆڵینەوە لەسەر هێندێك پرسی وەك دایکایەتی، بنەماڵەی پیاوسەردارو ئەزموونی ژنانە دەکەن. ئەم نووسەرە ژنانە، ریالیزمی باویان هەڵنەبژارد، داهێنانەکانی گێرترۆد ستاین، ڤیرجینیا وۆڵفو دۆرۆتی ریچارسێن لە بواری شێواز (بۆچوونو پێکهاتەکانی تایبەت بە ژنان)دا بوون. ژنانی شاعیری وەك هیلدا دولیتل"یش فۆرمە "پیاوانە"کانی وەك "سانێت"یان کردە هی خۆیانو، لە پێناوی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی پێوەندیدار بە نەستو جیاوازیی جینسی‌دا، چاویان بەم فۆرمانەدا خشانەدەوە.

سەرچاوە:
کتێبی "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"
نووسینی: مەگی هامو سارا گەمبڵ

❊❊❊

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ‌بکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 430 4 Feb 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdk-iran.org www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com

e- mail: pdkiran@club-internet.fr

e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

## سەخناخ ( Sakhnakh )

چیا ڕژدەکانی زنجیرەی ساراڵ، هەڵکەوتوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سنە، دایکی کۆمەڵەیەك ترۆپکی بەرزو سەرکەشی جۆراوجۆرن کە سەخناخ یەکێکیانە. سەخناخ بە ٢١٣٠ میتر بەرزییەوەو بە ناوبانگی ئەفسانەیی و مێژوویی یەوە، لە چەشنی نقێمێك لە سەر ڕووپەڕی دێی باینچۆی سەر بە ناوچەی حوسێن ئاوا، دەدرەوشێتەوە. بەهارانی بێوێنەو هاوینانی فێنكو سازگار، ناووناوبانگێکی هەمیشەیی یان بەم چیایە داوە. بەرزاییەکانی "باباحاجی"، "کێوی مەلەکە"، "سێبرالە"، کێوی مزدریشان"، "شاهچوب"،و . . .یش شانبەشانی سەخناخ، قورس و قایم و بە قامەتێکی بەهەیبەتەوە، باوەشی خۆیان بۆ ژیانی زەحمەتکێشانی ناوچە گرتۆتەوە.

سەخناخ لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە "باینچۆ"، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەگاتە "کوچکەچەرموو"و لە باکووی ڕۆژئاواوە دەگاتە "قەڵووزە"، لە ڕژئاواوە دەگاتە "چرنوو"و لە باشووریشەوە دەگاتە "بازی ڕباب"و لە باشووری ڕۆژئاواشەوە دەگاتە "مامۆخ".

ئەم بەرزایی یە پڕە لە جوانی و دیمەنی کەموێنەی وەك تاڤگە بەهارییە جوانەکانی لە چەشنی تاڤگەی "تاشخەڵە" کە نموونەیەکە لە جوانی و، ئاوەکەی دەچێتەوە نێو ڕووباری "باریکاو" یا کانیاوە جۆراوجۆرەکانی وەك "کانی تاڵە" کە ناوو ناوبانگیان بڵاوبۆتەوە.

"مامۆخ"، "چرنوو"و "باینچۆ"، لە گرنگترین ڕێبازەکانی سەرکەوتن بۆ سەر ترۆپکی سەخناخن کە دیارە ڕێبازی باینچۆ، خۆشترو، ڕێگای "چرنوو" زۆر سەختترە. سەخناخ ڕووبەرێکی گیایی دەوڵەمەندو جۆراوجۆی هەیە: گوێنی، ڕێواس، کنیواڵ، مەزرە، هەزوێ، کاشمەر، کەنگرو، گوڵانی وەك: لالە (گوڵاڵە)، وەنەوشە، هەڵاڵە بەرمەو، مەلانی وەك: کەوی بازاڕی، سەیرە، بولبول، شەهێن، هەڵۆ، کوندو گیانلەبەرانی وەك کەروێشك، ڕێوی، گورگ، ورچی سپی، بەراز، گۆڕهەڵکەنەو . . . گرنگترین ڕووەك و گیانلەبەرانی ئەم ناوچەیە پێك دێنن. ئەو نەخش و وێنانەی لەسەر تاشەبەردەکان هەڵکەنراون و لایەنی زیارەتگە بوونی کێوی سەخناخ، لەسەر بەناوبانگ بوونی ئەم چیایەو ئاوەدان بوونی بنارو داوێنەکانی، کاریگەرن.



دۆڵی "بلچان" لە دەوروبەری بابە شێخ ئەحمەد، یەکێکی دیکە لە شوێنەکانی ناوچەیە کە خەڵك بە مەبەستی دیتنیان ڕوویان تێدەکەن. سەخناخ، حەشارگەی شاخەوانیی نیەو، ماوەی چوونو هاتنەوە بۆ سەر ترۆپکی سەخناخ، ٣ کاتژمێرە. ئاوەڕۆی سەخناخ و بەشی هەرە زۆری ئاوە وەرزی و هەمیشەیی یەکانی دەچنەوە نێو ئاوبەندی قشلاق. چۆمی "قەساب خان"و کانی یەکانی "سارۆك"، قاسم بالەك"و "قەڵووزە، بە چەند دیمەنێك لەژیانی هەمیشەیی "سەخناخ" دەژمێردرێن.

کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان" (دفتر اول)

ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەبەیگی

## شەقامەکانی تاران دەکرێن بە "ژنانە"و "پیاوانە"



فاتیمەی ئالیا کە ئەندامی مەجلیسی شورای ئیسلامی یە ڕایگەیاند: گەڵاڵەی "پیاوانە"و "ژنانە" کردنی شەقامە ڕێیەکان هەتا دوو حەوتووی دیکە، جێبەجێ دەکرێ. بە گوتەی "ئەم نوێنەرەی ژنان لە مەجلیس دا"! گەڵاڵەکە لە چوارچێوەی پرۆژەی پەرەپێدانی کەلتووری حیجاب و عەفاف دایەو "ئەم گەڵاڵەیە گشتگیرترین و کاملترین پرۆژە لەپێوەندی لەگەڵ حیجاب دایە". بەپێی قسەکانی فاتیمە ئالیا: وەزارەتی مەسکەن و شارسازی بەرعۆدە دەکرێ ڕێوشوێنی پێویست لەبارەی نەخشەکانی ئاپارتومانسازی بگرێتە بەرو جۆرێك لە بیناسازی هەڵبژێرێ کە لەگەڵ کەلتوورو نەریتی ئیسلامی کۆمەڵگەدا بگونجێ. وەزارەتی ڕێگاو بانیش دەبێ سەرنجێکی تایبەتی بداتە هەلومەرجی ڕێگاو بانەکان، ڕێگای ئاسن و کەلوپەلی گواستنەوە تا چی دیکە شایەدی بێحیجابی لەم ڕێگاو شوێنانەدا نەبین. ڕێکخراوی میراتی کەلتووری و توریستییش دەبێ ڕێوشوێنی دروست بۆ هاتنی توریستەکان بۆ نێو وڵات دیاری بکا. وەزارەتی زانستەکان (علوم)یش لەسەریەتی گەڵاڵەی کردەکی مەنتیقی بۆ جلوبەرگی پزیشکان، نەشتەرگەران لە ژووری نەشتەرگەری داو نەخۆشخانەو شوێنی کاری دوکتورەکان دا ئامادەو پێشکێش بکا. ئەم پرۆژەیە هەموو ئۆرگانەکان و وەزارەتخانەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە دەوڵەت دەگرێتەوەو مەجلیس و شوورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگییش، یارمەتیی بەڕێوەبەرانی ئەم پرۆژەیە دەدەن. ایران امروز

## نیکۆل کیدمەن، باڵوێزی نیازپاکی



سندووقی پەرەپێدانی ژنان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا (UNIFEM)، بە هەڵبژاردنی "نیکول کیدمەن" وەك باڵوێزی نیازپاکی، تێکۆشانی خۆی، زیاتر لە پێشوو لە ڕێگای ڕاگەیەنەگشتی یەکانەوە دێنێتەگۆڕێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە کە نایەکسانی و جیاوازیدانان بە دژی ژنان پتر لە پێشوو بە ئاگاداری خەڵك بگا. "نیکول کیدمەن"، ئەکتەری ٣٨ساڵەی ئوستراڵیایی، لە کونفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا کە بەم بۆنەیەوە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە چوو، خۆشحاڵیی خۆی لە هەڵبژێرانی وەك باڵوێزی نیازپاکی دەربڕی و بەڵێنیدا کە پێوەندییەکی نزیك لەگەڵ بنیاتی UNIFEM پێك بێنێ. لە ڕاستیدا ڕۆڵی تازەی خاتوو کیدمەن لە پرۆژەیەك بە UNIFEMدا، دەکرێ وەك هەوڵێك بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژنان و ئامادەکردنی هەلومەرجی یەکسانیی جینسیی لە ئاستی جیهاندا سەیر بکرێ. ئەم تێکۆشانەش لە خەبات بە دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژناندا، چڕدەبێتەوە. بەڕێوەبەری پرۆژەی UNIFEM لە ڕێورەسمی ناساندنی ئەم خاتوونە وەك باڵوێزی نیازپاکیدا، وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بە هاتنی کیدمەن بۆ نێو بنەماڵەی UNIFEM گوتی: مەبەست لە دیاریکردنی باڵوێزی نیازپاکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی کەسانێکە کە حەز بە پێکهاتنی گۆڕانی ئەرێنی لە جیهاندا دەکەن.

باڵوێزی نوێی نیازپاکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٦دا سەفەر بۆ زۆر شوێنی جیهان بۆ وێنە سوودان، کۆنگۆ، لیبریا، ئەفغانستان و کامبوج دەکاو گوێ لە دەردی دڵ و گیروگرفتەکانی ژنان دەگرێ. کیدمەن، ساڵی ڕابردوو لە فیلمێکدا بە ناوی The interpreter (وەرگێڕ) وەك ئەکتەر بەشداریی کرد. زۆربەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە لە بنکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، فیلمیان لێهەڵگیرا. ڕادیو فەردا

## باشترین هەواڵنووسی ساڵی ٢٠٠٥ی ئەڵمان

ڕۆژی هەینی ٢٧ی ژانویە، خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنووسی ساڵی ٢٠٠٥ درا بە خاتوو "ئەلیس شوارتێسێر" کە یەکێکە لە تێکۆشەرە ناسراوەکانی بواری خەبات لە پێناوی مافەکانی ژناندا. لە بارەی هۆی دانی ئەم خەڵاتە بە خاتوو شوارتێزێر، گوترا: لە مێژووی کۆماری فیدراڵی ئەڵماندا، ئەم ژنە ڕۆژنامەنووسە ڕۆڵێکی حاشالێنەکراوی لە سەردەمی تێکۆشانی خۆیدا هەبووە.

خاتوو شوارتێزێر بەڕێوەبەرو بڵاوکەرەوەی گۆڤاری ئەڵمانیی "ئیما"یە کە لە ٣٠ی ژانویەی ئەمساڵدا جێژنی ٣٠ ساڵەی لە دایکبوونی خۆی گرت. ئەم گۆڤارە مانگانەیە لە نێو خەباتگێڕان و داکۆکیکەرانی مافی ژناندا، جێگەیەکی تایبەتی هەیەو بە بڵاوکردنەوەی وتارو ڕاپۆرتی تایبەت بە کێشەکانی ژنانی ئەڵمان و وڵاتانی کۆمەڵەکان، هەوڵ دەدا ئاگایی گشتی لە بارەی گیروگرفتەکاتی ژنان و جیاوازیدانان بە دژی ئەوان، لە هەموو کۆمەڵەکاندا، بەرەو ژووربەرێ. ئازایەتی و ڕوونبێژی لە نووسین و لێکدانەوەو دەربڕینی بۆچوونەکان لە بارەی هەڵبژێرانی ژنێك وەك ڕاوێژکار (صدراعظم)ی ئەڵمان، یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی دانی خەڵات بە خاتوو ئەلیس شوارتێزێرە.

دەستەی بڕیاردەر لە بارەی ئەم خەڵاتە کە لە ٤٥ پسپۆڕو ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون پێك هاتوە



هەروەها ١٠ خەڵاتی دیکەی لە بواری وەرزش و پێشبڕکێ و بەرنامە سەرگەرمکەرەکان، بە ڕۆژنامەنووسانی دیکە دا. ایران امروز

## "بەر لەماڵاوایی"

بەر لەماڵاوایی

## لە ڕوانگەی خوێنەرانەوە

**کۆمەڵێك لە خوێنەرانی ستوونی "بەرلەماڵاوایی" بەبۆنەی گەیشتنی ئەم ستوونە بە ژمارە ١٠٠ی خۆی، هەست و بۆچوونی خۆیان بۆ ناردووم. منیش لێرەدا دەیانخەمە بەرچاوی خوێنەران. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ئۆگران و خوێنەرانی دیکەش بیروڕاو سەرنجی خۆیانم بۆ ڕەوانە بکەن و لە ڕەخنەو پێشنیارو تێبینییەکانی خۆیان ئاگادارم بکەنەوە.**

qaderwirya@yahoo.com ع.وریا

وێڕای ماندوو نەبوونی و دەسخۆشی گوتن بە نووسەری بەڕێزی ستوونی "بەرلەماڵاوایی" هیوای بەردەوامی و تەمەندرێژی بۆ دەخوازم. دیارە بەردەوامبوونی ستوونێکی وەکو ئەوەی کە ئێستا لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ناوی ستوونی "بەرلەماڵاوایی"یە، کارێکی باش و لە هەمان کات دا لە جێ (ی خۆی) دایە. بێگومان ئەو گۆشە جێگیرانە خوێنەری تایبەتی خۆیان هەیە. بەتایبەتیش من پێموایە ستوونێکی جێگیرو بە نیوەڕۆك لە دوالاپەڕەدا دەتوانێ هەمان سەنگی سەروتاری هەبێ لە لاپەڕەی یەکەم دا.

لەلایەکی دیکەوە بە سەرنجدان بە ئارشیڤی ئەم ستوونە، گرینگی و بایەخەکەی باشتر دەردەکەوێ و لە هەمان کات دا توانراوە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ کات و ساتی دەرچوونی هەر ژمارەیەکی "کوردستان"دا بگونجێندرێ. وێڕای هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ ع.وریا، چاوەڕوانی بەردەوامی و بەرهەمی زیاترین لە ستوونی "بەرلەماڵاوایی"دا.

**مەریوان نستانی ـ سوئێد ـ ٢٠٠٦/١/٢٧**

... بەڵام [لەبارەی]"بەرلەماڵاوایی" دەڵێم ماڵئاوا ع.وریا! بەراستی تۆ سووچێکی زێڕینت لە دوالاپەڕەدا کردۆتەوە کە زۆرجار هەست و سۆزی خوێنەر دەوروژێنێ و لە قووڵایی مێژوو و بیرەوەرییەکان و تێڕوانینەکان دا نوقمی ئەندیشە دەبێت.

"بەرلەماڵاوایی" گێڕانەوەو دووبارەکردنەوە نیە، بەڵکوو ئاسۆیەکی نوێ بە شێوازێکی نوێ گێڕانەوەو وەبیرهێنانەوەیە. نووسەری "بەرلەماڵاوایی" بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی کۆن و نوێ بە زمانێکی پاراو و مۆدێرن پەلکە زێڕینەی وشەو پەیڤی کوردی لە ئاسمانی کوردستان دا دەدرەوشێنێتەوە. هەربۆیە جارێکیتر دەڵێم ماڵئاوا ع.وریا، تکایە بەجێمان مەهێڵە.

**ڕەفعەت مورادی، سلێمانی، ٢٠٠٦/١/٢٢**

لەمەڕ گۆشەی دوالاپەڕەشەوە (بەرلەماڵاوایی)، دەکرێ پەنجەی ڕێزو دەستخۆشیی بۆ ڕابکێشرێ، هومێدی گەشەو بەرەوپێشچوونی زیاتری بۆ لەبەرچاو بگیرێ. چونکە لە کاری ڕۆژنامەگەریدا "گۆشە" یان "ستوون" بە دڵی زیندووی ڕۆژنامە دادەنرێ... دەبێ هەمیشە وەك چەك لەسەر پێ بێ... ئەنگاوتە [ئەنگێوە] بێ، بێپەردە بێ...، بزمار بێ، دەنگی ڕووداوی ئەستەم و مەزن و ڕاگری کارەساتە دڵتەزێنەکان بێ... سازو تارو نەیی عیشق و جوانی و سۆزو ئەندیشە دەربڕێ ژیان بێ بە هەموو مانایەکی هاوچەرخی....

**سوارە قەڵادزێیی ـ سلێمانی**

"بەرلەماڵاوایی" نەقدی کەمتر تێدا بەرچاودەکەوێ، ڕەخنەئامێز نیە. بەڵام وتارە سیاسییەکانی پڕنێوەرۆکن، دەسخۆشیان دەوێ.

**سیروان عەلی، ٢٠٠٦/١/٢٦**

لەبیرمە بۆ یەکەمجار کە ستوونی "بەرلەماڵاوایی"م خوێندەوە، هەستم کرد کە ڕۆژنامەی "کوردستان" گەرەکییەتی ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە خۆیدا پێك بێنێ و هەنگاوەکانی بۆ بوون بە ڕۆژنامەیەکی سەردەمییانە، بە بڕشت تر بکا. هەستم کرد ڕۆژنامەکە دەیهەوێ خۆی بۆ خوێنەرانی کراوەتر بکاو پتر لێیان نزیك بێتەوە. ڕەنگە ستوونی "بەرلەماڵاوایی" یەکێك لەو بەشانەی ڕۆژنامەی "کوردستان" بێ کە خوێندنەوەی بۆ من وەك ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەچوارچێوەی ئەرك تێپەڕ ببێ و زۆربەی جارەکان بە ئیشتیاو تامەزرۆیی یەوە بیخوێنمەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم هەستەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرجار ستوونەکە لەلایەك دەبێتە پردی پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و سیاسەت کە بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی جەنابت هەردوولا هاوکات، تام و چێژێکی تایبەتی بە خوێنەر دەدەن و زۆرجاریش دەبێتە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ئێستاو ڕابردوو کە بە بڕوای من لێرەدا "بەرلەماڵاوایی" هەوڵێکە بۆ لێك نزیك کردنەوەی نەسڵەکان و ناساندنی ڕابردوو بە نەسڵی ئێستا.

بە بۆنەی کوژانەوەی سەدەمین مۆمی تەمەنی ستوونی "بەرلەماڵاوایی" پیرۆزبایی لە خۆت و لە سەرجەم کاربەدەستان و تێکۆشەرانی "ڕۆژنامەی کوردستان"و هەموو خوێنەرانی دەکەم و تەمەنێکی لەبڕان نەهاتوو بۆ کوردستان و بۆ هەمووتان بە ئاوات دەخوازم.

**ئاگری، فینلاند، ٢٠٠٦/١/٢٩**

بێگومان ئەم ستوونە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، جێگای خۆی کردۆتەوە. خوێنەری بەردەوامی ئەم ستوونەم و زۆر چێژی لێ دەبەم. چونکە پڕە لە هەستی جوان و بە کوردییەکەی ڕەوان و خۆش دەنووسرێ. ئەمەش بەو مانایە نیە کە هەموو بابەتەکانیم بە دڵە. پێشنیاریش دەکەم ئەو ستوونە چووك بکرێتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لێی ماندوو نەبێ. پێشنیارێکی دیکەشم ئەوەیە گرنگی بە مەسەلەکانی ژنانیش بدا بۆ خزمەتی ئەم کۆمەڵگەیە کە نیوەی لە ژنان پێك هاتوە. کێشەی ژنان یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکانی کۆمەڵگە، بە کەم گرتنی ئەو مەسەلەیە لەلایەن نووسەرانی پیاوەوە، عەیبێکی گەورەیە. [ڕاستە] ئەم مەسەلەیە ناوی ژنانی لەسەر دانراوە، ئەگینا کێشەی هەموو مرۆڤایەتی یە.

هیوادارم ئەو ستوونە هەر بمێنێ و پەیامی پیرۆزی خۆی بە هەموو چین و توێژەکان بگەیەنێت.

**ئیلهام، سنە، ١٣٨٤/١١/١٣**

## مرواریی دەریای وشە

### وتەی میللەتان

**خەڵك ڕەگی حکوومەتن. سلامەتی و بە توانا بوونی ڕەگ، دەبێتە هۆی سەربەرزیی حکوومەت. (چینی)**

**مرۆڤەکان، خۆیان زۆر دەگۆڕن، بەڵام بە باری خۆ باشتر کردندا، زۆر بە کەمی. (ئاڵمانی)**

**ئەگەر دەستخۆشیی خەڵك و خۆشەویستیی خوات دەوێ، یارمەتی ئاوەزمەندان بکە. (میسری کۆن)**

**ئەگەر ئێرە نا، ئەدی کوێ؟ ئەگەر ئێستا نا،ئەدی کەنگێ؟ئەگەر ئێمە نا، ئەدی کێ؟ (جوولەکە)**

**هیچ شتێك لە حاڵی ئەو کەسەی هەموو شتێکی دەوێ بەڵام هیچ کارێکی لە دەست نایە، خراپتر نیە. (ئیسپانیایی)**

## چیرۆکی ئەمجارە

## کاتژمێرێکی تایبەتی

پیاوێك، درەنگانێك ماندوو و هیلاك، لە کارێ ڕا دەگەڕایەوە ماڵێ. لەبەر دەرگا چاوی بە کوڕە پێنج ساڵەکەی کەوت کە چاوەڕێی بوو.

ـ بابە، پرسیارێکت لێ بکەم؟

ـ بەڵێ کوڕم. پرسیارەکەت چی یە؟

ـ بابە، تۆ بۆ هەر سەعاتێك کار، چەند پووڵ وەردەگری؟

پیاوەکە بە تووڕەیی یەوە وەڵامی دایەوە: "ئەمە پێوەندیی بە تۆوە نیە، بۆچی پرسیاری وا دەکەی؟"

ـ هەر دەمەوێ بزانم. پێم بڵێ بۆ هەر سەعاتێك کار، چەندت پوول دەدەنێ؟

ـ ئێستا کە هەر دەتەوێ بزانی ٢٠ دۆلار.

کوڕە چکۆڵەکە لەو کاتەدا سەری بەردابۆوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا. پاشان ڕوانیە پیاوەکەو گوتی: "تکایە ئەگەر دەکرێ ١٠ دۆلارم بە قەرز بدەیە؟" پیاوەکە پتر تووڕە بوو و گوتی: "ئەگەر مەبەستت لەو پرسیارە، تەنیا ئەوە بوو کە پارەم بۆ کڕینی لەیستۆکێکی بێکەلك لێ وەربگری، خێرا بچۆ ژوورەکەت و بیر لەوە بکەوە بزانە بۆ ئەوەندە خۆپەرستی. من، ڕۆژێ ئەو هەمووە ماندوو دەبم، کاتی ئەوەم نیە بۆ ئەم ڕەفتارە منداڵانەیەی تۆی تەرخان کەم." کوڕە چکۆڵەکە بە هێمنی چووە ژوورەکەی و دەرگای پێوەدا.

پیاوەکە دانیشت و پتر تووڕە بوو: "چۆن دەبێ ڕێگا بەخۆی بدا پرسیاری ئەوتۆم لێ بکا؟" پاش نیو سەعات، پیاوەکە ئەهوەن بۆوەو بیری کردەوە کە لەوانەیە زۆر توندوتیژ لەگەڵ کوڕە چکۆڵەکەی جووڵابێتەوە. ڕەنگە مەبەستی کڕینی شتێکی هەبێ و پێویستی بە ١٠ دۆلار بێ. چونکە زۆر کەم ڕێ دەکەوت کوڕەکەی داوای دراو لە بابی بکا. پیاوەکە بەرەو ژووری کوڕەکەی ڕۆیی و دەرگای کردەوە.

ـ نەخەوتووی کوڕم؟

ـ نا بابە، بەخەبەرم.

ـ پێم وابوو، توند لەگەڵت جووڵاومەوە، ئەمڕۆ کارەکەم سەخت و زۆر بووو، هەموو نارەحەتی یەکەم بە تۆ دەربڕی. وەرە، ئەمە ئەو ١٠ دۆلارەی داوات کردبوو. کوڕە چکۆڵەکە دانیشت، پێکەنی و لەخۆشیان بە دەنگی بەرز گوتی: "سوپاست دەکەم بابە!" پاشان دەستی درێژ کردو لەژێر سەرینەکەی چەند ئەسکناسی تێکەوەپێچراوی دەرهێنا.

پیاوەکە وەختایەك دیتی کوڕە چکۆڵەکەی، بۆخۆشی پووڵی هەبووە، دیسان تووڕە بۆوەو ملی لە پرتەو بۆڵە نایەوە: "ئەدی ئەگەر بۆخۆت پووڵت هەبوو، بۆچی داوای پووڵت لێ کردم؟" کوڕە چکۆڵەکە وەڵامی دایەوە: چونکە پووڵەکەم بەشی نەدەکرد. بەڵام ئێستا تەواوە. ئێستا من ٢٠ دۆلارم هەیە. دەتوانم سەعاتێك لە کارەکەی تۆ بکڕم بۆ ئەوەی سبەینێ زووتر بێیەوە ماڵێ؟ پێم خۆشە نانی شەوێ، پێکەوە بخۆین..."

سەرچاوە: کتێبی "هفده داستان کوتاه کوتاه"،

وەرگێڕان بۆ فارسی: سارا تەهرانیان، ب. هیوا کردوویە بە کوردی